
حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

## قۆناغی بنەڕەتی
## پۆلی حەوتەم



حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان



# بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

## قۆناغی بنەڕەتی

## پۆلی حەوتەم





٧

چاپی شانزەهەم ٢٠٢٢ زاینی ٢٧٢٢ کوردی ١٤٤٣ کۆچی

**ئامادەکردنی**

لیژنەیەکی هاوبەش لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە

**پێداچوونەوەی زانستی و بژارکردنی**

**بەشی مێژوو**

عمر علی شریف - عبید خضر فتح الله - ئاکۆ صابر عثمان

**بەشی جوگرافیا**

کاوە جواد عمر - محمد عبدالله اسماعیل

**سەرپەرشتی زانستی چاپ**

شەوبۆ عبدالکریم حمدامین - کاوە جواد عمر

**پێداچونەوەی نەخشەکان**

سردار محمد عبدالرحمن

**پێداچونەوەی زمانەوانی**

چیمەن کریم حمەامین

**ئامادەکردنی چالاکییەکان**

جمال عمر عبدالله - بۆتان کریم عبدالله

**نەخشەسازی ناوەڕۆک و سەرپەرشتی هونەری چاپ**

خالد سلیم محمود

**نەخشەسازی بەرگ**

ڕەوەند سعید صابر

# پێشەكی

مامۆستای بەڕێز/ كتێبی بابەتە كۆمەڵایەتییەكان دوو بەشی سەرەكی لەخۆ دەگرێت، ئەویش بەشی مێژوو و بەشی جوگرافیایە، ئەمساڵ پێداچوونەوەی زانستی و بژاركردن و شێوازی دیزاین و دارشتنەوەی گۆڕانكاری تێدا كراوە، هەر بەشەش بەسەر چەند بەند و وانەیەك دابەشكراوە بەپێی پێوەرەكانی زانستی نوێی فێربوون، بەگوێرەی وانەكان چالاكی ناوپۆل و هەڵسەنگاندن و زانیاری و چالاكی ماڵەوەی بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی قوتابی ئەو بابەتەی دەیخوێنێت فێری بێت و پرسیاری لەلا دروست ببێت، بتوانێت بابەتەكە هەڵبسەنگێنێت.

بەشێك لە پرسیارەكان پێویستی بە گەڕان و بەدواداچوون هەیە لە سەرچاوەی دیكەی زانیارییەكان، بۆیە پێویستە مامۆستای بەڕێز ڕەچاوی ئەو چالاكیانە بكات كە بۆ ئەم كتێبە دانراون، بەشێوەیەك قوتابی تەوەری سەرەكی فێركردن بێت، مامۆستاش ئاراستەكار و ڕێنیشاندەر بێت.

ئێوەی بەڕێزیش لە ڕێگای سەرنج و تێبینی و پێشنیازەكانتان دەتوانن بۆ چاپی داهاتوو كتێبەكە زیاتر دەوڵەمەند بكەن.

لیژنەی پێداچوونەوە

## پێرست (بەشی مێژوو)


| بەندەکان | وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| یەکەم/ سەرەتایەك بۆ مێژووی کۆن | یەکەم | مێژوو | ١٢ |
| | دووەم | چاخی بەردینی کۆن | ١٥ |
| | سێیەم | چاخی بەردینی ناوەڕاست | ١٩ |
| | چوارەم | چاخی بەردینی نوێ | ٢١ |
| | پێنجەم | چاخە مێژووییەکان | ٢٣ |
| دووەم/ میللەتە دێرینەکانی عێراق | یەکەم | سۆمەرییەکان(٤٥٠٠ _ ١٩٠٠) پ .ز. | ٣١ |
| | دووەم | ئەکەدییەکان (٢٣١٧_ ٢٢٣١) پ.ز | ٣٥ |
| | سێیەم | ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەم (٢١١١_ ٢٠٠٣) پ.ز | ٣٨ |
| | چوارەم | سەردەمی بابلی کۆن و هاتنی ئامورییەکان (١٨٩٤_ ١٥٩٥) پ.ز | ٤٠ |
| | پێنجەم | ئاشورییەکان (٣٠٠٠ _ ٦١٢) پ.ز | ٤٢ |
| | شەشەم | سەردەمی بابلی نوێ (کلدانییەکان) ٦٢٦ _ ٥٣٩ پ.ز | ٤٥ |
| سێیەم/ میللەتە دێرینەکانی کوردستان | یەکەم | ١_ لۆلۆییەکان | ٥٠ |
| | دووەم | ٢_ گۆتییەکان | ٥٢ |
| | سێیەم | ٣_ میتانییەکان | ٥٤ |
| | چوارەم | ٤_ کاشییەکان | ٥٦ |
| | پێنجەم | ٥_ میدییەکان (مادەکان) | ٥٨ |
| چوارەم/ شوێنەوار و ئاینە دێرینەکانی کوردستان | یەکەم | شوێنەوارە دێرینەکان | ٦٢ |
| | دووەم | پاشماوەکانی دەوڵەتی ئۆرارتۆ | ٦٥ |
| | سێیەم | ئاینی دانیشتوانی کوردستان پێش هاتنی ئیسلام | ٦٦ |
| پێنجەم/ کوردستان لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی میدیا | یەکەم | کوردستان لە سەردەمی ئەخمینی (هەخامەنشی ٥٥٠_ ٣٣١) پ.ز | ٧١ |
| | دووەم | کوردستان لە سەردەمی هێلینی (یۆنانی) ٣٣١_ ٢٥٠ | ٧٤ |
| | سێیەم | پ.ز کوردستان لە سەردەمی ئەشکانی (فورثی) و ڕۆمانییەکان ٢٥٠ پ. ز _ ٢٢٤ ز | ٧٦ |
| | چوارەم | کوردستان لە سەردەمی ساسانی (٢٢٦_ ٦٣٧) ز | ٧٩ |
| بەندی شەشەم/ مێژووی کۆنی دۆڵی نیل | یەکەم | مێژووی کۆنی دۆڵی نیل | ٨٥ |
| | دووەم | یەکەم/ سەردەمی کۆن | ٨٦ |
| | سێیەم | توت عەنخ ئامون | ٨٨ |
| | چوارەم | پاشا (خەفرەع) | ٨٩ |
| | پێنجەم | چاخەکانی ناوەڕاست (هەکسۆسەکان) | ٩١ |
| | شەشەم | سەردەمی شانشینی نوێ | ٩٣ |

پێرست (بەشی جوگرافیا)


| بەندەکان | وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| یەکەم/ دەروازەیەك بۆ زانستی جوگرافیا | یەکەم | پێناسەی جوگرافیا (لقەکانی جوگرافیا) | ١٠٠ |
| | دووەم | نەخشە | ١٠١ |
| | سێیەم | جۆرەکانی نەخشە | ١٠٤ |
| | چوارەم | نواندنی هەندێك دیاردەی جوگرافی لەسەر نەخشە | ١١١ |
| دووەم/ زەوی وپەیوەندی بەکۆمەڵەی خۆرەوە | یەکەم | زەوی وپەیوەندی بەکۆمەڵەی خۆرەوە | ١١٦ |
| | دووەم | شێوەی زەوی | ١١٩ |
| | سێیەم | جووڵەی زەوی | ١٢١ |
| | چوارەم | بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی | ١٢٤ |
| | پێنجەم | هێڵەکانی درێژی | ١٢٦ |
| سێیەم/ سروشتی پێکهاتەی توێکڵی زەوی | یەکەم | سروشتی پێکهاتەی توێکڵی زەوی | ١٣٠ |
| | دووەم | دابەش بوونی وشکانی وئاو | ١٣١ |
| | سێیەم | بەرگی ڕەقی | ١٣٣ |
| | چوارەم | بەرگی ئاوی | ١٣٩ |
| | پێنجەم | بەرگی گازی | ١٤١ |
| | شەشەم | ئاووهەوا و ڕەگەزەکانی | ١٤٣ |
| | حەوتەم | پلەی گەرمی | ١٤٤ |
| | هەشتەم | پەستانی هەوا | ١٤٩ |
| | نۆیەم | با | ١٥٢ |
| | دەیەم | شێ و دابارین | ١٥٧ |
| چوارەم/ دانیشتوان | یەکەم | سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان | ١٦٤ |
| | دووەم | گەشەسەندن و زۆربونی دانیشتوان | ١٦٦ |
| | سێیەم | چڕی دانیشتوان | ١٦٨ |
| | چوارەم | دابەش بوونی دانیشتوان | ١٦٩ |
| | پێنجەم | چالاکی ئابوری دانیشتوان | ١٧٣ |

**پلانی ساڵانە**

بە گوێرەی هەردوو وەرزەکە، وەرزی یەکەم بابەتی (مێژوو) و وەرزی دووەم بابەتی (جوگرافیا) دەخوێندرێت، بەند و وانەکان بەپێی ساڵنامەی خوێندن، دابەشی سەر مانگەکانی ساڵی خوێندن دەکرێت و هەر مانگێك بەپێی خشتەی بەشەوانەی هەفتانە دابەشی سەر هەفتەکان دەکرێت.

**پلانی ڕۆژانە**

هەنگاوەکانی نمونەی پلانێکی ڕۆژانە

قۆناغ:

ڕێکەوت:

ناونیشان:

دەستپێك:

ئامانجی تایبەت:

هۆیەکانی فێرکردن:

خستنەڕووی ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە:

هەڵسەنگاندن:

پوختەی وانە:

چالاکی ماڵەوە:

................................................................................................

**نموونەی پلانی ڕۆژانەی بابەتی مێژوو**

قۆناغ: **بنەڕەتی** پۆل: حەوتەم

بابەت: **مێژوو** ڕێکەوت:

وانەی:

ناونیشان: چاخە مێژووییەکان ٣٢٠٠ پ.ز ( نوسینی بزماری و هێرۆگلیفی)

دەستپێك: مامۆستا ئازادە لە بەکارهێنانی هەر شێوازێك بۆ ئامادەکردنی قوتابیان پێش ئەوەی بچیتە ناو بابەتی وانەکە.

١- ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو ٢- بەستنەوەی بابەتی پێشوو بە بابەتی نوێ ٣- خستنەڕووی بابەتی وانەکە.

**ئامانجی تایبەت:**

١- نوسینی بزماری و هێرۆگلێفی بناسێت.

٢- جیاوازی و لێکچوونەکانی دەستنیشان و پۆلین بکات.

هۆیەکانی فێرکردن:
- پێنووسی ڕەنگاو ڕەنگ (ماجیك).
- تەختەی سپی (وایت بۆرد).
- دروستکردنی خشتە بۆ لێکچوون و جیاوازیکردن.
- بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی دیکە لە کرداری فێرکردن پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت.

خستنەڕووی ڕێگا و شێواز و چالاکییەکانی وانەوتنەوە: (٢٥ خولەك)
مامۆستا داوا لە قوتابییەك دەکات ناونیشانی بابەتی وانەکە لەسەر (وایت بۆرد) بنوسێتەوە، دواتر خشتەیەك دروست دەکات بۆ نوسینی جیاوازییەکان و لێکچوونەکان و داوا لە قوتابیان دەکات ئەم چالاکییە بە گروپ ئەنجام بدەن، بەمشێوەیە:
جیاوازی و لێکچوونەکان لە نێوان نووسینی بزماری و هێرۆگلیفی بەپێی ئەو خشتەی کە لە چالاکی ناو کتێب دانراوە (لێرە دابنرێت). (٥ خولەك)
هەڵسەنگاندن: (٥ خولەك)
١- نوسینی بزماری لە چ وڵاتێك بەکار دەهات؟
٢- جیاوازی نوسینی هێرۆگلیفی لەگەڵ بزماری چییە؟
٣- گرنگی نوسین چییە؟

پوختەی وانە: (٥ خولەك)
نوسینی بزماری لە وڵاتی دووڕووبار دۆزرایەوە و شێوەی نوسینی پیتەکانی مێخەکی بوو و نووسینی هێرۆگلیفی لە دۆڵی نیل دۆزرایەوە و شێوەی نووسینی وێنە و نیگار بوو.
ئەرکی ماڵەوە:
لە کتێب ئاماژەی پێکراوە، بۆ وانەی داهاتوو گفتوگۆ و شیکردنەوە بۆ ئەرکی ماڵەوە بکرێت.
هەنگاوەکانی نمونەی پلانێکی ڕۆژانە

## نموونەی پلانی ڕۆژانەی بابەتی جوگرافیا

قۆناغ: **بنەڕەتی** پۆل: حەوتەم

بابەت: **جوگرافیا** ڕێكەوت:

وانەی:

ناونیشان: پلەی گەرمی

دەستپێك: مامۆستا ئازادە لە بەكارهێنانی هەر شێوازێك بۆ ئامادەكردنی قوتابیان پێش ئەوەی بچێتە ناو بابەتی وانەكە.

١- ڕەخساندنی كەشێكی گونجاو ٢- بەستنەوەی بابەتی پێشوو بە بابەتی نوێ ٣- خستنەڕووی بابەتی وانەكە.

ئامانجی تایبەت:

١- بزانێت تیشكی خۆر كاریگەری لەسەر بەرزی و نزمی پلەی گەرمی هەیە.

٢- شیكردنەوە بۆ پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و پاڵەپەستۆی هەوا بكات .

هۆیەكانی فێركردن:

– پێنووسی ڕەنگاو ڕەنگ (ماجیك).

– تەختەی سپی (وایت بۆرد).

– دروستكردنی خشتە بۆ لێكچوون و جیاوازیكردن.

– بەكارهێنانی كاغەزی **A4**

– بەكارهێنانی هەر ئامرازێكی دیكە لە كرداری فێركردن پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت.

خستنەڕووی ڕێگا و شێواز و چالاكییەكانی وانەوتنەوە: (٢٥ خولەك)

مامۆستا داوا لە قوتابییەك دەكات ناونیشانی بابەتی وانەكە لەسەر (وایت بۆرد) بنووسێتەوە، دواتر باس لە گرنكی ئاو وهەوا دەكرێت و هۆكاری بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی پلەی گەرمی دەكات، چ پەیوەندی بە تیشكی خۆر هەیە، مامۆستا بە شێوەی ڕۆڵبینین چەند قوتابییەك دەستنیشان دەكات، یەكێكیان ڕۆڵی تیشكی خۆر ببینێ و ئەوی دیكە ڕۆڵی ئەمانەی دیكە ببینێن:

١- پلەی گەرمی بەرز ٢- پلەی گەرمی نزم ٣- پاڵەپەستۆ ٤- با


ڕوونكردنەوەی پێویست بەمشێوەیە دەخاتەڕوو :

١- كاتێك پلەی گەرمی نزم دەبێت پاڵەپەستۆی هەوا بەرز دەبێتەوە.

٢- كاتێك پلەی گەرمی بەرز دەبێت پاڵەپەستۆی هەوا نزم دەبێتەوە.

٣- با لە ناوچەی پاڵەپەستۆی بەرز هەڵدەكاتە ناوچەی پاڵەپەستۆی نزم.

وێنەیەکی شیکاری




هەڵسەنگاندن: (٥ خولەك)

١- لەبەرچی کاتێک پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە پاڵەپەستۆی هەوا نزم دەبێتەوە؟

٢- بۆچی با لە ناوچەی پاڵەپەستۆی بەرز هەڵدەکاتە سەر ناوچەی پاڵەپەستۆی نزم؟

٣- پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و پاڵەپەستۆی هەوا چییە؟

پوختەی وانە: (٥ خولەك)

- کاتێك پلەی گەرمی نزم دەبێت پاڵەپەستۆی هەوا بەرز دەبێتەوە.
- کاتێك پلەی گەرمی بەرز دەبێت پاڵەپەستۆی هەوا نزم دەبێتەوە.
- با لە ناوچەی پاڵەپەستۆی بەرز هەڵدەکاتە ناوچەی پاڵەپەستۆی نزم.

ئەرکی ماڵەوە:

لە کتێب ئاماژەی پێکراوە، بۆ وانەی داهاتوو گفتوگۆ و شیکردنەوە بۆ ئەرکی ماڵەوە بکرێت.

# وەرزی یەکەم

# بەشی مێژوو

# بەنـدی یەکـەم

## سەرەتایەك بۆ مێژووی کۆن

### ئامانجی فێربوون

١. قوتابی شارەزایی لە مێژووی کۆن پەیدا بکات.

٢. گرنگی چاخەکانی مێژوو بزانێت.

٣. تێبگات مێژووی کۆن بەشێکی گرنگی ڕابردووی مرۆڤایەتییە.

٤. یەکەم مۆڵگەی مرۆڤایەتی بناسێت.

٥. ئاشنای ژیانی مرۆڤی کۆن بێت.

## وانەی یەکەم / سەرەتایەك بۆ مێژووی کۆن

### مێژوو


بریتییە لە تۆماری ڕابردووی ئادەمیزاد و گشت ئاڵوگۆڕەکانی نێوان سروشت و کۆمەڵگە بەمەبەستی تێگەیشتنی ئەمڕۆ و دیاریکردنی ڕێبازی گشتی دواڕۆژ.

پێش داهێنانی نوسین لە وڵاتی دوو ڕووبار(میزۆپۆتامیا) و وڵاتی نیل(میسر) ، لەهەزارەی سێیەمی پێش زایین، سەرچاوەکانی مێژووی کۆن تەنیا بریتی بوون لە پاشماوە بەجێماوەکانی مرۆڤ، وەك ئامێرە بەردینەکان و نەخش و نیگاری ناو دیواری ئەشکەوت و پاشماوەی ئێسك و پروسکی مرۆڤ و زانیارییە جیۆلۆجییەکان کە پەیوەستە بە گۆڕانکارییەکانی ژینگە و کەش و هەواوە.

پاش داهێنانی نوسین لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین، نوسراوەکان لە سەر (تاتە قوڕ و بەرد و گەڵای بەردی و چەرم) دەنووسران، ئەمانەش دواتر بە سەرچاوەکانی مێژووی کۆن هەژمار کران.

**هیرۆدوتس:** مێژوونوسێکی یۆنانییە لە سەدەی پێنجەمی پ.ز لە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیای بچوك لە ناوچەی (بۆدرۆمی) ئێستای تورکیا لە دایك بووە، بە باوکی مێژوو دادەنرێت، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی ڕووداوەکانی نوسیوەتەوە و تۆماری کردووە، خاوەن کتێبێکە بەناوی (مێژوو) و نازناوی (باوکی مێژوو)ی پێدراوە.

**مێژوونووس:**
ئەو کەسەیە کە لێکۆڵینەوە و نووسین دەربارەی ڕابردوو دەنووسێت، گرنگی بە شێوازی زانستیانە و بەردەوام و توێژینەوە دەربارەی ڕابردووی پەیوەست بە مرۆڤایەتی دەدات، هەروەها لێکۆڵینەوە لە بارەی مێژووی هەموو چاخەکان دەکات.



مێژوونوسی یۆنانی هێرۆدوتس

## زانیاری پێویست

چاخە کۆنەکان

**چاخەکانی پێش مێژوو:** بەو سەردەمانە دەوترێت کە هێشتا مرۆڤ نوسینی نەدۆزیبۆوە و مێژووی تۆمار نەکردبوو، واتە بە چاخەکانی پێش داهێنانی نوسین دەوترێت (چاخەکانی پێش مێژوو). ئەم قۆناغە زۆر کۆنە و سەرەتاکانی نەزانراوە، بەڵام هەموو چاخە بەردینەکان دەگرێتەوە.

**چاخە بەردینـەکان:** بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە، چونکە مرۆڤ لەم چاخانەدا

کەلوپەلەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لە بەرد دروست دەکرد، بۆ نمونە: دروستکردنی ئامێر و کەلوپەلی (قاپ و قازان)ی ڕۆژانەی خۆی، پێش داهێنانی گڵێنە و کانزا.

**سەرچاوەکانی مێژووی کۆن**

١_پاشماوەی شوێنەوارە دێرینەکان.

٢_ نەخش و نیگار.

٣_نوسراوە مێژووییەکان.

**زانایانی شوێنەوار، چاخە بەردینەکانیان بۆ سێ قۆناغی سەرەکی دابەش کردووە:**

**١- چاخی بەردینی کۆن**

**٢- چاخی بەردینی ناوەڕاست**

**٣- چاخی بەردینی نوێ**

**گەڵای بەردی**

گیایەکـە لەزۆنگاوەکانـی میسـر، بەکـوردی پێـی دەوترێـت قەڕەم، میسـرییە کۆنـەکان لەسـەر گەڵاکانـی نووسـیویانە.

## چالاکی :

مامۆستای بەڕێز دوو گروپ لە قوتابیان دروست بکە و گروپێك سەرچاوەکانی مێژووی

کۆن پێش داهێنانی نوسین دەستنیشان بکەن و گروپی دووەم سەرچاوەکانی پاش داهێنانی نوسین دەستنیشان بکە لەسەر چەند لاپەڕەیەك بنوسن و داوایان لێبکە تێکەڵ بن دواتر قوتابییان بەشداری پێبکە، بۆ ئەوەی سەرچاوەکان جیابکەنەوە کە کامیان پێش داهێنانی نوسین و پاش داهێنانی نوسینە.

## هەڵسەنگاندن:

١_ لە چاخەکانی پێش مێژوو سەرچاوەی نوسراوی مێژوو هەبوو؟

٢_ مێژوو چییە؟ سەرچاوەکانی مێژووی کۆن چین؟

٣_ چاخە بەردینەکان دابەش دەکرێت بۆ سێ قۆناغ: ١........ ٢. ........... ٣.................. .

٤_ پێناسەی ئەمانە بکە: چاخەکانی پێش مێژوو، چاخە بەردینـەکان، گەڵای بەردی

٥_ مرۆڤی کۆن پێداویستییەکانی ژیانیان چۆن دەستەبەرکراوە؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ئازیز مێژوونوس کێیە؟ تایبەتمەندییەکانی چین؟ بەچەند خاڵێك لەسەر ئەم بابەتە بنوسن، دواتر بەیارمەتی مامۆستا لەناو پۆلدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

وانەی دووەم/

## یەکەم : چاخی بەردینی کۆن

ئەو چاخەیە کە مرۆڤ لە شاخ و ئەشکەوتەکان ژیاوە، بۆ درێژەدان بە ژیانی پشتی بە کۆکردنەوەی خۆراك بەستوە و مرۆڤ لەم چاخەدا جێگیر نەبووە و بەڵکو بەردەوام لە گەڕاندا بووە ، ئەم چاخە لەهەموو چاخە بەردینەکان درێژخایەنترە و لە پەیدابوونی مرۆڤەوە تا هەزارەی دەیەمی پ.ز درێژەی کێشاوە، هەر لەم چاخەدا چوار چاخ بەستەڵەکەکان ڕوویانداوە، لەم چاخەدا مرۆڤ سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانی لەبەرد دروست کردووە، ئەمە جگە لەبەکارهێنانی دار و ئێسکی ئاژەڵ. هەروەها لەم چاخەدا هەرسێ جۆرە مرۆڤ ژیاون (جاوە و نیاندرتال و کرۆمانیۆن)، لە کوردستاندا پاشماوەی ئەم چاخە لە ئەشکەوتی (شانەدەر) لە پارێزگای هەولێر، و ئەشکەوتی (هەزارمێرد) لە پارێزگای سلێمانی دۆزراوەتەوە.

مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن لە ئەشکەوت و پەنا بەردینەکان دەژیا، ئاگری دۆزیوەتەوە و بەکاری هێناوە.

**زانیاری پێویست**

**گرنگترین خاسیەتەکانی ئەم سەردەمە:**

١- سەرجەم پێداویستییەکانیان لە بەرد دروست کردووە وەك: چەقۆ، تیر، ....هتد


٢- کۆڵەگەی سەرەکی ژیانیان بریتی بووە لە ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی و کۆکردنەوەی خۆراك.

٣- شوێنێکی تایبەت و دیاریکراویان نەبووە بۆ نیشتەجێبوون.

٤- لە هەزارەی دەیەمی پێش زانین کۆتایی بەم قۆناغە هاتووە.



مرۆڤی نیاندرتاڵ




مرۆڤی جاوە



مرۆڤی کرۆمانیۆن

**نیاندرتال:** زاراوەیەکی لاتینییە بەمانای (مرۆڤی سەرەتایی) دێت، دۆڵێکە دەکەوێتە وڵاتی ئەڵمانیا کە بۆ یەکەمجار پاشماوەی ئێسک و پروسکی مرۆڤی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە، بۆیە بەم جۆرە مرۆڤە گوتراوە مرۆڤی نیاندرتال.

مرۆڤی کۆن بۆ دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەی پشتی بە کۆکردنەوەی دانەوێڵە و بەرووبوومی ڕووەکی سروشتی و ڕاوکردنی ئاژەڵ بەستوە.

## چالاکی

مامۆستای بەڕێز داوا لە چەند قوتابییەك بكە بەشێك لە بابەتەكە بخوێننەوە و قوتابییان پرسیار دروست بکەن و وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بۆ بکرێت،

بۆ نموونە: بۆ بەم چاخە دەگوترێت چاخی بەردین؟ وەڵام ..................... بەمشێوەیە قوتابییان بەشداری لە دروستکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەکەن.

## هەڵسەنگاندن:

١_ بژێوی ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە لەسەر چی بووە؟

٢_ مرۆڤی چاخی بەردین لە چەند ئەشکەوتێك ژیاون ناوی دوو ئەشکەوتی کوردستان بنوسە ................... و ......................... .

٣_ مرۆڤ کەی توانی ئاگر بدۆزێتەوە ........................... .

٤-بۆچی مرۆڤی کۆن لە ئەشکەوت و پەنابەردینەکان ژیاوە؟

## چالاکی ماڵەوە:

سەیری ئەو وێنانە بکە تێبینی چی دەکەی؟ ئایا دەتوانی بیرۆکەیەکی نوێ بنەخشێنی یاخود بینوسی؟

یەکەم



پارچە گۆشتێك و چەقۆیەك لە بەرد دروستکراوە

دووەم



سێیەم



**بیربکەوە لە داهاتوودا چی دیکە دروست دەبێت؟**

چوارەم


وانەی سێیەم/

## دووەم: چاخی بەردینی ناوەڕاست

ئامێرەکانی چاخی بەردینی ناوەڕاست:

وەکو (بەردی ئاگردان و پارچەی دۆڵ و دەستاڕ و پاچەکۆڵە, داس).

لە هەزارەی دەیەمی پێش زایین گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر کەشو هەوای زەوییدا هات، پلەی گەرما بەرز بۆوە و کۆتایی بە دوا چاخی بەستەڵەك هات، مرۆڤ ئەشکەوت و پەناگە بەردینەکانی بەجێهێشت و ڕووی کردە دەشت و دۆڵە بەپیتەکان و دەستیکرد بە کۆکردنەوەی خۆراك و ڕاوکردنی ئاژەڵ و، بە نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی کاتی لە کوخە بازنەییەکاندا، پەرەی بە ئامێرە بەردینەکان دا و چاڵی تایبەتی بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی دانەوێڵە دروست کرد، هەروەها بۆ دروێنەی دەغلودان داسی دروستکرد. لە کوردستاندا پاشماوەی ئەم قۆناغە لە (زاوی چەمی) نزیك ئەشکەوتی شانەدەر و (کەریم شار) نزیك چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە.




ئامێرەکانی چاخی بەردین

## چالاکی

**مامۆستای ئەزیز بەشێوەی گرووپ پێشبڕکێ ئەنجام بدە:-**

| پرسیارەکان | وەڵامەکان |
|---|---|
| ١-لە هەزارەی دەیەمی پێش زایین گۆڕانکاری گەورە بەسەر جیهان داهات؟ | ئەشکەوت ، پەناگە بەردینەکان |
| ٢-بەهۆی چییەوە بوو چاخی بەستەڵەك کۆتایی هات؟ | (زاوی چەمی) نزیك ئەشکەوتی شانەدەر، (کەریم شار) نزیك چەمچەماڵ. |
| ٣-مرۆڤی ئەم چاخە چ شوێنێکیان بەجێهێشت و ڕوویان لە کوێ کرد؟ | کەش و هەوای زەوی. |
| ٤-لەو شوێنانەی لێی نیشتەجێبوون دەستیان بە چ چالاکییەک کرد؟ | داس. |
| ٥-بۆ دروێنەکردن چیان بەکارهێناوە؟ | بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی. |
| ٦-پاشماوەی ئەو قۆناغە لەچ شوێنێکی کوردستان دۆزراوەتەوە؟ | کۆکردنەوەی خۆراك و ڕاوکردنی ئاژەڵ. |

## هەڵسەنگاندن:

١-مرۆڤی ئەو سەردەمە بۆچی چاڵی دروست دەکرد؟

٢- لە هەزارەی ...................... ( پ.ز. )کۆتایی بە دوا چاخی بەستەڵەك هات:

أ/دوانزدەهەم ب/ هەشتەم ج/ دەیەم د/ یەکەم

٣- مرۆڤی کۆن کاتێ ئەشکەوت و پەناگە بەردینەکانی بەجێهێشت ڕووی کردە دەشت و دۆڵەکان و دەستیکرد بە ................................ و ڕاوی ئاژەڵ.

أ/ کشتوکاڵکردن ب/ کانزاکاری ج/ کۆکردنەوەی خۆراك د/خانوو دروستکردن.

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی زیرەك بیربکەوە و بەچەند دێرێك لەبارەی ئەم دەستەواژەیە بنووسە: ( ئایا بژێوی ژیان لەم چاخەدا ئاسان بووە یان قورس و زەحمەت بوو، بۆچی؟)

## وانەی چوارەم/

### سێیەم:چاخی بەردینی نوێ

ئەو چاخەیە کە مرۆڤەکان لەبارەی شێوازی کشتوکاڵکردن زانیاریان زیادی کرد و گوندی کشتوکاڵی دەرکەوت و مرۆڤ لە نزیك ئەو شوێنە نیشتەجێ بوو کە دەیانکرد بە کشتوکاڵ و زەوی کشتوکاڵیان بە ئامێری بەردین دەکێڵا، هەروەها فێری چنین بوون، گوندە کشتوکاڵیەکان لە دۆڵەکان و چیاکان دەرکەوتن، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانە ئاووهەوایان گونجاو بوو، لەوەڕگای هەبووە بۆ ئاژەڵەکانیان.

ئەم قۆناغە لە هەزارەی حەوتەمی پێش زایین درێژەی کێشا و تا دۆزینەوەی نووسین بەردەوام بوو.

لەهەزارەی پێنجەمی پێش زایین دا، مرۆڤ کانزای دۆزییەوە و توانی بەکاری بهێنێت و یەکەم کانزا کە مرۆڤ بەکاری هێناوە کانزای (مس) بوو، بۆیە بەم قۆناغە دەوترێت (قۆناغی چاخی بەردینی کانزایی) نموونەی ئەم قۆناغە شوێنەواری **حەلەف** لەسەر ڕۆخی ڕووباری پیشخاپوور لە خۆرئاوای کوردستان، **تەپە گەورە** لە پارێزگای نەینەوا.

**زانیاری پێویست**

لە دیاردە گرنگەکانی چاخی بەردینی نوێ :

١- لەم قۆناغەدا مرۆڤ دەستی بە کشتوکاڵکردن کردووە، هەروەها توانی ئاژەڵ ماڵی بکات.

٢- خانووی دروستکرد و نیشتەجێبوونی هەمیشەیی دەستی پێکرد و گوندەکان دەرکەوتن و گۆڕانکاری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا هات.

٣- گڵێنەی دروست کرد.

٤- دەرکەوتنی سیمای پەرستش (پەرستن) بە بەڵگەی دۆزینەوەی (بووکەڵە)ی قورین لەسەر شێوازی پەیکەری خواوەندی دایك کە هێمای هێزەکانی بەپیتی و منداڵبوونە.

٥- دەرکەوتنی چنینی کوتاڵ و دروستکردنی سەرەتەشی و دەرزی و قۆپچە لە ئێسقانی ئاژەڵ.

٦- بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی بەرد لە دروستکردنی پاچەکۆڵە و دەستاڕ و بازن و ملوانکە و قاپ وقاچاخی ناو ماڵ.

لە گرنگترین شوێنەوارەکانی چاخی بەردینی نوێ: گوندی (بێستانەسوور) لەدەشتی شارەزوور لە پارێزگای سلێمانی و گوندی چەرمۆ نزیك چەمچەماڵ و گوندی شمشارە لەدەشتی ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی.

## چالاكی

مامۆستای خۆشەویست قوتابییان بكە چەند گروپێك و هەریەكێكیان خاڵێك لە خاڵەكانی دیاردە گرنگەكانی چاخی بەردینی نوێ هەڵبژێرن و بیخوێننەوە و پرسیار دروست بكەن، دواتر شیكردنەوە و گفتوگۆی لەسەر بكەن.

## هەڵسەنگاندن:

١. لەم قۆناغەدا بۆ یەكەمجار چی سەری هەڵدا؟

٢. خواوەندی دایك بە هێمای چی دادەنرا ؟ ........................ .

٣. یەكەم كانزا كە مرۆڤ دۆزییەوە ...................... بوو.

٤. مرۆڤ لەم چاخەدا چی دۆزییەوە؟

٥. دیاردە گرنگەكانی چاخی بەردینی نوێ چین؟

## چالاكی ماڵەوە:

- قوتابی ئازیز بەپێی چاخەكان ئەمانە پۆلین بكە:

(بەكارهێنانی دارو ئێسكی ئاژەڵ، كانزای مس، داس).

- چی لەمانەی خوارەوە پەیوەندی بە بابەتی وانەكان نییە.

(سیمای پەرستن، پاراستنی دانەوێڵە، دروستكردنی كۆشك، نەخش و نیگاری سەردیوار).

وانەی پێنجەم/

## چاخە مێژووییەکان ٣٢٠٠ پ.ز

بە داهێنانی نوسین کۆتایی بە چاخەکانی پێش مێژوو هات، وچاخە مێژووییەکان دەستی پێکرد، ئەمەش لە سەنتەرە ژیارییەکانی وڵاتی دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا) لە دەوروبەری ٣٢٠٠ پ.ز. و وڵاتی نیل(میسر) لە دەوروبەری ٣١٠٠ پ.ز ڕوویدا بە داهێنانی نوسین مرۆڤ دەستی بە تۆمارکردنی مێژوو کرد.

لە وڵاتی دوو ڕووبار نوسینی بزماری (مێخی) لە نوسیندا بەکارهات لەسەر تاتە قوڕینەکان و قەڵەمی نوک سێگۆشەیان بەکارهێنا، لە دۆڵی نیل نوسینی(هێرۆگلیفی) لە نوسیندا بەکارهات لەسەر گەڵای بەردی بە مەرەکەب و قەڵەم و فڵچە و پەڕ.

هێرۆگلیفی مانای نووسینی پیرۆزی دەدا، وەك ئاماژەیەك بۆئەوەی کە لەسەر دیواری شوێنە پیرۆزەکانی وەك پەرستگاکان و گۆڕستانەکان دەنووسران، یان هەڵکەندراوی پیرۆز، چونکە بەشێوەی وێنەی دیار و هەڵکەندراو لەسەر دیواری شوێنەوارە جێگیرەکان (دیوارەکان)، یان شوێنەوارە گوێزراوەکانی (پەیکەر و تابلۆکان ... هتد) دەنوسران. ئەم نووسینە زیاتر بۆ کارەکانی کۆکردنەوە و لێدەرکردن و حیسابات بەکاردەهات.

**هێرۆگلیفی**

وشەیەکی ئەغریقییە (یۆنانییە) لە دوو برگە پێکدێت ئەویش هیرۆس (Hieros) واتا پیرۆز و گلۆفۆس (Glophos) واتا نووسین یان هەڵکەندراو کە دەبێتە نوسینی پیرۆز یان هەڵکەندراوی پیرۆز..

**میزۆپۆتامیا (وڵاتی دووڕووبار):**
هەموو ئەو زەویانەی دەگرتەوە کە ڕووباری دیجلە وفوراتیان پێدا تێپەڕدەبێت لە شوێنی هەڵقوڵانیان لە باکوری کوردستان تا دەگاتە کەنداو ئەمڕۆ بەشێکی وڵاتی تورکیا و سوریا وهەمووعێراق دەگرێتەوە لەگەڵ بەشی زۆری خاکی کوردستان).

## نووسینی مێخی (نووسینی بزماری)

نوسینی مێخی لەسەرەتای پەیدابوونیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، بە نووسینی وێنەیی یان دیمەنی ناو دەبرێت، چونکە مرۆڤ ئەوکاتە گەر بیویستایە ناوی (ماسی) بنووسێت وێنەی ماسییەکەی دەکرد، گەر بیویستایە وشەی (ژن) بنوسێ ئەوا وێنەی ژنی دەکرد، بەڵام بێ ئەوەی بتوانێ دەستنیشانی ژنێکی دیاریکراو بکات . بەوجۆرە وێنەی شتەکانی دیکەی دەکێشا، بەرەبەرە مرۆڤ نیشانە وێنەییەکانی سادەتر کرد، تا گەیشتە ئەوەی دیمەنی شتەکان بە هێڵی ئاسۆیی و ستونی دەربڕێت، و بۆ ئەم مەبەستەش قەڵەمی لە قامیش دروستکرد و نوکی سێگۆشەی بەکارهێنا، لە ئەنجامدا نیشانە وێنەییەکان شێوەی مێخیان لە خۆگرت، بۆیە بە (نوسینی مێخی) ناوبرا.



نوسینی مێخی



## دوو جۆرە مۆر هەبووە: مۆری بازنەیی و مۆری لولەیی



مۆری بازنەیی



مۆری لولەیی

**١ـ مۆری بازنەیی:** ئەم جۆرە مۆرە بۆ بەڕێکردنی کاروباری وڵات و بەڕێوەبردنی ئیشی ڕۆژانەیان بووە.

**٢ـ مۆری لولەیی:** دەرکەوتنی مۆری لولەیی هاوچەرخ بوو لەگەڵ دەرکەوتنی نووسینی بزماری(مێخی) لەسەر تاتە قوڕینەکان. مۆر بۆ دەستنیشانکردن و ناسینەوەی کەلوپەل بەکاردەهات کە موڵکی مرۆڤێکی دیاریکراو بوو. مۆری لولەیی لە بەرد یان بەردە بەنرخەکان دروست دەکرا و کونی تێدەکرا تا لە مەچەکی خۆیانی توند بکەن یان بیکەنە ملیان و لە ونبوون(بزربوون) بیپارێزن. ئەو وێنەو وهێمایانەی لەسەری هەڵدەکەنران، بەپێچەوانەوە دروستدەکران بۆئەوەی لەکاتی چاپکردنی بەڕاستی بێتە بەرچاو.

## چالاکی

**مامۆستای بەڕێز بەماوەیەکی دیاریکراو قوتابییان بەپێی خشتەك ئەم چالاکییە ئەنجام بدەن:**

| جیاوازییەکان | | لێکچوونەکان |
|---|---|---|
| نوسینی بزماری | نوسینی هێرۆگلیفی | |
| لە وڵاتی دوو ڕووبار بەکاردەهات | لە دۆڵی نیل بەکار دەهات | لەهەردوو شوێن ڕووبار هەن |
| بەنەخش و وێنە بوو | بەنەخش و پیت بوو | |
| ............................. | ............................. | ............................. |
| ............................. | ............................. | ............................. |
| ............................. | ............................. | ............................. |

### هەڵسەنگاندن:

١_ بەداهێنانی نوسین کۆتایی بەچی هات؟

٢_ نوسینی بزماری لەسەر چی بەکار دەهات؟

٣_ لە وڵاتی دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا) نوسینی بزماری بەکار دەهات و لە دۆڵی نیل نوسینی هێرۆکلیقی بەکار دەهات؟

٤_ وڵاتی دووڕووبار لەکاتی ئێستادا بە کوێ دەگوترێت ...................... .

٥_ نوسین لە وڵاتی دوو ڕووبار لە ساڵی ...................... ، لە دۆڵی نیل لە ساڵی .................. دۆزرایەوە.

٦_ جۆری نووسینەکان لەم دوو سەنتەرە ژیارییانە چیان پێ دەگوترا.........................

### چالاکی ماڵەوە:


لەژێر ڕۆشنایی ئەم پرسیارانە بیربکەوە و پێنج خاڵ لەسەر گرنگی نوسین بنووسە.

١. بۆچی بە نوسینی مێخی دەگوترا بزماری؟

٢. سەرەتا مرۆڤ قەڵەمی لە چی دروست کردووە؟

٣. ئەگەر نوسین نەبوایە ژیانی مرۆڤ چۆن دەبوو؟

٤. گرنگی ڕووبار بۆ دەرکەوتنی شارستانێتی مرۆڤایەتی چییە؟



ئەشکەوتی شانەدەر



نوسینی بزماری

# بەندی دووەم

## میللەتە دێرینەکانی عێراق

### ئامانجی فێربوون


١. قوتابی میللەتە دێرینەکانی عێراق بناسێت.

٢. ناوی ئەو شار و ناوچانە بزانێت کە تێیدا ژیاون.

٣. لە مێژووی عێراقی کۆن و ئەو نەتەوە و گەلانە تێبگات.

٤. ئاشنا بێت بە ناوی ئەو  پاشایانەی ڕۆڵیان هەبووە لە بنیادنانی شارستانییەت .

## وڵاتی دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا)



ئەتڵەسی هەولێر – سردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین - ٢٠١٠ ( بە دەستکارییەوە )

## وانەی یەکەم/

## سۆمەرییەکان (٤٥٠٠ - ١٩٠٠)پ.ز

له هەزارەی پێنجەمی پێش زاییندا ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی لە باکوری میزۆپۆتامیا(کوردستان) دەژیان و لانکەی شارستانێتیان دامەزراند، کاتێك ژمارەی دانیشتوانیان زۆر بوو، و لەگەڵ بەروبووم و داهاتی ئەو ناوچەیەدا نەدەگونجا، بۆیە دەستیان بە کۆچکردن کرد بەرەو باشوری میزۆپۆتامیا(عێراق)و لە ناوچە دەشتاییەکان و لە نزیك ڕووبارەکان دا نیشتەجێبوون، وردە وردە هەر کۆمەڵێك لە ناوچەیەکدا جێگیر بوون، لە ئەنجامدا کۆمەڵگەی جۆربەجۆر دروستبوون، پاشان بوون بە شارە دەوڵەت هەر شارە دەوڵەتێك فەرمانڕەوایەکی خۆی هەبوو.

لەدێر زەمانەوە وڵاتی دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا) بەهۆی بەپیتی خاکەکەی و گونجاوی کەش و هەوا و بوونی سەرچاوەی ئاوی باش، دەرفەتی دروستبوونیژیاری پێشکەوتووی تیادا ڕەخسابوو.

**بەڵگە بزمارییەکان (مێخییەکان) باسیان لەم گەلانە کردووە لەدۆڵی دوو ڕووبار:**

سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان و بابلییەکان و ئاشوورییەکان و کلدانییەکان

یەکێکن لە کۆنترین میللەتە دێرینەکانی وڵاتی دوو ڕووبار کە لە چاخەکانی پێش مێژووەوە لەسەر کەنارەکانی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لە باشوری ئەمڕۆی عێراق نیشتەجێ بوون. ناوی سۆمەرییەکان لەناوی هەرێمەکەیانەوە هاتووە کە دەکەوێتە (باشوری عێراقی ئێستا)، سۆمەرییەکان داهێنەری نووسین و ڕژێمی شارەدەوڵەت بوون و خاوەنی ئەزموونی ژیاری پێشکەوتوو بوون لەبوارەکانی هونەری و بیناسازی و پەیکەرتاشی و زانست و ئەدەبیات.

**شارستانیەت(ژیار):**

هەموو ئەو دەسکەوتانەی مرۆڤ لەبوارەکانی هزری و ڕۆشنبیری و هونەر و ئاوەدانی بەدەستهێناوە، هەروەها لەبواری ئابووری وەك کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و گەشەپێدانی ڕێگاکانی هاتوچو و هۆکاری پەیوەندی دەستەبەرکردوە.

**لە شارە دەوڵەتە بەناوبانگەکانی سۆمەرییەکان:**

وەرکا، ئور، ئوما، لەگش، ئەریدۆ، شروپاك، کیش.

زانیاری پێویست

## تایبەتمەندی سۆمەرییەکان:

١. داهێنەری نوسین بوون.

٢. ڕژێمی شارە دەوڵەتیان داهێنا.

٣. خاوەن ئەزموونی ژیاری پێشکەوتوو بوون لەبواری هونەری بیناسازی و پەیکەرتاشی و زانست و ئەدەب و ئایین پێشکەوتوو بوون.

لەنمونەی هەندێ لە شارە دەوڵەتەکانی سۆمەرییەکان:


یەکەم/ بنەماڵەی وەرکا: کۆنترین بنەماڵەی فەرمانڕەوای شارە دەوڵەتەکانی سۆمەری بوو، بەناوبانگترین پاشای ئەم بنەماڵەیە ناوی (گلگامێش) بوو، داستانێکی بەناوبانگی بەناوی خۆیەوە هەیە کە باس لە هەوڵی بەدەستهێنانی نەمری(الخلود) دەکات، بۆ ئەوەی پلەی خواوەندیی بەدەست بهێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەوڵەکانی شکست دەهێنێت، ولەجیاتی ئەوەی بێئومێد بێت وەك پاشایەکی باش هەڵدەستێ بە ئاوەدانکردنەوەی شاری وەرکا و گرنگیدان بە گوزەرانی خەڵکەکەی. ئەوکات تێدەگات کە نەمری بە کردەوەیە نەك بە دەستهێنانی پلەی بەرز.

دووەم/ بنەماڵەی ئور: ژمارەیەك پاشا لەم بنەماڵە سۆمەرییە فەرمانڕەواییان کردووە و کاری زۆر باشیان ئەنجام داوە و پاشماوەکانیان لە (گۆڕستانی پاشاکان) دۆزراوەتەوە، لەوانە دۆزراوە بەنرخەکانی شاژن(پوئابی).

سێیەم/ بنەماڵەی ئوما: بەناوبانگترین پاشایان دوا پاشایان بوو کە ناوی (لۆگال زاگیزی) بوو، توانی بۆ ماوەیەك هەموو بنەماڵە و شارە دەوڵەتەکانی سۆمەرییەکان لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتی یەکگرتوودا یەکبخات.

چوارەم/بنەماڵەی لەگش: بەناوبانگترین پاشای ئەم بنەماڵەیەش ناوی (ئۆرکاجینا) بوو کە بە یەکەم کەس دادەنرێت، ژمارەیەك یاسای بۆ چاکسازی و ڕێکخستنی باری ڕامیاری و ئابووری شارە دەوڵەتی لەگش داناوە.

دۆزراوەکانی شاری ئور دەریخست کە (سامیەکان) وردە وردە لەنیمچە دوورگەی عەرەبەوە، دەستیان کردووە بە کۆچکردن بۆ ناوچەکانی وڵاتی دوو ڕووبار.



شاژن پوئابی



ملوانکەی شاژن پوئابی

## چالاکی

**مامۆستای بەڕێز..** قوتابییان بە گروپ و سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی وانەی یەکەم و پرسیارو وەڵام دروست بکەن و ڕوونکردنەوە بۆ ئەمانە بکەن:

کێ بوون ئەوانەی لانکەی شارستانیەتیان لە کوردستان دروستکرد؟

وڵاتی دووڕووبار چی پێدەگوترا و بەچی بەناوبانگ بوو؟

تایبەتمەندی سۆمەرییەکان چی بوو؟

## هەڵسەنگاندن:

١_نیشتمانی ڕەسەنی سۆمەرییەکان سەرەتا کوێ بووە و لەکوێ هاتوون؟

٢_ لە وڵاتی دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا) دەرفەتی دروستبوونی چی هەبوو و بۆچی؟

٣-سۆمەرییەکان چیان داهێنا؟

٤-داستانی گلگامێش چییە؟

٥-پەیوەندی سۆمەرییەکان بە ناوچەکانی ئەمڕۆی کوردستان چی بووە؟

## چالاکیماڵەوە

قوتابی ئازیز داهێنانی نوسین بۆ سۆمەرییەکان ناوبانگێك و شانازییەکی شارستانیبووە، وەك قوتابییەکی ژیر چ بیرۆکەیەکی نوێت هەیە بۆ ئەوەی ببێتە مایەی ناوبانگ و شانازی کوردستان.

١- نوسین لەسەر ئاو (پێت سەیر نەبێ).

٢-

٣-

٤-

## وانەی دووەم/ ئەکەدییەکان: ٢٣١٧-٢٢٣١پ.ز

یەکەم شەپۆلی سامیەکانن لە نیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتن و لە وڵاتی دوو ڕووبار لەپاڵ سۆمەرییەکان نیشتەجێبوون و شاری (ئەکەد) یان کردە پایتەختی خۆیان و ناوەکەشیان لەناوی ئەو شارەوە هاتووە. ئەکەدییەکان توانیان دەوڵەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنن کە زۆربەی وڵاتی دوو ڕووباری گرتەوەو پەلی بۆ ناوچەکانی دەوروبەر بۆ وڵاتی عیلام و ئەنادۆڵ هاویشت و دەسەڵاتیان گەیشتە دوورگەی قوبرس. سەرجۆنی ئەکەدی بەدامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی دادەنرێت.

### زانیاری پێویست

(نەرام سین)ی نەوەی دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی (سەرجۆن) بەناوبانگترین پاشای ئەکەدییە، لەگەڵ لۆلۆییەکان و گۆتییەکان کە دانیشتوانی کۆنی کوردستانن جەنگاوە. ئەکەدییەکان گۆڕانکارییان بەسەر هونەری پەیکەرسازییدا هێنا و لەڕووی زمان و بیروباوەڕەوە لەگەڵ سۆمەرییەکان جیاواز بوون.

دەوڵەتی ئەکەدی لەئەنجامی هێرشی گۆتییەکان بۆ سەر پایتەختەکەیان ڕووخا ساڵی ٢٢٣١پ.ز.



نەرام سین

### چالاکی

**ماموستای بەڕێز قوتابیان بەسەر چەند گروپێك دابەش بکە و بەشێوەی گروپ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:**

١_ بۆچی سامیەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی کۆچیان کردوو و لە وڵاتی دوو ڕووبار نیشتەجێ بوون؟ (سوود لە بابەتی میللەتە دێرینەکانی وڵاتی دوو ڕووبار وەربگرە، وڵاتی دووڕووبار چۆن بووە؟)

٢_ ئەو هۆکارانە چین کە وایکردووە دەسەڵاتی ئەکەدییەکان فراوان بێت؟

وەڵامەکان لەنێوان گروپەکان ئاڵوگۆڕ بکرێت و دواتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

## هەڵسەنگاندن:

قوتابیان خۆیان پرسیار دروست بکەن و ئاراستەی یەکتری بکەن:

نمونەی پرسیارێك (کێ دامەزرێنەری ئیمپڕاتۆریەتی ئەکەدی بوو؟)

–


–

–


## چالاکی ماڵەوە:

هەر شوێنێك خاکەکەی بەپیت بوو، کەش و هەواکەی لەبار بوو، وڵاتانی دیکە هەوڵ دەدەن سوودی لێوەربگرن، دۆڵی دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا) کە مەبەست لێی عێراق و هەرێمی کوردستانییشە ؟

چ پێشنیازێکت هەیە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان بکەین؟



نیمچە دوورگەی عەرەب.




ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر – سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو – ٢٠١٠ (بە دەستکارییەوە)

## وانەی سێیەم/ ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەم ٢١١١-٢٠٠٤پ.ز

لەکۆتاییەکانی دەسەڵاتی گۆتییەکان شازادەیەکی سۆمەری بەناوی (ئۆتۆ حیکال) لەشاری وەرکا ڕاپەڕی دژی گۆتییەکان، ئەم ڕاپەرینە هەموو شارەکانی سۆمەری گرتەوە، (ئۆتۆ حیکال) ماوەی حەوت ساڵ و نیو فەرمانڕەوا بوو، پاشان (ئورنەمۆ) پاشای شاری (ئور) توانی دەست بگرێت بەسەر هەموو شارەکانی وڵاتی دوو ڕووبار و (ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەم) دامەزرێنێت کە بۆ ماوەی زیاتر لەسەدەیەك بەردەوام بوو.



میلی ئۆتۆحیکال

**پێنج پاشا لەم ئیمپراتۆریەتە فەرمانڕەوایان کردووە کە ئەمانە بوون:**

١- ئورنەمۆ.　٢- شولکی　٣- ئەمارسین.　٤ - شو سین　٥- ئەبی سین.

پاشاکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە بایەخی زۆریان بە خوێندن و کاری بیناسازی و هونەری و ئابووری و سەربازی دەدا لەکارە گرنگەکانی ئورنەمۆ دانانی یاسای (**ئورنەمۆ**) بوو لەگەڵ دروستکردنی (زەقوورەی ئورنەمۆ) لەشاری ئور.

## زانیاری پێویست

ئەم ئیمپراتۆریەتە لەئەنجامی هێرشی هاوپەیمانی (عیلامی - سوباری) ڕووخا، کاتێك عیلامییەکان لەباشوری ئێرانەوە و سوبارییەکان لەکوردستانەوە پێکەوە لە ساڵی (٢٠٠٤پ.ز) هێرشیان کردە سەر (ئور)ی پایتەخت، پاش ڕووخاندنی ئەم ئیمپراتۆرییەتە سەردەمی (ئیسن- لارسا) دەست پێدەکات تا هاتنی حامورابی بۆسەر حوکم ساڵی ١٧٩٤پ.ز.

## چالاکی

**مامۆستای بەڕێز دوای خوێندنەوەی بابەتەکە لەلایەن قوتابیان، لەسەر سێ کاغەز ناوی هەریەکە لە:**

(ئۆتۆ حیکال)، (شارە دەوڵەت)، (ئورنەمۆ) بنوسرێت، سێ قوتابی بەشدار بن بەشێوەی ڕۆڵبینین، ڕۆڵی ئەم پاشایانە لەسەردەمی سۆمەری نوێ باس بکەن.

## هەڵسەنگاندن:

١_ ئۆتۆحیکال لەدژی کێ ڕاپەڕی و چەند ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد؟

٢_ پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە بایەخیان بەچی داوە؟

٣_ ئورنەمۆ توانی چی بکات؟

## چالاکی ماڵەوە :

قوتابی ژیر بیر لەم دەستەواژەیە بکەوە: (ئورنەمۆ بە یاساکەی ناسراوە و ئیمپراتۆریەتەکەی ماوەی پتر لە سەدەیەك بەردەوام بوو)، بەسوودوەرگرتن لە پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە پێنج دێر باس لە گرنگی ڕۆڵی سەروەری یاسا بکە؟

## وانەی چوارم/ سەردەمی بابلی کۆن و هاتنی ئامووورییەکان ١٨٩٤ -١٥٩٥پ.ز

لەئەنجامی شەڕ و ئاژاوەی نێوان بنەماڵەی ئیسن و لارسا کۆمەڵێك لە ئامووورییەکان لەسوریاوە بەرەو وڵاتی دوو ڕووبار هاتن و لەشاری بابل نیشتەجێبوون توانیان دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنن کە بە (دەوڵەتی بابلی یەکەم)، یان (سەردەمی بابلی کۆن) ناسراوە، (سۆمۆ ئابۆم) بە دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتە دادەنرێت، ئامووورییەکانیش هەر لە نەتەوە سامیەکان بوون کە سەرەتا ڕوویان لە سوریا کردبوو.

### یاساکانی حامورابی:

ئەم کۆمەڵە یاسایە لە زمانی بابلی بە نوسینی بزماری وە بەهەلکۆلین لەسەر کێلەبەردێکی ڕەش نوسراوەتەوە، ئەم میلە ئیستا لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس دانراوە

### زانیاری پێویست

**(حامورابی)١٧٩٤ -١٧٥٢پ.ز:**

حامورابی شەشەمین پاشای دەوڵەتی بابلی یەکەم بوو توانی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە و فراوان و بەهێز دابمەزرێنێ و ماوەی ٤٢ ساڵ فەرمانڕەوایەتی بکات.

لەم ماوەیەدا چەندین کارو چاکسازی گرنگی ئەنجام دا، بەڵام گرنگترین کاری ئەم پاشایە بریتی بوون لە (یاساکانی حامورابی) کەلە ٢٨٢ بڕگەی یاسایی پێکهاتبوو و هەموو بوارەکانی ژیانی دەگرتەوە و لەسەر میلێکی ڕەش تۆمارکراون، لەبەشی سەرەوەی میلەکە وێنەی حامورابی هەڵکەنراوە کە لەبەردەم خواوەندی ڕۆژ (شەمش) وەستاوە کە خواوەندی ڕاستی و داپەروەری بوو و یاساکانی لێوەردەگرێ.





وێنەی حامورابی و میلەکەی

## چالاکی:

قوتابیان بە گروپ دەستەواژەی بۆ ئەم وشە و زاراوانە دروست بکەن بەمشێوەیە :

(دەوڵەتی بابلی یەکەم، یاساکانی حامورابی، شەمش، میلی ڕەش)

_ شەڕو ئاژاوە لە نێوان بنەماڵەی ئیسن و لارسا هەبوو.

–

–

–

–

## هەڵسەنگاندن

١. حامورابی کێیە؟

٢. یاساکانی حامورابی باسی لەچی دەکرد؟

٣. میلەکەی حامورابی لە چەند برگە پێکهاتبوو؟

٤. کێ دەوڵەتی بابلی یەکەمی دامەزراند؟

٥. حامورابی توانی سوود لەچی وەربگرێت؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ئازیز بنەماڵەی ئیسن و لارسا شەڕ و ئاژاوەیان لەنێوان هەبوو، بەڕای تۆ ململانێ و ناکۆکی ئەنجامەکانی چی دەبێت؟

١- وڵات بەرەو لاوازی دەبات.

٢-

٣-

٤-

## وانەی پێنجەم/

## ئاشوورییەکان(٣٠٠٠ - ٦١٢) پ.ز

لقێکن لە نەتەوە سامیەکان لەنیمچە دوورگەی عەرەبەوە کۆچیان کرد لە باکوری وڵاتی دوو ڕووبار لەسەر ڕۆخی ڕووباری دیجلە نیشتەجێبوون. ناوەکەیان لەناوی خواوەندە سەرەکییەکانەوە (ئاشور) هاتووە و یەکەم پایتەختیان هەر بەو ناوە ناسراوە.

ئاشورییەکان لەسەرەتای دەرکەوتنیان لەهەزارەی سێیەمی پێش زایینی نەیانتوانی فەرمانڕەوایی خۆیان بچەسپێنن بەهۆی بەهێزی: بنەماڵەکانی باشوری وڵاتی دوو ڕوووبار، وسوبارییەکان و خورییەکان لە کوردستان و حیسیەکان لەئەنادۆڵ، بەڵام لەهەزارەی دووەمی پێش زایینەوە دەرکەوتن وەك گەلێکی خاوەن دەسەڵات لەڕووی جەنگ و داگیرکردنەوە و ئەزموونێکی پێشکەوتوویان هەبوو لەڕووی داهێنان و شارستانیەت دا.

### زانیاری پێویست

سەردەمەکانی فەرمانڕەوایی ئاشورییەکان دابەش دەکرێت بۆ سێ سەردەم:

١- سەردەمی ئاشوری کۆن ٣٠٠٠ - ١٥٠٠ پ.ز.

٢- سەردەمی ئاشوری ناوەند ١٣٥٠ - تا سەرەتای سەدەی نۆیەمی پێیش زایین.

٣- سەردەمی ئاشوری نوێ لەسەرەتای سەدەی نۆیەمی پێش زاینیەوە - تا دەوڵەتی ئاشوری لەسەر دەستی هاوپەیمانێتی (میدی - کلدانی) ساڵی٦١٢پ، ز ڕووخا.



کتێبخانەی ئاشوربانیپال

### لە پاشا بەناوبانگەکانی ئاشوری:

**سەنحاریب (٧٠٤ - ٦٨١ پ.ز) و ئاشوور بانیباڵ (٦٦٨ - ٦٢٧ پ.ز) بوون کەلە گرنگترین کارەکانیان:**

**١_ کتێبخانەی ئاشور بانیباڵ (٦٦٨_ ٦٢٧) پ.ز**

ئاشور بانیپاڵ پاشای ئاشورییەکان زۆر بایەخی بە لایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی داوە و یەکێك لە گەورەترین کتێبخانەکانی مێژووی کۆنی بنیادناوە و نزیکەی نیو ملیۆن تابلۆی بچووك و پێنج هەزار کتێبی تێدا بووە.

**٢_هەڵکەندراوی مەعلسایا (منحوتات معلثایا):** لە هەڵکەندراوە گرنگەکانی ئاشوورییەکانە لە سەردەمی پاشا(سەنحاریب) ساڵی (٧٠٤_ ٦٨١)پ.ز بەدەستهاتووە کە نیشاندەری بنیاتنانی پرۆژەی ئاودێرییە لە ناوچەکە و بە دەسکەوتێکی گرنگی زانستی و ئابووری دادەنرێت.

**٣_هەڵکەندراوی سەنحاریب:** لە شوێنەوارە گرنگەکانی ئاشورییەکانە دەکەوێتە پارێزگای دهۆك پێشی دەگوترێت (هەڵکەندراوی پاشا سەنحاریب). ئەو شوێنەوارە جگە لە هەڵکەندراوی سەر دیوارەکان ئەشکەوتی لێیە کە شوێنەواری ژیانی مرۆڤ و پاشماوەی گۆڕستان و نووسین و کەلوپەلی دەفر و گڵکاری تێدا دۆزراوەتەوە و تا ئێستاش شوێنەواری گۆڕستانێك کە ڕووبەری (١کم) ماوە.



هەڵکەندراوی سەنحاریب

٤_ نۆکەندی سەنحاریب( پرۆژەی ئاوی هەولێر):
ئەم پرۆژەیە بەیەکەمین پرۆژەی گەیاندنی ئاو دادەنرێت لە وڵاتی دووڕووبار لە دووری ٥٥ کم ئاو هێنراوە بـۆ قەڵای هەولێر، لە سەدەی حەوتەمی پێش زاین لـەلایەن پاشای ئاشوری (سەنحاریب (٧٠٤ - ٦٨١) پ.ز دروست کراوە.

دەقە نوسراوەکەی سەنحاریب لە سەر بەردی پرۆژەکە:

(من سەنحاریبم شای جیهان و وڵاتی ئاشور، سێ ڕووبارم لە چیاکانی (خانی) هەڵکەندوون، ئەو چیایانەی کەوتوونەتە باکوری شاری هەولێرەوە ئاوی کانیاوەکانی لادەستە چەپ و ڕاستی ڕووبارەکانیشیم کردۆتە ناویانەوە، ئینجا نۆکەندێکم هەڵکەندووە تا ناوەڕاستی شاری هەولێر نیشتیمانی خواوەندی مەزنی ( عەشتار ) ئاوەکەیشم ڕاست هێناوە).

٥_ هەڵکەندراوی خەنەس: بەیەکێك لە جوانترین کارە ئەدەبییەکانی ئاشورییەکان دادەنرێت و دەکەوێتە پارێزگای دهۆك، چیای خەنەس بە شێوەیەکی زۆر جوان ڕازاوەتەوە، هەڵکەندراوی خەنەس بەمۆزەخانەیەکی شوێنەواری سروشتی دادەنرێت، کە تاوەکو ئێستاش شوێنەوارەکانی لە بەرزاییەکانی ناوچەکە ماوەتەوە، هەڵکەندراوە بچووکەکان کە لە بەردەکان نەخشێنراوە بە قووڵی (٢٠سم) و درێژی (٢,٥م) و بەرزایی (٢,٥م) لەسەرەوە هەڵکەندراوە کە بەشێوەی نیوە بازنە هەڵکەندراوە وێنەی پاشا (سەنحاریب) نیشان دەدات کە بە پەنجەکانی ئاماژە بە هێمای خواوەند دەدات کە لە بەرزایی و لوتکەی چیاکە نەخشێنراوەو لەپاڵ وێنەکە نوسینی ئاشوری (بزماری) کە لە (٦٤) دێر پێکدێت دەردەکەوێت.



پرۆژەی ئاوی هەولێر(نۆکەندی سەنحاریب)



هەڵکەندراوی خەنەس

**(سەمیر ئەمیس:** شاژنی ئاشوورییەکان و هاوسەری پاشای ئاشوری (شەمشی ئەددی پێنجەم) بوو، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بەتایبەتی لە بواری سەربازی و ئاوەدانکردنەوەدا).



سەمیرئەمیس

## چالاکی:

مامۆستای خۆشەویست گفتوگۆ لەبارەی ئەمانەی خوارەوە لەگەڵ قوتابیان بکە: باس لە سەردەمی ئاشوورییەکان بکەن.

## هەڵسەنگاندن:

١- کتێبخانەی ئاشور بانیپاڵ بە یەکێك لە دەسکەوتی شارستانی ئاشوری دادەنرێت؟

٢-بۆچی بە هەڵکەندراوی سەنحاریب دەگوترێت هەڵکەندراوی پاشا سەنحاریب؟

٣- ئاشوریەکان لە چ بوارێك ئەزموونێکی پێشکەوتوویان هەبوو؟

## چالاکی ماڵەوە:

ئاشورییەکان بایەخی زۆریان بە لایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی داوە و کتێبخانەیەکی بەناوبانگیان دروست کردووە، بەبۆچوونی تۆ قوتابی تا چەند کتێب بۆ مرۆڤ گرنگە؟ باس لەو کتێبانە بکە کە لەماڵەوە هەیە.

## وانەی شەشەم/ سەردەمی بابلی نوێ (کلدانییەکان)٦٢٦- ٥٣٩پ.ز

لە کۆتاییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشای ئاشووری (ئاشوور بانیباڵ)، لە ساڵی ٦٢٦پ.ز لەشاری بابل دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەلایەن (نەبو بلاسەر)ی کلدانی دامەزرا. شاری (بابل) پایتەختی ئەم ئیمپراتۆریەتە بووە و لە جیهانی کۆندا بۆتە گەورەترین بنکەی شارستانی، بەناوبانگترین پاشای کلدانی لەسەردەمی بابلی نوێ (نەبوخەز نەسر) بوو کە سنووری دەوڵەتی بابلی گەیاندە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست (لە سوریا و لوبنان و فەلەستین).

### زانیاری پێویست

(نەبوخز نەسر) بایەخی زۆری دا بەکاری بیناسازی و پێشکەوتنی دەوڵەتەکەی،لەپاشماوە بەناوبانگەکانی ئەوپاشایە:باخچە هەڵواسراوەکانی بابل و شەقامی کەژاوەکان(شارع الموكب)و کۆشك و شوراکانی شاری بابل و دەروازەکانی، بەتایبەتی دەروازەی عەشتار بوو. پاش نەبوخەز نەسر چەند پاشایەکی لاواز هاتنە سەر حوکم کە نەیانتوانی پارێزگاری لە دەوڵەتەکەیان بکەن، لەئەنجامدا لە ساڵی ٥٣٩پ. ز کۆرشی ئەخمینی(هەخامەنشی) هێرشی کردە سەر بابل و داگیری کرد و کۆتایی بەدەسەڵاتی کلدانی هێنا.



وێنەی نەبوخەزنەسر

## چالاکی

مامۆستای بەڕێز داوا لە قوتابیان بکە بەشێوەی گروپ پرسیار ئاراستەی یەکتر بکەن و دواتر وەڵامەکان لەسەر وایت بۆرد بنوسرێت و ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدرێت.

## هەڵسەنگاندن


١_ نەبو بلاسەر چ ساڵێك دەوڵەتی کلدانی دامەزراند؟

٢_ لەسەردەمی نەبوخز نەسر بایەخ بەچی درا؟

## چالاکی ماڵەوە


قوتابی ژێر هەموو دەوڵەتان شانازی بە کولتور و شارستانیەتی خۆیانەوە دەکەن، ئێمەی کورد وەك نەتەوەیەك چ شتێکمان هەیە شانازی پێوە بکەین و چ شتێك بکەین بۆ ئەوەی مۆرکی نەتەوەییمان بپارێزین.

## ئیمراتۆڕیەتی بابلی یەکەم




ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر - سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو - ۲۰۱۰

## ئیمپراتۆریەتی بابلی یەکەم سەردەمی حامورابی ( ١٧٩٢ - ١٦٥٠ پ.ز )




لەئەتلەسی پاریزگای هەولێر - سردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو - ٢٠١٠

# بــــەنــــدی سێیەم

## میللەتە دێرینەکانی کوردستان

### ئامانجی فێربوون

١. قوتابی لەم بەندەدا زانیاری تەواو لەبارەی میللەتە دێرینەکانی کوردستان فێردەبێت.

٢. ناوی میللەتە دێرینەکانی کوردستان بزانێت و بیانناسێت.

٣. هەڵسەنگاندن بکات بۆ مێژووی میللەتانی کوردستان.

## وانەی یەکەم/ ١- لۆلۆییەکان

### ناوی کوردستان

بۆ یەکەمجار ناوی کورد هاتبێت لە سەرچاوە بزمارییەکان (مێخیەکان)دا، دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایینی کاتێك باس لە شوێنێك دەکات بەناوی وڵاتی (کاردا).

بەڵام وشەی کوردستان وەك چەمکێکی کارگێڕی بۆ یەکەمجار لە سەدەی دوانزدەمی زایینی بەکارهاتووە،

ئەویش لە دوو بڕگەپێك هاتووە: (کورد) کە ئاماژە بە نەتەوەی کورد دەکات و (ستان) بە واتای وڵات یان شوێن دێت.

کەواتە کوردستان مانای (وڵاتی کوردان) دەگەیەنێت.

### خاکی کوردستان هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە:

باکور و خۆرهەڵاتی وڵاتی دووڕووبار (میزۆپۆتامیا)، خۆرهەڵاتی بانی ئەنادۆڵ، رۆژئاوای بانی ئێران. شایانی باسە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بەناو جەرگەی خاکی کوردستاندا تێدەپەڕێت و بڕبڕەی پشتی خاکی کوردستانیان پێکهێناوە.

لەسەر ئەم خاکەی کوردستان لە دێرزەمانەوە چەندین میللەت ونەتەوە ژیاون کە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ یەکتری ئەم نەتەوەی کوردی ئەمڕۆیان لێ پێکهاتووە،واتە نەتەوەی کورد ئەمڕۆ لەنەوەی ئەم میللەت و نەتەوانەن و ئەوانیش بە باپیری کوردی ئەمڕۆ دادەنرێن.

لەو میللەت و نەتەوانەش وەك عیلامیەکان سوبارییەکان و لۆلۆییەکان و گۆتییەکان و میتانییەکان(هۆرییەکان)و کاشییەکان و ئۆرارتۆ و ماننا و میدییەکان و کاردۆخییەکان و...هتد.



نەخشەی کۆنی کوردستان

لۆلۆییەکان لە میللەتە دێرینەکانی کوردستان و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بوون کە لەنێوان هەزارەی دووەمی پ.ز تا سەدەی نۆیەمی پ.ز لە ناوچەکانی زەهاو و شارەزوور (ناوچەی سلێمانی ئێستا) دەژیان، ناوچەکەیان لای ئاشوورییەکان بە (زاموا) ناسراوە، شانشینێکیان دامەزراند کە بە (خومازی) ناسراوە. ئەکەدییەکان بەسەرکردایەتی (نەرام سین) چەندین جار پەلاماری ناوچەکەیان داون،تا دواجار ئەوەبوو (نەرام سین) توانی بەسەریاندا سەربکەوێ و سەرکەوتنەکەی لەسەر میلێك بەناوی (میلی سەرکەوتن) لەناوچەی قەرەداغ لە (دەربەندی گاور) تۆمار کرد.

## زانیاری پێویست

لۆلۆییەکان دوای مردنی نەرام سین توانیان خۆیان لەژێر دەستی ئەکەدییەکان رزگار بکەن، ئەوەبوو پاشای لۆلۆییەکان (ئانوبانینی) توانی شکستێکی گەورە بەسەر ئەکەدیەکان دا بهێنێت، ئەویش ئەم سەرکەوتنەی لە چیای (بادیر) لە ناوچەی (سەرپیل زەهاو) لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر گاشە بەردێك تۆمار کرد.

لۆلۆییـەکان چەنـد پاشـماوە و کارێکـی هونـەری رەنگینیـان لـە وڵاتـی خۆیـان بەجـێ هێشـتووە کـە گەواهـی ئاسـتی بـەرزی شارسـتانێتی ئـەوان پیشـان دەدەن, ئەمانە لـە سـەردەمی ئاشـوورییەکان لـە هونـەری بیناسـازی دا ناوبانگیـان دەرکـرد, هـەر بۆیـە پاشـاکانی ئاشـووری ژمارەیەکـی زۆریـان بـردن بـۆ شـارەکانی خۆیـان و لەوێـش وەك وەسـتا و کارزانـی بـاش ناسـران, لـەم شـارانە ژمارەیـەك بینـاو پەیەکەریان دروسـت کـرد.

## چالاکی

دوای باسکردن و خستنەڕووی بابەتەکە قوتابیان بە گرووپ پرسیار بۆ ئەم وشە و زاراوانە دروست بکە:

(زاموا، نەرام سین، چیای بادیر، ئانوبانینی)

## هەڵسەنگاندن

١_ لۆلوییەکان لە کوێ دەژیان؟

٢_لۆلوییەکان لای ئاشورییەکان بەچی ناسرابوون؟

٣_سەرکەوتنیان بەسەر ئەکەدییەکان لەسەرچی تۆمار کرد؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی خۆشەویست هەموو گەل و نەتەوەیەك شانازی بە مێژووی خۆی دەکات، پاشماوە هونەرییە رەنگینەکانی لۆلوییەکان وەك گەلێك کە لە کوردستان بوون نیشاندەری شارستانی گەلی کورد دەردەخات، بەچەند دێرێك رای خۆت لەسەر گرنگی مێژووی لۆلوییەکان دەربرە.



وێنەی ژمارە (١٦)
میلی سەرکەوتن
لەدەربەندی گاور

## وانەی دووەم/ ٢. گۆتییەکان

گۆتییەکان میللەتێکی دیکەی کۆنی کوردستان وچیاکانی زاگرۆس بوون کە زیاتر لە ناوچەکانی نێوان زێی گەورە و ڕووباری سیروان دا دەژیان، ٢٠٠٠پ.ز مەملەکەتێکی سەربەخۆیان دامەزراند، ئارابخا (کەرکوکی ئێستا) پایتەختیان بووە.

گۆتییەکان بەرپەرچی پەلاماری ئەکەدییەکانیان داوەتەوە کە ویستویانە وڵاتەکەیان داگیربکەن، هەربۆیە لەئەنجامی ئەمەدا گۆتییەکان دەستیان بەسەر وڵاتی سۆمەر و ئەکەد دا گرت و بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك فەرمانڕەوایی باشوری (وڵاتی دوو ڕووبار)یشیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، لەم ماوەیەدا (٢١) پاشای گۆتی حوکمی کردووە کە (تریگان) دواپاشایان بوو پاش ساڵی ٢٥٢٤پ.ز دەسەڵاتی گۆتییەکان وردە وردە بەرەو لاوازی هات و لەئەنجامدا دەسەڵاتیان لەدەست دا.

### زانیاری پێویست

* **گرنگترین هۆیەکانی کەوتنی گۆتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ:-**

١- دووری ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا گرتبوو لە مەڵبەندی دەسەڵاتی خۆیانەوە.

٢- لاوازی ناردنی یارمەتی سەربازی و درەنگ گەیشتنیان بۆ ئەو شوێنە دوورانە.

**گرنگترین کارە هونەرییەکانی گۆتییەکان:**

١- تابلۆی لیشیر - پیرانی لە هۆرین شێخان (باکوری خانەقین).

٢- سەری یەکێ لە پاشاکانی گۆتی کە لە بڕۆنز دروستکراوە لە دەورپشتی شاری هەمەدان لە ئێران دۆزراوەتەوە ئێستاش لە مۆزەخانەی (بریمەر کالیری) لە ئەمەریکا

پارێزراوە.

٣- هەروەها سەری یەکێ لە پاشاکانیان لە سەلماس (خۆرهەڵاتی کوردستان ) دۆزراوەتەوە

لەگەڵ دۆزینەوەی چەند مۆرێکی لوولەیی لە باشوری ئێستای عێراق.

(ئۆتۆحیکال)ی شای سۆمەرییەکان دژی گۆتییەکان شۆڕشی بەرپاکرد و توانی بەتەواوی دەسەڵاتی گۆتییەکان لە وڵاتی سۆمەر و ئەکەد دا نەهێڵێت. پاش ئەم ڕووداوە گۆتییەکان بۆ دەشت و چیاکانی زاگرۆس گەڕانەوە.

**زاراوە:**

گۆتیام لە زمانی ئاشووریدا بەناوی (زەوی جەنگاوەرەکان). دێت.

## چالاکی

مامۆستای بەڕێز بەڕێگەی شانۆ قوتابیان بابەتی وانەکە نمایەش بکەن، بەرۆڵگێڕانی بەمشێوەیە قسە دەکەن( من کوردستانم نیشتمانی یەکەممە، ڕەچەڵەکی دووەمی مرۆڤایەتیم. هەریەك لە قوتابیان ڕۆڵی تیرەیەك دەبینێ و هەموویان پێکەوە قسە دەکەن و هەموومان بە ڕەچەڵەك لەگەڵ یەکدا هاوبەشین پێکەوە گەلی ڕەسەنی کوردین..

## هەڵسەنگاندن:

١_ ناوی پایتەختی گۆتییەکان چی بوو؟

٢_ لە زمانی ئاشوریدا بە چ ناوێك ناسرابوون؟

٣_ هۆکاری کەوتنی گۆتییەکان چی بوو؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست چوار پێشنیار بنوسە لەسەر ئەوەی بەچ شتێك نەتەوە بەهێز دەبێت:

١-پارێزگاری لە زمانی دایك بکات.

-٢

-٣

-٤

-٥

## وانەی سێیەم/ ٣. میتانییەکان

ئەم میللەتە کۆنەی کوردستان لە هۆرییەکان (خورییەکان) بوون کە شاری واشوکانی (سەرێکانی) لە خۆرئاوای کوردستان پایتەختیان بوو، شاری (نوزی) لە باشوری شاری کەرکوکی ئەمرۆ یەکێك بوو لە بنکە هەرە سەرەکییەکانیان، هەر بۆیە لە ناوچەی کەرکووك و لەم شارە ژمارەیەك بەڵگەنامەی دەوڵەتی میتانی دۆزراونەتەوە، میتانییەکان لەگەڵ میسریەکاندا پەیوەندیان دروستکردووە و نامەگۆڕکێییان لەگەڵ فیرعەونەکانی میسر دا هەبووە بەتایبەت لە سەردەمی پاشای میتانییەکان (توشراتا )، وڵاتی میتانی بەناوی (خانیگلبات) لە لایەن ئاشورییەکان) بەناوبانگ بوو، خۆرهەڵاتناس (جۆنس ) دەڵێت وشەی میتانی بە واتای (خانەدان) دێت. میسریەکان بە میتانیەکانیان وتووە (نەهارین) و لەتەوراتدا بە(ئارام - نەهارم) ناوبراوە.

### زانیاری پێویست

میتانییەکان لەگەڵ ئاشورییەکان بەردەوام لەجەنگدا بوون، تا دواجار ئاشورییەکان بەسەرکردایەتی پاشا شەلمانەسری یەکەم ١٢٧٣ - ١٢٤١پ.ز کۆتاییيان بە دەسەڵاتی میتانییەکان هێنا و دەوڵەتەکەیان ڕووخاند.

### چالاکی

**قوتابیان بەگروپ وەڵامی ڕاست لەناو ئەو خانانە هەڵبژێرن:**

| | | |
|---|---|---|
| خانەدان | ئارام نەهارم | واشوکانی (سەرێ کانی) |
| میسرییەکان | خورییەکان | کەرکوك |

١- میتانییەکان لە تەوراتی ناویان بە ........... هاتووە.

٢- لە خۆرئاوای کوردستان نیشتەجێ بوون ............... .

٣- میتانییەکان پەیوەندی نامەگۆڕینەوەیان لەگەڵ ................ هەبووە.

٤- ژمارەیەك بەڵگەنامەی میتانییەکان لە شاری ............ دۆزراونەتەوە.

٥- جۆنس دەڵێت میتانی واتا ......................... .

٦- پایتەختی دەوڵەتی میتانی ناوی ................ بوو.

### هەڵسەنگاندن:

١_ میتانییەکان بە بەردەوامی لەگەڵ کێدا لە جەنگ دابوون؟

٢_ میسرییەکان چیان بە میتانییەکان گوتووە؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ژیر لەسەر کاغەزێکی سپی ناوی میتانییەکان بە خەتێکی جیاواز بنوسە و ڕەنگی بکە.



هەڵکەندراوی دەربەندی گاور

## وانەی چوارەم/ ٤. كاشییەكان

كاشییەكانیش لە میللەتە دێرینەكانی كوردستان و چیاكانی زاگرۆس بوون كەلە

ناوچەی (كرماشان و لوڕستان) دا ژیاون و پەلیان بەرەو وڵاتی بابل هاویشتووە و بەسەركردایەتی شا (ئاگومی دووەم) دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتی بابل داگرتووە بۆ ماوەی چوار سەدە لەنێوان ١٥٩٥ - ١١٦٢پ.ز بەهۆی هێرشی پاشاكانی بابل بۆ سەر ناوچەكەیان. دەوڵەتەكەیان بەناوی (كاردۆنیاش) بەناوبانگە، ناوی كاشییەكان لەناوی خواوەندەكەیانەوە (كاشو)هاتووە، كاشییەكان پایەتەختی نوێی خۆیان بە ناوی پادشا بەناوبانگەكەیانەوە دروستكرد، وناویان نا (دوركوریكالزۆ) واتە (شاری پاشا كوریكالزۆ)، كە ئێستا لە نزیك شاری بەغداد پاشماوەكانی ناسراوە بە (عەقەرقوف) و زەقورە بەناوبانگەكەی تا ئێستا ماوە و لە چەند نهۆمێك دروستكراوە بەبەرزی دووسەد پێ و بەنەخش و شێوازی جوان و وێنەی پاشا (كوریكالزۆ)ی تێدا بەدی دەكرێت. هەر لەم شارەدا سێ پەرستگای گەورە دۆزراونەتەوە.

### زانیاری پێویست

كاشییەكان زۆر بایەخیان بەئەسپ سواری داوە بەخێوكردنیان بەشتێكی پیرۆز زانیوە، هەروەها كاشییەكان دەستێكی باڵایان هەبووە لە هونەری بیناسازی و نەخشەسازی و ڕێگا - كێشان دا. لەدەوروبەری ساڵانی ١١٦٢پ.ز عیلامییەكان توانیان هێرش بكەنە سەر كاشییەكان و پایتەختەكەیان كاول بكەن و سامانێكی زۆر و كارە هونەرییە گرنگەكان بگوێزنەوە بۆ پایتەختەكەی خۆیان بۆ (سوسە).



زەقورەی عەقەرقوف

## چالاكی

**مامۆستای بەڕێز لە ڕێگەی گفتوگۆكردن لەگەڵ قوتابیان، شیكردنەوە بۆ ئەم دەستەواژەیە بكەن:**

(كاشییەكان بەرەو وڵاتی بابل پەلیان هاویشتووە و دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتی بابل داگرتووە، بەهۆی هێرشی پاشاكانی بابل بۆ سەر ناوچەكەیان)، ئەمە بە بیانوو و پاساو دادەنرێت یاخود بە دوورخستنەوەی مەترسی لەسەرخۆیان دادەنرێت؟

## هەڵسەنگاندن:

١-كاشییەكان بەسەركردایەتی چ پاشایەك دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتی بابل داگرت؟

٢- كاشییەكان بایەخیان بەچی داوە؟

٣- چ لایەنێك هێرشی كردە سەر كاشییەكان و دەوڵەتەكەیانی لەناوبرد؟

٤- عەقەرقوف دەكەوێتە چ شوێنێك؟

٥- ناوی كاشیەكان لەچییەوە هاتووە؟

## چالاكی ماڵەوە:

**قوتابی زیرەك بە هاوكاری خیزانەكەت چەند خاڵێك لەسەر ئەم دەستەواژەیە بنووسە:**

(هەندێك لە وڵاتان بە بیانووی پارێزگاریكردن لە سنووری خۆیان سنووری وڵاتانی دیكە دەبەزێنن، ئایا ئەمە لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتی گونجاوە یان پێشێلی مافی وڵاتانی دیكەیە؟

**كاشییەكان بۆ یەكەمجار ئەسپیان هێنایە دۆڵی دوو ڕووبار و هەنگاوێكی گەورە بوو لە پێشخستنی شارستانییدا.**

## وانەی پێنجەم/ ٤_ میدیەکان(مادەکان)

لە دەوروبەری ساڵانی ٢٠٠٠پ.ز. شەپۆلێکی گەورەی نەتەوە هیندۆ- ئەوروپییەکان لە کوردستان و چیاکانی زاگرۆس گیرسانەوە و تێکەڵاوی میللەتە دێرینەکانی کوردستان بوون و لەگەڵیاندا توانەوە، ئەمانە بە میدییەکان ناسران، پاشا(دیاکۆ) بە دامەزرێنەری دەوڵەتی میدیا دادەنرێت، لەدەوروبەری ساڵی ٧٠٠ پ.ز کاتێک توانی هەموو هۆز وتیرە ونەتەوەکانی کوردستان یەکبخات و شاری ئەکبەتانا(هەمەدان) بکاتە پایتەختی خۆی و دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێز لەسەر خاکی کوردستان دابمەزرێنێت.

بەهۆی ئەوەی ئاشورییەکان بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیان داگیرکردبوو و بەردەوامیش لە هەوڵی فراوانخوازی و هێرش بردن بوون بۆسەر ناوچەکانی کوردستان و باجی زۆریان خستبووە سەر دانیشتوانی ئەو ناوچانەی داگیریان کردبوو «ئەمانە وای لە پاشای میدیا(کەیخەسرەو) کرد کە خۆی بۆ هێرشێکی گەورە ئامادە بکات بۆسەر ئاشورییەکان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کلدانییەکانی بابل و ساڵی ٦١٢پ.ز هەردوولا توانیان شاری (نەینەوا) پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری داگیر بکەن و ئیمپراتۆریەتەکەش بڕوخێنن.

سنووری دەوڵەتی میدیا لەسەردەمی (کەیخەسرەو) بەدواوە هەموو خاکی کوردستانی گرتەوە لەگەڵ هەموو وڵاتی ئێران تا دەگاتە ڕووباری (سەرداریا) لەناوەڕاستی ئاسیا، لە باکوریشەوە تا دەریای قەزوین و دەریای ڕەش، لە خۆرئاواشەوە گەیشتە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ تا ڕووباری هالیس (قزڵ ئیرماق) ، لەباشوریشەوە تا چیای حەمرین.



پەیکەری کەیخسرەو

## زانیاری پێویست

### ڕووخانی دەوڵەتی میدیا:

ساڵی ٥٥٠پ.ز. دەوڵەتی میدیا لەسەردەمی (ئاستیاك) دوا پادشای میدییەکان ڕووخا، لەلایەن (کۆرش) دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەخمینی(هەخامەنشی)، کۆرش کەوتە ململانێ لەگەڵ میدییەکان و توانی بەیارمەتی سەرکردەی لەشکری میدییەکان بە ناوی (هارپاك) دژی ئاستیاك بکەوێتە جەنگەوە و شاری (ئەکباتانا) داگیر بکات و کۆتایی بە دەوڵەتی میدیا بهێنێت وبیروخێنێت.

ڕاستە ساڵنامەی کوردی لە دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا دەست پێ دەکات کە دەکاتە (٧٠٠)ساڵ پ.ز. واتە هەر کاتێك ویستمان ساڵی کوردی بزانین ئەوا (٧٠٠ + ساڵی زاینیی = ساڵی کوردی)

**پرسیار/ هۆکار چییە ساڵنامەی کوردی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا دانراوە؟**

هەرچەندە میللەتە دێرینەکانی کوردستان پێش دەوڵەتی میدیا چەندین دەوڵەت و قەوارەو ئیمپراتۆریەتی مەزینان پێکهێناوە بەڵام هیچیان لە مێژوودا بەقەد دەوڵەتی میدیا گرنگییان نەبووە.

## چالاکی

١. میدییەکان کێن؟

٢. دەسەڵاتی میدییەکان لە خۆرهەڵات بۆ ..................... و باکوریشەوە تا ............. و ......................، لە خۆرئاوا تا ڕووباری .................. درێژبۆتەوە.

٣. لە ساڵی ٧٠٠ پ. ز دیاکۆ پاشای میدییەکان شاری ........................... کردە پایتەختی دەوڵەتەکەی.

## هەڵسەنگاندن

١. دەوڵەتی میدیا کەی دامەزرا و کێ دایمەزراند؟

٢. ئەمانە پێناسە بکە: (کەیخەسرەو)، (دیاکۆ)، کۆرش.

## چالاکیماڵەوە

قوتابی خۆشەویست: هۆکاری ڕووخانی دەوڵەتی میدیا ناتەبایی ناوەخۆ بوو، بەڕای تۆ ئەنجامی تەبایی لە نەتەوەی خۆت چی دەبێت؟ بەچەند دێرێك ڕای خۆت دەربارەی خۆشەویست وڵات و خاك بنووسە.



هەڵکەندراوی ئەشکەوتی قزقاپان

# بـــەنــدی چوارەم

## شوێنەوار و ئایینە دێرینەکانی کوردستان

### ئامانجی فێربوون

١.قوتابی لەم بەندە ئاشنا بێت بە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان.

٢.لەڕووی جوگرافیەوە شوێنەوارەکان بزانێت و شارەزایی لێ هەبێت.

٣.هەڵسەنگاندن بۆ شوێنەوارە شارستانیەکانی نیشتمانەکەی بکات.

## وانەی یەكەم/ شوێنەوارە دێرینەكانی كوردستان

خاكی كوردستان لەبەرئەوەی لە بەرەبەیانی مێژووەوە، مرۆڤی لێ ژیاوە و چەندین شارستانییەتی جۆراوجۆری تێدا دەركەوتووە، ئەمەش بەهۆی بوونی میللەت و نەتەوەی جیاوازی لەسەر خاكەكەی ژیاون. بۆیە شوێنەوار و پاشماوەی جۆراوجۆر لە ئەشكەوت و هەڵكەندراو و قەڵاو قوللەو پەیكەر و ئێسك و پروسك و كەلوپەلی رۆژانەی زۆری تێدا دۆزراوەتەوە.

**شوێنەوارناس:**

ئەو كەسەیە كە لێكۆڵینەوە لە بارەی مێژوو و پێش مێژوو، لە رێگەی كنەو پشكنین و دۆزینەوەی پارچە شوێنەوارەكان و پاشماوەی پەیكەری مرۆڤ و ئاژەڵ و نووسینەكان ئەنجام دەدات، بۆ زانینی مێژووی تۆماركردن و شیكردنەوە و پارێزگاریكردن بۆ نەوەكانی داهاتوو.

قەڵای هەولێر ساڵی ٢٠٠٥ زایینی لەلایەن رێكخراوی یونسكۆ بە یەكێك لە گرنگترین ١٠٠ شوێنەواری جیهان دەستنیشانكراوە، كە پێویستە وەك كەلتورێكی مرۆڤایەتی پارێزگاری لێوە دەكرێت.

### زانیاری پێویست

**چەندین شوێنەواری كۆن لە كوردستان هەن:**

١ - ئەشكەوتی شانەدەر: گەورەترین و بەناوبانگترین ئەشكەوتەكانی كوردستانە دەكەوێتە چیای برادۆست لە پارێزگای هەولێر، لە نێوان ساڵانی ١٩٥١ - ١٩٦١ لە لایەن تیمێكی ئەمەریكی پشكنینی تێدا ئەنجامدراوە، مێژووی ئەم ئەشكەوتە بۆ سەردەمی نێوان ٧٥ - ٤٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەرێتەوە، لە قۆناغی چاخی بەردینی كۆندا مرۆڤی تیادا ژیاوە، ئێسك وپروسكی كۆنترین جۆری مرۆڤی تێدا دۆزراوەتەوە.

٢- ئەشكەوتی هەزارمێرد: دەكەوێتە دووری ١٣كم لە باشوری خۆرئاوای سلێمانی لە دامێنی چیای (بەرانان)، لەلایەن شوێنەوارناسێكی ئەمەریكی ساڵی ١٩٢٨ز پشكنینی بۆ كراوە، مێژووەكەی بۆ ٥٠,٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ قۆناغی چاخی بەردینی كۆن دەگەرێتەوە.

٣/ گوندی چەرمۆ: ئەم گوندە دەكەوێتە دووری ١١ كم لە خۆرهەڵاتی شاری چەمچەماڵ لەسەر چەمی گەورە، كە یەكێكە لە لقەكانی رووباری( رۆخانە و تاووغ چای) لە پارێزگای كەركووك، خەڵكی گوندی چەرمۆ ئاژەڵیان ماڵی كرد، و گەنم و جۆ و نیسك و نۆك و پاقلەیان چاند، گڵێنەیان دروست كرد و خانوویان بونیادناوە،هەروەها پەیكەری خواوەندیان بەشێوەی بووكەڵەی قورین درووست كرد وەك ئاماژەدان بە خواوەندی دایك.

٤/ قەڵای هەولێر: مێژووی دروستبوونی دەگەرێتەوە بۆ زیاتر لە شەش هەزار پێش زایین ولەسەر گردێكی دەستكرد لەلایەن سوبارییەكان ودواتر هۆرییەكان

دروستكراوە، یەكێكە لە كۆنترین ئەو شارانەی كە تائێستا ژیانی لێ بەردەوام بووە و نەك هەر بە زیندوویی ماوەتەوە بگرە گەشەكردنێكی زۆری بەخۆیەوە دیوە. لە كۆنترین بەڵگەنامە سۆمەریەكان هەولێر بە ناوی (ئوربیلم) تۆماركراوە، كە بەمانای (شاری خواوەند بیل) دێت ، ئاشورییەكانیش بە (ئەربائیلۆ) ناویان بردووە كە بەمانای (شاری چوار خواوەند) دێت.

لەسەردەمی ئاشورییەكان بایەخ بە شاری هەولێر دراوە و زیاتر ئاوەدانیان كردۆتەوە، پاشای ئاشوری (سەنحاریب) پرۆژەی ئاوی بە شێوەی كارێز لە چەمی (بەستۆرە)وە بۆ ڕاكێشاوە.

**چەرمۆ:**

**یەكێكە لە كۆنترین گوندە كشتوكاڵییەكان لە جیهاندا، مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ (هەزارەی حەوتەمی پێش زایین).**

## چالاكی

مامۆستای بەڕێز قوتابیان بكە بە چەند گروپێك و هەریەكە لە گروپەكان شوێنەوارێك لەسەر كاغەز بنووسێت و باسی ئەو شوێنەوارە بكات، دواتر نەخشەیەكی هزری دروست بكەن و هەموو شوێنەوارەكانی لەسەر دیاری بكەن و لەسەر دیوار هەڵی بواسن.



ئەشكەوتی شانەدەر



قەڵای هەولێر

## هەڵسەنگاندن:

١ـ چوار لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان بژمێرە؟

٢ـ ئەشکەوتی شانەدەر دەکەوێتە چ چیایەك و لە چ پارێزگایەك، چ جۆرە مرۆڤێکی لێ ژیاوە؟

٣ـ کۆنترین ناوی هەولێر چی بووە؟

٤ـ قەڵای هەولێر لەلایەن کام لە میللەتە دێرینەکانی کوردستان دروستکراوە.

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی زیرەك هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو شانازی بە شوێنەوارە دێرینەکانی خۆیان دەکەن، چونکە ڕەنگدانەوەی شارستانییەتی ئەو وڵاتە نیشان دەدات، بۆیە بە بەردەوامی گرنگی بەو شوێنەوارانە دەدەن، چ بیرۆکەیەکت هەیە بۆ ئەوەی ئێمەش لە کوردستان زۆرترین سوود لەم شوێنەوارە دێرینانەی خۆمان وەربگرین، بەچەند خاڵێك بینووسەوە:

-١

-٢

-٣

-٤

## وانەی دووەم: پاشماوەکانی دەوڵەتی ئۆرارتۆ:

دەوڵەتی ئۆرارتۆ لەسەدەی نۆیەمی پێش زایین لە باکوری کوردستان دامەزرا و پایتەختەکەشی شاری توشبا(وان) بوو ، سنوری دەسەڵاتی هەموو ناوچەی چیای ئاگری داغ (چیای ئارارات) ی دەگرتەوە هەر بۆیەش بە دەوڵەتی ئۆرارتۆ ناسراوە، پاشان سنوری دەوڵەتەکە فراوان بوو تا لە باشور ناوچەکانی ئەمڕۆی برادۆست و ڕەواندزی گرتەوە و لە خۆرئاواش گەیشتە ڕووباری فورات.

### زانیاری پێویست

شوێنەوارەکانی ئەم دەوڵەتە زۆرن، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژە بە دوو لەوانە دەکەین ئەوانیش :

یەکەم/میلی کێلەشین: لەلایەن پاشا (ئیشپونی) کوڕی (ساردور)پاشا، دانرابوو لەناوچەی سیدەکان لەسەرسنوری ئەمڕۆی عێراق و ئێران، لەسەر ئەم میلە پاشا (ئیشپونی) بەنووسینی بزماری و بەزمانی ئۆرارتۆ باسی گەشتەکەی کردووە بۆ پەرستگای خواوەند(خالدی) لەناوچەی (موساسیر) نزیك ڕەواندز و هەرەشە لەو کەسانە دەکات کە دەستکاری میلەکە دەکەن بەوەی بەرنەفرەتی خواوەند(خالدی) دەکەون. دانیشتوانی ناوچەکە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ ئەم میلەیان پاراست، بەڵام لەکاتی جەنگی عێراق- ئێران ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ دەسەڵاتدارانی ئێرانی گواستیانەوە بۆ مۆزەخانەی شاری (ئورمیە) لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

دووەم/ میلی تۆپزاوا: ئەم میلەش لەناوچەی سیدەکان دانرا بوو لەلایەن پاشا(روسا) کاتێك کە توانی پەیمانێك لەگەڵ میر و سەرکردەکانی کوردستان مۆر بکات بۆ وەستان بەرامبەر هێرش و پەلاماری ئاشورییەکان، ئەو پەیمانەشی لەسەر ئەو میلە تۆمارکرد، ئەم میلە ئێستا لە مۆزەخانەی شارستانی هەولێرە.

### چالاکی

مامۆستای بەڕێز لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ لەسەر دەوڵەتی ئۆرارتۆ بکەن.

### هەڵسەنگاندن:

١- میلی کێلەشین دەکەوێتە کێ و باسی چی دەکات؟

٢- بۆچی ئەم میلە لە شوێنی خۆی نەما؟

٣- میلی تۆپزاوە لەکوێ دانرابوو؟ چی لەسەر نووسراوە؟

### چالاکی ماڵەوە:

**شوێنەوارەکانی کوردستان چ سوودێکیان هەیە، من چ شوێنەوارێکم بینیوە؟**

## وانەی سێیەم/ ئاینی دانیشتوانی کوردستان پێش هاتنی ئیسلام

**١_ ئاینی زەردەشتی:** بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام زۆربەی دانیشتوانی کوردستان و ئێرانیش لەسەر ئایینی زەردەشتی بوون، ئەم ئایینە لە لایەن نێردراوەکەوە بڵاو بووتەوە کە ناوی زەردەشت بووە، ساڵی ( ٦٦٠ پ.ز. ) ناوچەی ئورمییە لە خۆرهەلاتی کوردستا لەدایک بووە، کتێبی پیرۆزی زەردەشتیان ناوی ( ئاوێستا ) بوو، ئایینی زەردەشتی ئاینێکی یەکتاپەرستی بووە، داوای ئاگر پەرستی نەکردوە بەڵکو ئاگری بە توخمێکی پیرۆزی ژیان داناوە، هەر بۆیە بە پەرستگای زەردەشتیان دەگوترا ( ئەتاشگە ).

**لە ئاینی زەردەشتی دا دوو هێز هەن:**

١- هێزی خێرو چاکە (ئاهورامزدا)، کە خۆی لە خوای تاك و تەنیا بەرجەستە دەکات.

٢- هێزی شەڕ و خراپە (ئەهریمەن).

لە کۆتاییدا هێزی خێر و چاکە بەسەر هێزی شەڕ و خراپە سەردەکەوێ. ساڵی ٥٨٣ پ.ز لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا، کاتێك بانگەوازی بۆ ئاینەکەی دەکرد، لە نزیك سنووری وڵاتی چین دەکوژرێت.

**٢_ ئاینی مەسیحی:** دووەم ئایین لە دوای ئاینی زەردەشتی ئاینی مەسیحی بوو، کە ژمارەیەکی زۆر لە پەیڕەوکەرانی لە کوردستان هەبوون، مێژووی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستان، بۆ سەدەی یەکەمی زاینی دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی یەکێك لە قوتابیە (حەواریە)کانی حەزرەتی عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) کە ناوی (مارئەدی) بوو نێردرا بۆ شاری ڕوها (ئورفە) ی پایتەختی میرنشینی (ئوسروهینی) لەکوردستان، ئەوکاتە حاکمی شارەکە ناوی ئەبکری پێنجەم (ئەبکر ئۆکاما) بوو، دوای چارەسەرکردنی ئەم حاکمە لە نەخۆشیەکەی لەلایەن (مارئەدی) باوەڕ بە ئاینی مەسیحی دەهێنێ و زۆربەی خەڵکەکەش باوەڕ بە ئاینە نوێیەکە دەهێنن، دواتر (مارئەدی) بەرەو شارەکانی دیکەی کوردستان وەك نسێبین و نەینەوا و هەولێر و کەرکوك دەڕوات، ئاینی مەسیحی و کتێبی ئینجیل لەو ناوچانە بڵاو دەکاتەوە. سێ مەڵبەندی سەرەکی هەبوون بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستان

ئەوانیش: (ڕوها و هەولێر و کەرکوك). دوای هەرەسهێنانی شاری ڕوها، شاری هەولێر بۆتە مەڵبەندی کەنیسەکانی هەموو کوردستان، ژمارەیەکی باشیش لە نوسەرە مەسیحییەکان دەرکەوتن کە لە هەموویان بەناوبانگتر (ئەلرۆحانی مشیحازخا) بوو کە یەکێکە لە قەشە یەکەمەکان کتێبێکی بەناوی مێژووی هەولێر (تاریخ اربل)

داناوە، ئەم کتێبە لە شێوەی کرۆنۆلۆژیای هەولێر (سالنامەی ڕووداوەکانی هەولێر) لە سەدەی شەشەمی زاینی بە زمانی سریانی نووسراوە.*

مشیحازخا بە باوکی مێژووی کوردستان دادەنرێت، چونکە یەکەم کەسە لەسەر کوردستانی ولاتی خۆی نووسیوەو، زۆر شانازی بە خاك و نیشتمان و گەلەکەی و کەڵەپیاوانی وڵاتەکەی کردووە.

**٣_ ئاینی یەهودی (جولەکە):** سێیەم پێکهاتەی ئاینیی لە کوردستان بەر لە هاتنی ئیسلام ئاینی جولەکە بووە، مێژووی هاتن و بڵاوبوونەوەی ئاینی جولەکە بۆ دوو سەردەم دەگەڕێتەوە:

١_ سەدەی ٩ پ.ز کاتێ پاشای ئاشوری شەلمانسەری سێیەم (٨٥٨ _ ٨٢٤ پ.ز) لە هێرشێکی دا بۆسەر سوریا ژمارەیەکی زۆری دیلی جولەکەی هێنا و لە کوردستان (وڵاتی میدیا) نیشتەجێی کردن، دواتر لەسەدەی ٨ ی پ.ز پاشایەکی دیکەی ئاشوری سەرجۆنی دووەم (٧٢١_ ٧٠٥ پ.ز) هێرشێکی دیکەی کردە سەر فەلەستین و هەزارەها جولەکەی دیکەی هێنایە کوردستان (وڵاتی میدیا).

٢_ پاشای کلدانی نەبوخزنەسر سەدەی ٧ پ.ز لەنێوان ساڵانی (٦٠٤_ ٥٦٢ پ.ز) لە دوو هێرشی بۆ سەر فەلەستین توانی لە هێرشی یەکەم ساڵی ٥٩٧پ.ز (٣٠٠٠) جولەکە و لە هێرشی دووەم ساڵی ٥٨٦ پ.ز (٤٠٠٠) جولەکە بهێنێتە وڵاتی دووڕووبار و میدیا (کوردستان)، ئەم دوو هێرشە بە (بەدیلگرتنی بابلی یەکەم) و (بەدیلگرتنی بابلی دووەم) ناسراون، لەنێوان ساڵانی (١٩٤٨_ ١٩٥٢) جولەکەکان عێراق و کوردستانیان بەرەو ئیسرائیل بەجێ هێشت.

**زانیاری پێویست**

کرۆنۆلۆژیا: بریتییە لە زانستی دیاریکردنی ڕووداوەکان بەپێی کات و ماوەی ڕووداوەکان و دیاریکردنی مێژووەکەی بەشێوەیەکی ورد و دروست، واتە سالنامەی مێژوو.

زەردەشت: نێردراوی ئاینی زەردەشتی بووە لە ساڵی ٦٦٠ پ.ز لەناوچەی ئورمیە لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە، خاوەنی کتێبی ئاوێستا بووە. ساڵی ٥٨٣ پ.ز لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

* کرونوجیا اربیل - عزیز عبدالاحد نباتی - هەولێر- ٢٠٠١

## چالاکی

ماموستای بەڕێز (کوردستان هەر لە کۆنەوە سەنتەرێکی پێکەوەژیانی نێوان ئاین و نەتەوەکان بووە)، لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ لەبارەی ئەم گوزارشتە بکەن و نمونەی بۆ بهێننەوە.

## هەڵسەنگاندن

١- زەردەشت ساڵی ٦٦٠ پ.ز لە خۆرهەڵات کوردستان لە شاری ................ لە دایکبووە.

أ/ کرماشان　　ب/ سنە　　ج/ ئیلام　　د/ ئورمیە.

٢- کرۆنۆلۆژیا واتای چی دەگەیەنێت؟

٣- مێژووی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستان بۆ چ سەدەیەك و چ شارێك دەگەڕێتەوە؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئازیز لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت گفتوگۆ لەسەر بوونی جولەکەکان لە کوردستان بکە، بەچەند دێرێك باسی لە دابونەریت و شوێنی نیشتەجێبوونیان بکە.

# بەندی پێنجەم

## كوردستان لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی میدیا

### ئامانجی فێربوون

١. بارودۆخی كوردستان دوای ڕووخانی دەوڵەتی میدیا هەڵبسەنگێنێت.

٢. بزانێت كەوا كوردستان دوای ئەوەی كەوتە ژێر دەستی داگیركەران چی بەسەرهات.

٣. بە هەوڵ وتەقەڵای كورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و وەستان دژی داگیركەران لەم قۆناغەدا ئاشنا دەبێت.

٤. گرنگترین شوێنەوارەكانی ئەم سەردەمە لە كوردستان بناسێت .

٥. بزانێت بارودۆخی كوردستان لەسەردەمە جیاوازەكان چۆن بووە.



## وانەی یەکەم / کوردستان لەسەردەمی ئەخمینی(هەخامەنشینی) ٥٥٠-٣٣١پ.ز

ساڵی ٥٥٠ پ.ز یەکەم دەوڵەتی فارسی لە ئێران بەناوی ئەخمینی(هەخامەنشینی) لەسەر دەستی (کۆرشی گەورە) دامەزرا کە توانی جگە لە ئێران دەست بگرێت بەسەر هەموو خاکی میدیا(کوردستان) و بابل(وڵاتی دوو ڕووبار) و لیدیا(ئاسیای بچوك وئەنادۆڵ) و وڵاتی شام.

سەرەڕای ئەم بەهێزییەی دەوڵەتی ئەخمینی، کەچی دانیشتوانی میدیا لە هەوڵی بەردەوام دابوون بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتی بێگانە ڕزگاریان بێت، بۆ نمونە لەسەردەمی پاشا قەمبیز(کەمبوجیە) کە لە دوای(کۆرش) دەسەڵاتی گرتەدەست و ساڵی ٥٢٥ پ.ز توانی وڵاتی (میسر)داگیر بکات، دانیشتوانی میدیا بە سەرکردایەتی (فراورتیس) شۆڕشێکیان بەرپاکرد و ناوچەکەیان بۆماوەیەك ئازاد کرد، بەڵام پاشای ئەخمینی دارا (داریوش) کە لەنێوان ساڵانی (٥٢٢-٤٨٦) پ.ز. فەرمانڕەوایی کردووە، توانی شۆڕشەکەی هەرێمی میدیا و ناوچەکانی تریش دابمرکێنتەوە، و هەموو سەرکەوتنەکانیشی لە کێوی بێستون هەڵکۆڵی(نەخشاند) نزیك شاری کرماشان لە خۆرهەڵاتی کوردستان ، بە هەرسێ زمانی فارسی کۆن و ئەکەدی(بابلی) و عیلامی، سەرکەوتنەکانی تۆمارکرد، ئەم شوێنەوارە ئێستا بە (تاق بوستان) بەناوبانگە.



(تاق بوستان لە کرماشان)

## زانیاری پێویست

ساڵی ٤٠٤ پ.ز (ئەرتەحشستای دووەم) دەسەڵاتی لە دەوڵەتی ئەخمینی گرتە دەست، بەڵام (کۆرشی بچوك) ی برای کە حاکمی (لیدیا) بوو چاوی لە دەسەڵات بوو، بۆیە داوای یارمەتی لە یۆنانییەکان کرد، ئەوە بوو یۆنانییەکان ١٠ هەزار جەنگاوەریان وەك بەکرێگیراو(المرتزقة) نارد بۆ یارمەتیدانی کۆرش،

ساڵی ٤٠١پ.ز. لە ئەنجامی ئەو شەڕەی کە لەناوچەی بابل ڕوویدا لەشکرەکەی کۆرش شکا و کۆرش خۆیشی کوژرا. دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە پاشماوەی لەشکرە گەورەکەی یۆنان لەژێر سەرکردایەتی (زەینەفون) بە باکوری وڵاتی دوو ڕووبار(کوردستان) گەڕانەوە بۆ یۆنان، بەڵام لە ناوچەکانی ئەمڕۆی زاخۆ و جزیرەی بۆتان تووشی بەرگری و بەرهەڵستییەکی دلێرانەی دانیشتوانی ناوچەکە هاتن و ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەرە یۆنانییەکان کوژران، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە زەینەفون ئەم سەفەر و گەشتەی لە کتێبێکدا تۆمارکرد بەناوی ئەناباسیس (بەسەرکەوتن = الصعود) ودانیشتوانی ناوچەکەشی بە (کاردۆخییەکان) ناوبردووە و ئاماژەشی بەوە کردووە کەوا کاردۆخییەکان هیچ کات بەتەواوەتی ملکەچ و گوێڕایەڵی پاشاکانی فارس و ئەرمەن نەبوونە.

ساڵی ٣٣١پ.ز لەشکری یۆنانی بەسەرکردایەتی ئەسکەندەری مەکدۆنی توانیان سەرکەون بەسەر لەشکری ئەخمینی بەسەرکردایەتی دارا(داریوشی سێیەم) کە دواپاشای ئەخمینییەکان بوو لە شەڕی ئەربێلا(گۆگامێلا) نزیك هەولێر و شکانی ئەخمینییەکان لەم شەڕەدا هەلێکی باش بوو بۆ ئەوەی میدییەکان جاڕی سەربەخۆیی بدەن لەژێر سەرکردیەتی (ئاتروپات) کە پێشتر سەرکردەیەکی سەربازی بوو لەسوپاکەی داریوشی سێیەم، ئەم قەوارە سەربەخۆیەش لە هەرێمی میدیا بەناوی (ئاتروپاتگان) ناسراوە بەناوی سەرکردە دامەزرێنەرەکە (ئاتروپات).



ئەسکەندەری مەکدۆنی



شەڕی ئەربێلا (گۆگامێلا)

## چالاكی

مامۆستای بەڕێز قوتابیان بكە چەند گروپێك و هەر گروپە ناوی پاشایەكی ئەخمینی  بنودسێت و دواتر باسی ڕۆڵی پاشاكان بكەن.

## هەڵسەنگاندن:

١- دەوڵەتی میدیا بەدەستی كام لەم هێزانە ڕووخا؟

أ/ئاشورییەكان ب/ كلدانیەكان ج/ ئەخمینیەكان چ/ یۆنانیەكان

٢- وڵاتی میسر ساڵی (٥٢٥)پ.ز داگیركرا لەلایەن پاشانی ئەخمینی؟

أ/ داریوش ب/ قەمبیز ج/ كۆرش د/ ئەرتەحشتای دووەم

٣- شوێنەواری تاق بوستان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان دەكەوێتە كام شار؟

أ/ ئورمیە ب/ سنە ج/ ئیلام چ/ كرماشان

## چالاكی ماڵەوە:

قوتابی ئەزیز شەڕی گۆگامێلا چیە ؟ دەرئەنجامەكەی چی بوو؟ بەچەند دێرێك باس لە دەرئەنجامە خراپەكانی شەڕ بكە

## وانەی دووەم / کوردستان لەسەردەمی هێلینی(یۆنانی) ٣٣١ - ٢٥٠پ.ز

دوای سەرکەوتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی بەسەر ئەخمینییەکان ئیتر تەواوی ناوچەکانی خۆرهەڵات تا دەگاتە ناوەراستی ئاسیا بوونە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتە فراوانەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی، ساڵی ٣٢٣پ.ز. ئەسکەندەر لەشاری بابل دەمرێ و ئەوەبوو موڵکەکانی بەسەر چوار لە سەرکردە سەربازییەکانی دابەشکران، بەپێی ئەوە وڵاتی دوو ڕووبار(بەتەواوی عێراق وکوردستانەوە) لەگەڵ ئێران و وڵاتی شام بەر (سلۆقس) کەوت و لەم ناوچانەدا (دەولەتی سلۆقی) لە ساڵی ٣١٢پ.ز. دامەزرا. میسر بەر (بەتلیمۆس) کەوت ودەوڵەتی (بەتاڵیسە)ی تیا دامەزراند لە ساڵی ٣٠٥پ.ز. بەمەش یۆنانییەکان دەسەڵاتیان لە ڕۆژهەڵات لەدوای مردنی ئەسکەندەریش بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا شارستانێتی یۆنانی (ئەغریقی) کە بە (شارستانێتی هێلینی) ناسراوە لەگەڵ (شارستانێتی خۆرهەڵات) تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر بوون و شارستانێتیەکی نوێی لێ هاتە ئاراوە کە بە (شارستانێتی هێلنستی) ناسراوە.



پەیکەرەکانی چیای نەمرود

## زانیاری پێویست

یەکێ لەو شارانەی کە سلۆقس سەرلەنوێ نۆژەنی کردەوە و بایەخی پێدا شاری کەرکوك بوو، کە بە شاری(کەرخا- دبیث سلۆخ) ناسرا، و شوورە و پەرژینێکی قاییمی بەدەوری شارەکەدا دروستکرد.

لەگرنگترین شوێنەوارەکانی سەردەمی سلۆقی لە کوردستان بریتیین لە پەیکەرەکانی چیای نەمرود لە پارێزگای سەمسور(ئادیامان) کە بۆسەردەمی ئیمپراتۆری سلۆقی (ئەنتۆخیۆسی یەکەم) دەگەڕێتەوە و ناوچەکە بەگرنگترین مۆزەخانەی کراوە (والاّ)ی جیهان دەژمێردرێت ومێژووی دروستکردنی پەیکەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش زایین.

## چالاکی

مامۆستای بەڕێز قوتابیان بکە چوار گروپ باس لە دابەشبوونی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بکە.

## هەڵسەنگاندن

١. شارستانیتی هێلنستی چۆن هاتە ئاراوە؟

٢. شاری کەرکوك لەسەردەمی کێ نۆژەن کرایەوە؟

٣. پەیکەرەکانی چیای نمرود دەکەوێتە کوێ؟

٤. پایتەختی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەکوێ بوو؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئازیز بەیارمەتی ئەندامانی خێزانەکەت باس لە شاری کەرکوك بکە و بۆچی تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە ژێر ئیدارەی هەرێمی کوردستان؟

## وانەی سێیەم/ کوردستان لەسەردەمی ئەشکانی(فورثی)و رۆمانەکان ٢٥٠پ.ز-٢٢٦ز

یەکێ لە هۆکارەکانی لاوازبوون و دواتر ڕووخانی دەوڵەتی سلۆقی ئەو شەڕانە بوو کە لەگەڵ دەوڵەتی بەتاڵیسە ڕوویاندا، ئەمەش ڕێگا خۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی تازە لەباکوری خۆرهەڵاتی ئێران لە ناوچەی بارثوا (خوراسان) لەدەوروبەری ساڵانی ٢٥٠پ.ز بەناوی دەوڵەتی فورثی(ئەشکانی) لەلایەن دووبرا بەناوەکانی (تیریداتس ) و (ئەرشاك)، ئەشکانییەکان دوای چەندین شەڕ توانیان سەرکەون بەسەر سلۆقییەکان وساڵی ١٤١پ.ز شاری (سلۆقیە)ی پایتەختی سلۆقی و وڵاتی دوو ڕووباریان گرت ، ساڵی ١٢٦پ.ز دەستیان بەسەر میدیا(کوردستان) دا گرت. لەبەر فراوان و گەورەیی ئیمپراتۆریەتییەکەیان دوو پایتەختیان بۆ خۆیان دانا، یەکەمیان (ئەکباتانا)ی میدییەکان بوو کەپایتەختی هاوینەیان بوو، دووەمیان (تەیسەفون ) نزیك(سلۆقیە) لەسەر بەشی خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە، پایتەختی زستانەیان بوو.

بارودۆخی ئابووری کوردستان بەتایبەتی بازرگانی لەسەردەمی پاشای ئەشکانی(متریداتسی دووەم) زۆرگەشەی کرد، چونکە کوردستان بووە ڕێگای سەرەکی نێوان چین و ئەوروپا بۆ تێپەڕینی ئاوریشمی چینی، هەر بۆیە (ڕێگای ئاوریشم) بەناو جەرگەی خاکی کوردستاندا تێدەپەڕی دوای ئەو ڕێکەوتنامەیەی کە لەنێوان پاشای ئەشکانی و ئیمپراتۆریەتی چین بەسترا لە دەوروبەری ساڵانی ١١٥پ.ز.

دەوڵەتی فورثی(ئەشکانی) لای مێژووناسان بە پاشایەتی بنەماڵەکان(ملوك الطوائف) ناسراوە، چونکە فورثییەکان بواریان بە دامەزراندنی چەند میرنشینێکی ناوخۆیی دا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا و نیمچە سەربەخۆییان پێ بەخشین و ڕێگایان بە خەڵکی ئەو ناوچانەدا خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، بەڵام سەر بە مەرکەز(تەیسەفون) ی پایتەخت لە ژێر تاجی پاشای فورثی.

### زانیاری پێویست

**لەگرنگترین ئەو میرنشین و حکومەتانەش لە کوردستان وەك:**

١-**میرنشینی حدیاب(ئەدیابین):** لەنێوان هەردوو زێی گەورە و زێی بچوك دابوو، قەڵای هەولێر پایتەختی ئەو میرنشینە بوو.

٢-**میرنشینی ئاترووباتین:** لە دەورووپشتی دەریاچەی ئورمیە.

٣- **میرنشینی کوردۆئینی:** لە ناوچەکانی دیاربەکر و دەورووپشتی.

٤-**میرنشینی ئوسروهینی:** لە ناوچەی ڕوها (ئورفە) و جزیرەی بۆتان.

لەم کاتانەدابوو کەوا شەڕ و ململانێی نێوان فورثەکان و ڕۆمانەکان گەیشتە ترۆپکی و بەشی زۆری شەڕ و پێکدادانەکانیشیان لەسەر خاکی کوردان بوو، هەر بۆیە شارەکانی سەر سنووری نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە وەك نسێبین وحەران و ڕوها(ئورفە) چەندین جار تووشی وێران و کاولبوون هاتن، تا دواجار لە دوای ساڵی ٩٥پ.ز بەشێکی زۆری باکور و خۆرئاوای کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمانەکان.

لەماوەی حوکمڕانی ڕۆمانەکان لە کوردستان چەندین شوێنەوار و پاشماوەیان جێهێشتووە«لەوانە شورەی گەورەی شاری ئامەد(دیاربەکر) کە بە دووەم شورە لە دوای شورەی مەزنی چین دەژمێردرێت، ئەم شوورەیە ساڵی ٣٤٩ ز لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆمانی (قوستەنتین) سەرلەنوێ نۆژەن کراوەتەوە، درێژی شورەکە (٥،٥) پێنج کیلۆمەتر و نیوە، (٤) چوار دەرگای سەرەکی هەیە، (٨٢) بورج(قوللە)ی پاسەوانی تێدایە.

### کۆتایی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان:

جەنگی دووروودرێژی دووسەدەی نێوان ڕۆمانەکان و ئەشکانییەکان هۆکاری سەرەکی لاوازبوونی دەوڵەتی ئەشکانی بوو، بەڵام هەڵگەڕانەوە و شۆڕشی ویلایەت و میرنشینەکانیش زۆر کاریگەر بوون، بەتایبەتی شۆڕشی هەرێمی فارس بە سەرکردایەتی (ئەردەشێر کوری بابەك کە توانی کۆتایی بەدەسەڵاتی (ئەردەوانی پێنجەم) بهێنێت و دەوڵەتی ئەشکانی(فورثی) بڕوخێنێت و دەوڵەتی ساسانی دابمەزرێنێت ساڵی ٢٢٦ز.

**یەکێك لەو پردە نایاب و دەگمەنانەی کە بۆ سەردەمی ڕۆمانەکان دەگەڕێتەوە پردی (عەین دیوار) نزیك شاری دێریك لە ڕۆژئاوای کوردستان، پردی دەلال لە زاخۆ (کە بە الجسر العباسی ناسراوە).**

## ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و بیزەنتی:

ناوی ڕۆمانی لە ناوی (ڕۆما)ی پایتەختی (ئیتاڵیا) وەرگیراوە کە حوکمرانی باشوری ئەوروپا و باکوری ئەفریقیا و ناوچەکانی ئەنادۆل و شام و بەشی زۆری (باکورو ڕۆژئاوای کوردستان) ی دەکرد، بەهۆی فراوانی ناوچەکانی ژێردەستی ئمپراتۆریەتەکە ساڵی ٣٩٥ زاینی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دابەشکرا بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، پایتەختی ڕۆمانی ڕۆژئاوا شاری ڕۆما بوو، هەروەها پایتەختی ڕۆژهەڵاتی شاری بیزەنتە بوو کە دواتر ناوی بووە (قوستەنتینییە) دواتریش بووە ئەستەنبۆل، هەر بۆیە ئمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات بە (ئمپراتۆریەتی بیزەنتی) ناسرا.

### چالاکی

مامۆستای بەڕێز قوتابیان بکە چەند گرووپێك داوایان لێبکە شیکردنەوە بۆ میرنشینەکانی کە لە کوردستان هەبوون بکەن.

### هەڵسەنگاندن:

١. دەوڵەتی ئەشکانی کەی دامەزرا و لەلایەن کێ دامەزرا؟

٢. دەوڵەتی ئەشکانی دوو پایتەختی هەبووە: .......................، ........................... .

٣. بە پردی دەلال لە زاخۆ چ دەگوترا؟

٤. هۆکاری رووخانی دەوڵەتی ئەشکانی چی بوو؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ژیر سێ لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان بنوسە و بەکورتی باسیان بکە وە ئەگەر دەتوانی وێنەی شوێنەوارەکان بکێشە.



پردی دەلال لە زاخۆ


## وانەی چوارەم / کوردستان لەسەردەمی ساسانی ٢٢٦ز - ٦٣٧ز(١٦کۆچی)

### ساسانییەکان

دەوڵەتی ساسانی ساڵی ٢٢٦ز لەلایەن ئەردەشێر کوڕی بابەك لە هەرێمی فارس(باشوری ئێران) دامەزرا دوای ئەوەی توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی فورثییەکان(ئەشکانییەکان) بهێنێت و(ئەردەوانی پێنجەم)ی دوا پاشایان لەناو ببات و شاری مەدائین لە خوار بەغدای ئەمڕۆ لەسەر ڕووباری دیجلە پایتەختی ساسانییەکان بووە. ساسانییەکان بەناوی (ساسان)ی باپیری (ئەردەشێر) ەوە ناونراون کەپیاوێکی ئاینی و زانا بووە.

یەکەم کاری ئەردەشێر لەناوبردنی دەسەڵاتی پاشا (مادك) بوو فەرمانڕەوای ناوچەکانی ئەمڕۆی لوڕستان وبەختیاری و کرماشان و ئیلام، پاشان پەلاماری میدیا وحدیاب و ئوسروهینی و کوردۆئینی دا. دانیشتوانی کوردۆئینی بەڕووی لەشکری ساسانییەکان وەستان و بەرپەرچیان دانەوە و سەربەخۆیی خۆیان پاراست، بەڵام کاتێ شاپووری یەکەم کوڕی ئەردەشێر ساڵی ٢٤٢ز هێزێکی گەورەی نارده سەر کوردۆئینی و گەمارۆیەکی توندی درێژخایەنی خستە سەر شاری ئامەد (پایتەختی کوردۆئینی) و خەڵکەکەی تووشی برسێتی و دەردەسەرییەکی گەورە کرد و دواجار داگیری کرد. ئینجا میرنشینی (الحضر) و (ئەرمینیا)ی داگیرکرد. دوای ئەمانە خۆی بۆ شەڕی بێزەنتییەکان تەرخانکرد لە سوریا و توانی بەسەریاندا سەربکەوێ. دانیشتوانی کوردۆئینی بە هاوکاری بێزەنتییەکان توانیان خۆیان لەژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان ڕزگاربکەن و سەربەخۆیی خۆیان جارێکی دیکە ڕابگەیەننەوە، بەڵام شاپوری دووەم کەساڵی ٣١٠ز دەسەڵاتی گرتە دەست و نزیکەی حەفتا ساڵ لە حوکمدا مایەوە ،لە ساڵی ٣٦٠ز هێزێکی گەورەی نارده سەر شاری ئامەد (پایتەختی کوردۆئینی) و بۆماوەی ٧٣ ڕۆژ گەمارۆی خستەسەر و داگیری کردەوە.

## ئیمپڕاتۆریەتی ساسانییەکان



ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر - سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خزنشار - ٢٠١٠

## زانیاری پێویست

شەڕوململانێی نێوان ساسانییەکان و بیزەنتییەکان گەیشتە ناو قووڵایی خاکی کوردستان و کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ژیان و چالاکی دانیشتوانەکەی بەجێهێشت» ئەمە لەلایەك. لەلایەکی تریشەوە دانیشتوانی کوردستان بەردەوام هەوڵی سەربەخۆیی و رزگارکردنیان دەدا لە ژێر دەسەڵاتی ئەم داگیرکەرانەدا، بۆیە چەندین جار شۆڕش و ڕاپەرینیان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دا. ئەم شەڕ وململانێی نێوان ساسانییەکان و بیزەنتییەکان بەردەوام بوو تا هاتنی لەشکری موسڵمانەکان بۆ کوردستان ساڵی ٦٣٧ز(١٦ی کۆچی) و دواتر ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی ساڵی ٦٥١ز.

لە گرنگترین شوێنەوارو پاشماوەکانی ساسانییەکان لەکوردستان بریتین لە قەڵای (هەزار در) لە نزیك شاری (ئابدانان) لە خۆرهەڵاتی کوردستان، پردی ئەڵوەند لەشاری خانەقین و پەیکەری پەیکۆلی لەباشوری کوردستان. لە عێراقیش شوێنەواری تاقی کیسرا لە شاری مەدائین لە خوار بەغدای ئەمرۆ کەلەلایەن کیسرا ئەنو شیروان دروستکرا.

## چالاکی


مامۆستای بەڕێز بە شێوازی گروپ بەسوود وەرگرتن لە سەر بابەتی کوردستان لەسەردەمی ساسانییەکان و زانیاری گروپەکان پرسیار دروست بکەن و ئاراستەی یەکتری بکەن، وەڵامی پرسیارەکان لەسەر وایت بۆرد بنوسرێتەوە.

## هەڵسەنگاندن

گرنگترین شوێنەوارو پاشماوەکانی ساسانییەکان لەکوردستان چین؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ژیر لە مێژووی دێرینەوە ناکۆکی و جەنگ لە نێوان ساسانی و بیزەنتینییەکان هەبووە؟ بەڕای تۆ ئەم ناکۆکی و جەنگانە لە پێناو چی بووە؟ ئایا ئەمە کاریگەری لەسەر ناوچە کوردستانییەکان هەبووە؟ دەربارەی شەڕ و کاریگەرییەکانی چەند دێڕێك بنوسە.






تاقی کیسرا لەمەدائین



هەڕەمەکان



دۆڵی پاشاکان (وادی الملوك)

# بەندی شەشەم

## مێژووی کۆنی دۆڵی نیل (میسر)


### ئامانجی فێربوون

١. قوتابی لەم بەندەدا فێردەبێت ئاشنایی لەبارەی مێژووی میسری کۆن و دۆڵی نیل پەیدا بکات.

٢. هەڵسەنگاندن بۆ ئەو لایەنە شارستانییانەی لە ناوچەکە هەبووە بکات.

٣. شیکردنەوە لەبارەی هەرەمەکانی میسر بکات.

٤. ڕۆڵی بەناوبانگترین فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران بناسێت.




ئەتلەسی هەولێر – سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو – ٢٠١٠ ( بە دەستکارییەوە )

دۆڵی نیل

## وانەی یەکەم/ مێژووی کۆنی دۆڵی نیل

وڵاتی میسر دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی کیشوەری ئەفریقیا، بەسەر دوو دەریای گرنگدا دەڕوانێت، یەکەمیان دەریای سپی ناوەڕاست (ڕۆم) لە باکورەوە، ئەوی دیکەیان دەریای سور (قەڵزەم) لەخۆرهەڵاتەوە، بەشی باشوری میسر بریتی بوو لەوڵاتی سودان و بەم شێوەیەش هەر سێ کیشوەری (ئاسیاو ئەفریقیا و ئەوروپا) بەیەك دەگەیەنێت و هەر لەسەردەمانی کۆنەوە ڕێگای سەرەکی ئەم بەیەك گەیاندنە بووە. تێپەڕبوونی ڕووباری نیل بە وڵاتی میسر، گرنگیی زیاتری بە وڵاتی میسر بەخشیوە، هەروەك گەورە مێژوونوسێکی وەك هیرۆدۆتس دەڵێت: (میسر خواپێداوی نیلە).

### زانیاری پێویست

پێش دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی بنەماڵەکان، وڵاتی میسر بەچەند یەکەیەکی سەربەخۆ یان دەوڵەتۆکەی بچوك دا دابەش بووبوو چ لە باکورو چ لە باشور، هەریەکە لەم دەوڵەتۆکانەش فەرمانڕەوا و خواوەندی تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، تا لە سەردەمی شا (مینا) دا توانرا دەوڵەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنێت کە پایەتەختی شاری (مەنفیس) بێت و نزیکەی (٣١)بنەماڵە تیایدا فەرمانڕەوایەتی بکات.

### چالاکی

قوتابیان بە گرووپ بەپێی سەردەمەکانی دەسەڵات ڕێکخستن و پۆلینیان بۆ بکە:ـ

١ـ سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەکانی ( یەکەم و دووەم (خۆفۆ)، (تەرازووی زەوی)

٢ـ سەردەمی هەرەمەکانی بنەماڵەکانی (سێیەم تا شەشەم

### هەڵسەنگاندن

١- سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەکانی یەکەم و دووەم) بە فەرمانڕەوایەتی کێ دەست پێدەکات؟

٢- پاشاکانی بنەماڵەی سێیەم تا شەشەم بەچی بەناوبانگن؟

٣- وڵاتی میسر بەسەر دوو دەریای گرنگدا دەڕوانێت .................. و ......................... .

٤- میسر خوا پێداوی نیلە ئەم وتەیە هی کام مێژوونوسە ......................... .

٥- ڕووباری نیل چ گرنگیەکی بۆ وڵاتی میسر هەبووە؟

٦- لەسەردەمی کام پاشا توانرا دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە میسر دابمەزرێت .............. و پایتەختەکەی کوێ بوو ............................ .

### چالاکی ماڵەوە

قوتابی خۆشەویست لەسەر کاغەزێك وێنەی چەند هەرەمێك بکێشە و زانیاری لەسەر هەرەمەکان بنوسە.

ئەم بابەتە دەتوانی بەیارمەتی ئەندامێکی ماڵەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە زانیاری کۆ بکەیەوە.

## وانەی دووەم/ یەکەم: سەردەمی کۆن

**مێژووی چاخە کۆنەکان لەمیسر بۆچەند سەردەمێك دابەش دەکرێت ئەوانیش:**

ئەم سەردەمەش بەپێی ماوە مێژووییەکان بۆ چەند سەردەمێکی دیکە دابەش دەکرێت، لەوانە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەکان کە بنەماڵەی (یەکەم و دووەم) دەگرێتەوە و لەساڵی (٣١٠٠پ.ز. بەفەرمانڕەوایەتی پاشا (مینا) دەست پێ دەکات و شاری (مەنفیس) دەکەنە پایتەختی خۆیان، لە هەندێك سەرچاوە مێژووییەکان بەم شارە وتراوە (تەرازووی زەوی )، لەبەر ئەوەی ئەگەر بارودۆخ لەوێ نائارام بوایە، ئەوا دەبووە هۆی نائارامی و پشێوی لە ناوچەکانی دیکەش، پاشاو پاشاکانی ئەم چاخەش چەندین ناو و نازناویان لەخۆیان ناوە وەك (پاشای میسری سەروو و خواروو)یان (باکوور و باشوور).

دوای سەردەمی بنەماڵەی یەکەم و دووەم سەردەمی هەرەمەکان دێت کە بنەماڵەی سێیەم تا شەشەم دەگرێتەوە پادشاکانی ئەم سەردەمەش چەندین هەرەمی گەورە و بەناوبانگیان دروستکردووە، وەك یەکەم هەرەم کە لەلایەن پاشا(زۆسەر) لەناوچەی (سەقارە) بەشێوەی پلیکەدار(چین چین) دروست کراوە کەلە (٦) چین پێك هاتووە. هەروەها لە سەردەمی بنەماڵەی چوارەم لەلایەن پاشا (خۆفۆ) وە پایتەختی گواستۆتەوە بۆ ناوچەی (جیزە)، لەوێ هەرەمێکی تێدا دروستکرد.



هەرەمی پلیکەدار (چین چین)

**فیرعەون:**

وشەیەکی میسری کۆنە بەمانای کۆشکی مەزن یان کۆشکی پاشایەتی دێت، ئەو نازناوە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٢٩٢_ ١٥٣٩ پ. ز) بۆ پاشاکانی میسر بەکارهێنراوە.

## زانیاری پێویست

(هەرەمی خۆخۆ)

هەرەم تەلارێکی بەردینی گەورەیە و بناغەیەکی چوارگۆشەیی هەیە، شێوەکەی هەرەمییە و لاکانی سێگۆشەیین، ئەو تاشەبەردانەی هەرەمەکەی لێ دروست کراوە بەشێوەی چوارگۆشەیی داتاشراون و کێشی هەر بەردێك دووتەن و نیو دەبن و درێژی بناغە چوارگۆشەکەی نزیکەی (٧٥٥)پێیە و بەرزییەکەی (١٣٩ - ١٤٠) مەترە، نزیکەی دووملیۆن و سێسەد هەزار بەردی تیادا بەکارهێنراوە و ماوەی (٢٠) ساڵی خایاندووە، ڕۆژانە (١٠٠) هەزار کرێکار کاریان تیادا کردووە، لەگەڵ ئەم هەرەمەدا ژمارەیەك ژوور لەدەوروبەری هەرەمەکەدا هەیە کەئەمانەش تایبەت بوون بەپیاوانی ئاینی و قوربانیکردن و....هتد.



هەرەمەکانی میسر

## چالاکی

مامۆستای بەرێز قوتابیان بە گرووپ وەڵامی ئەمانە دەدەنەوە، کامیان ڕاستییە و کامیان ڕاوبۆچوونە:_

١_ میسر هەر لە سەردەمانی کۆنەوە ڕێگەی سەرەکی بەیەك گەیاندن بوو.

٢_ڕووباری نیل بە وڵاتی میسر تێدەپەڕی.

٣_ڕووباری نیل گرنگی زیاتری بە وڵاتی میسر بەخشیوە.

٤_مێژوونووس هیرۆدۆتس دەڵێت: (میسر خواپێداوی نیلە).

٥_ مێژووی کۆن لە میسر کەی دەست پێدەکات؟

٦_ پاشا مینا چ کارێکی گرنگی ئەنجامداوە؟

٧_ شاری مەنفیس چی پێدەگوترا ....................... .

٨_ یەکەم هەرەم لەلایەن پاشا ............................ دروستکراوە .

٩_ ڕۆڵی پاشا خۆفۆ چی بووە؟

## هەڵسەنگاندن

_ بەنەخشە شوێنی هەڵکەوتەی وڵاتی میسر لە کیشوەری ئەفریقیا و دەریاکانی دەوروبەری دیاری بکە.

-هەرەمەکان چۆن دروست کراون؟

_ چی دەربارەی وڵاتی میسر دەزانی باسی بکە.

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئەزیز پێش دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لەمیسر، وڵاتی میسر بەسەر چەند یەکەیەکی سەربەخۆ دابەش ببوو، ئایا ئەوکات وڵاتی میسر بەهێز بوو یان دوای ئەوەی هەموو یەکە سەربەخۆکان یەکیان گرت؟یەکگرتن و یەکبوون هۆکارە بۆ بەهێزی یاخود ناکۆکی و دووبەرەکی؟ ئەنجامی هەردووکیان بنووسە

## وانەی سێیەم/ توت عەنخ ئامون

(توت عەنخ ئامون) فیرعەونە لاوەکەی میسر کە جیهانی هەژاند، بە (پاشای منداڵ) ناوبانگی دەرکردبوو، فیرعەونی ١٨ یەمینی میسری کۆن بوو، یەکێك بووە لە فیرعەونە بەناوبانگەکان، نەک بەهۆی ئەو کار و شەڕانەی سەرکەوتنی تیا بەدەستهێناوە، بەڵکو گرنگیەکەی بۆ سەردەمی دۆزینەوەی گۆڕەکەی دەگەڕێتەوە وەك گەنجینەیەك، چونکە دوای سێ هەزار ساڵ پ.ز لە مردنی هیچ گۆڕانکاریەك لە جەستەی ڕوونەدابوو، مێژوونوسان پێیان وایە فیرعەون لە تەمەنێکی لاویدا مردووە و مردنەکەشی ناسروشتی بووە، چونکە شکانیك لە کەلەسەر و ئێسکی پشتی هەبووە. توت عەنخ ئامون تەمەنی نۆ ساڵان بووە کە بۆتە فیرعەونی میسر و ناوەکەی مانای (وێنەی ڕاستی ئامون) و ئاموونیش گەورە خواکانی میسری کۆن بووە.

### زانیاری پێویست

گۆڕی پاشای بچوکەکە لە ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن زانای شوێنەواری ئینگلیزی (هووت کارتەر) دۆزرایەوە، ئەم زانایە دەڵێت گۆڕەکەی بەهۆی خۆڵ و بەرد و با و بۆران ون ببوو، مۆمیاکە درێژیەکەی مەترێك و حەفتا سانتیمەتر بووە، کەلەسەری زۆر گەورە بووە، زانایان پێیان وایە ئەمەش هۆکاری نەخۆشیەکی جینی بۆماوەیی بووبێت کە پاشا توشی بووە، هەروەها تووشی برینداربوونی بربڕەی پشت بووە، وێنە کۆنەکان دەریان خستووە کە پاشا بە دانیشتنەوە سواری گالیسکە بووە و ڕمێکی بەدەستەوە بووە، ئەمەش بەدیاری دەخات کە ڕۆیشتن و ڕاوەستانی خراپ بووە، لە ناو گۆڕەکەی ١٠٠ گۆچانیان دۆزیوەتەوە، گرنگترین ئەو کەلوپەلانەی لەناو گۆڕەکەی دۆزراوەتەوە، ئەمانەن:

دوو دانە خەنجەر کە یەکیکیان زێڕ بووە، ئەوەی دیکەیان لە بەردی نەیزەك دروست کراوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ پشکنین بۆ تەرمەکەی کراوە دەرکەوتووە کە چەند ئەندامێکی لە جەستەی دا نەبووە، گرنگترینیان دڵی بووە کە لە جەستەی دا نماوە.

### چالاکی

مامۆستای بەڕێز قوتابیان دابەشی سەر چەند گروپێك بکە و بەشێوازی چیرۆك باس لە زانیاری لە بارەی فیرعەونەکان ئاڵوگۆڕ پێبکەن.

### هەڵسەنگاندن

١_ توت عەنخ ئامون کێیە؟


٢_ بۆچی لە تەمەنێکی بچوك بۆتە فیرعەونی میسر؟

### چالاکیماڵەوە

قوتابی ژیر دەتەوێ ڕۆژێك لە ڕۆژان ببیتە شوێنەوارناسێکی بەناوبانگ و شوێنەواری وڵاتەکەت بە جیهان بناسێنێت؟ چەند حەز دەکەی ببیتە شوێنەوارناس؟ ڕای خۆت دەربڕە دەتەوێ لەداهاتوو ببی بە چی؟

## وانەی چوارەم/ پاشا (خەفرەع)

پاشا (خەفرەع) نازناوی (فیرعەون)ی لێنراوە بەواتای (ماڵی گەورە یان مەزن)ە، ئەم پاشایەش بەهاوشێوەی باوکی لە (جیزە) هەرەمێکی دروستکرد و لەگەڵیشیدا پەیکەرێکی دروستکرد، کە لەئێستادا بە (ئەبوئەلهول) ناسراوە، ئەم پەیکەرە بریتییە لەسەری مرۆڤێك بەلاشەی شێرێکەوەیە، ئەمەش پاشا (خەفرەع) دەنوێنێت، لەگەڵ ئەمانەش دا پەرستگایەکی گەورەی دروست کردووە بە پەرستگای دۆڵ(معبد الوادی ) دەناسرێت، سێیەم هەرەمی مەزنیش هەرەمەکەی پاشا (مەنکورەع) بوو لەپاڵ دوو هەرەمەکەی تر، هەر لەم سەردەمەدا چەند هەرەمێکی بچووکتر دروستکراون وەك (سەقارە و ئەبوسیر و.. هتد). سەرباری ئەوەی کە دروستکردنی هەرەمەکان لەم قۆناغە مێژووییە بەواتای پێشکەوتنی هونەری تەلارسازی و بەرزی ئاستی گوزەران و هێمنی و ئاسایش دەگەیەنێت.لەلایەنی بیروباوەڕیشەوە لەم سەردەمەدا وازیان لەپەرستنی فیرعەون هێناوە و پەرستنی خواوەند (ڕەع) دەست پێدەکات، بۆیە زیاتر گرنگی بە پەرستگاکان دراوە.



هەرەمی ئەبولهول

## زانیاری پێویست

**هۆکارەکانی دروستکردنی هەرەمەکان:**

١- هۆکاری ئایینی، میسرییە کۆنەکان باوەڕیان بە زیندووبوونەوەی پاش مردن هەبووە، وایان داناوە کە مرۆڤ لە دووبەش پێکهاتووە (جەستە و گیان)، گیان کاتێك لەجەستە دەردەچێت جارێکیتر بۆی دەگەڕێتەوە و زیندوو دەبێتەوە و دەچێتە ئاسمان، بۆیە پێویستە شوێنێك هەبێت بۆ پاراستنی جەستە لەتێکچوون و خراپبوون.

٢- میسرییە کۆنەکان چەندین خواوەندییان پەرستووە، لەوانە خواوەندی ڕۆژ کە پێیان وابووە زەوی و ئاسمان ڕووناك دەکاتەوە، بۆیە چەندین پەیکەریان بۆ دروست کردبوو، هەروەها دروشمێکیان بۆ دانابوو کە ئەویش(ڕەع) بوو، خواوەندی دووەم (نیل) بوو، باوەڕیان وابوو کەژیان لەسەر زەوی دروست دەکات یاخود دەژیێنێتەوە، بۆیە هەرەمیان بۆ دروست کردبوو.

٣- بوونی بەردی زۆر لەناوچەی (سوان) لە باشوری میسر و لەناوچەی (چیای مقەتەم) لە ڕۆژهەڵاتی بیابانی (سینا) یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ دروستبوونی هەرەمەکان.

٤- بۆ پاراستنی سنوری وڵاتەکەیان لەداگیرکردن لەلایەك و بۆ فراوانکردنی سنووری بنەماڵەکەیان لەلایەکی ترەوە.

٥- پێشکەوتنی بواری تەلارسازی و پەیکەرتاشی و دەرکەوتنی کەسێکی شارەزا و لێزانی وەك (ئەمنوحوتب)، کە بەئەندازیاری بواری تەلارسازی دادەنرێت.

٦- دەرکەوتنی یەکەم فیرعەونی بەهێز بەناوی (زۆسەر) لەو سەردەمەدا کەخەڵکی زۆریان خۆشدەویست و هەوڵیان دا هەرەمی بۆ دروست بکەن و ببێتە نەریتێك کە فیرعەونەکانی پاش خۆی پەیڕەوی بکەن.

٧- پەیدابوونی کەلوپەلی کانزایی بەهێزی وا کەلەبڕینی بەردەکان بەکاردەهێنران.

٨- دروستکردنی ئەم هەرەمانە پێناسەیەك بوو بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی وڵات.

## چالاکی

قوتابیان بە گرووپ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی دروستکردنی هەرەمەکان بکەن لەگەڵ وێنەی شێوازی هەرەمەکان.

## هەڵسەنگاندن

١_ پەیکەرەکەی (خەفرەغ) بە چ ناوێك ناسرابوو؟

٢_ دروستکردنی هەرەمەکان لەم قۆناغە مێژووییە بە پێشکەوتنی شارستانی دادەنرێت؟

٣_ میسرییە کۆنەکان باوەڕیان بە چی هەبووە؟

٤_ دوای هاتنی زۆسەر چ نەریتێك لە میسر سەری هەڵدا؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئازیز دروستکردنی هەرەمەکان بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، ئایا لە هەرێمی کوردستان هیچ شوێنەواری لەم جۆرەمان هەیە؟ بە یارمەتی ئەندامێکی خێزانەکەت ناوی چەند شوێنەوارێك بنوسە.


وانەی پێنجەم/

## چاخەکانی ناوەڕاست (هەکسۆسەکان)

سەردەمی بنەماڵەکانی (یانزەیەم و دوانزەیەم) بە سەردەمێکی گرنگ لەمێژووی کۆنی میسردا دادەنرێت، چونکە بووە هۆی زیندووبوونەوەی وڵات و گەڕانەوەی هێز و تواناکانی بۆ سەردەمی پێشوتر، لەم سەردەمەدا لەشاری (تیبە) بنەماڵەی بەهێز دەرکەوتن دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمەکانی دەوروبەریاندا سەپاند، هەروەها ڕۆڵێکی گەورەیان لەیەکگرتنی وڵاتی میسردا بینی، لەو سەردەمەدا وڵات لـەبـواری ڕامـیـاری و ئـابـووری و پـەیـوەنـدیـیـە بازرگانییەکاندا لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر بووژانەوەی باشی بەخۆیەوە بینی. لەم کاتەدا گرنگیان بە کاروباری ئیداری و بەڕێوەبردن و بواری سەربازیش دا، چەندین هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی دەوروبەر وەك ناوچەی (نوبە) و دواتریش پایتەختەکەیان گواستەوە بۆ شاری (مەنفیس).

گرنگترین پاشماوەکانی سەردەمی ناوەڕاستیش دوو پەرستگا بوو، یەکەمیان لە(کەرنەك) بۆ خواوەند (ئامون) دروست کرا و دووەمیشیان لەشاری (هیلیۆپۆلیس) بۆ پەرستنی خواوەند (ڕەع).

بەڵام دووبەرەکی نێوان میرانی ئەم بنەماڵەیە و هاتنەسەرکاری چەند پاشایەکی بێهێز و لاواز نەیان دەتوانی بەرەنگاری چینی فەرمانڕەوایان و چینی سوپا ببنەوە، هەروەها پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە بۆمانەوە و پاراستنی دەسەڵاتیان پشتیان بە سوپایەکی بەردەوام دەبەست، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەم سوپایە کاتێك وەك چینێك دەمایەوە هەمیشە دەبوونە جێگای مەترسی بۆ دەسەڵاتەکە، ئەمەش ڕێگەی بۆ هەکسۆسەکان خۆشکرد، لە دەوروبەری ساڵی ١٧٨٥ پ.ز دا هێرش بکەنە سەر وڵاتی میسر و داگیری بکەن.



هەکسۆسەکان

## زانیاری پێویست

هەکسۆسەکان:

هەکسۆسەکان چەند کۆمەڵەیەکی تێکەڵاوبوون لە چەندین ڕەگەز پێکهاتبوون و لەوڵاتی شامدا نیشتەجێ بووبوون، بەهۆی لاوازی فەرمانڕەوایەتی لەمیسردا، هەروەها تووشبوونی ناوچەکانی شام بەوشکە ساڵی لەسەردەمی شانشینی ناوەنددا، هێرشیانکردە سەر ناوچەی (دەلتا) و داگیریان کرد، توانیان بۆ ماوەی دوو سەدە فەرمانڕەوایەتی تیادا بکەن و ئەم سەردەمەش بەسەردەمی (ئاژاوەی دووەم) دادەنرێت و کە تیایدا فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەکانی (سیانزەیەم تا حەڤدەم) دەگرێتەوە.

هەکسۆسەکان شاری ئەفاریس (تەنیس) یان دروست کرد و کردیانە مەڵبەندی دەسەڵاتیان، میسرییەکان بەردەوام لەگەڵ هەکسۆسەکاندا لە ململانێ و کێشمەکێشمدا بوون بۆ رزگاربوون لێیان، ماوەی نیوسەدە شەڕ لەنێوانیادا هەبووە، تا ئەو کاتەی لەلایەن فەرمانڕەوایانی میسری سەروو کە لە شاری (تیبە) حوکمیان دەکرد، توانیان لەسەردەمی پاشا (ئوحموس) لەساڵی ١٥٨٨ پ.ز بەتەواوی کۆتایی بەدەسەڵاتیان بهێنن و سەردەمێکی نوێ لەمێژووی کۆنی میسر دەست پێ بکات، کە بە سەردەمی (شانشینی نوێ یان ئیمپراتۆریەت) ناسراوە.

**شاری تیبە (طيبة):**

دەکەوێتە باشوری میسر لە دووریی ٨٠٠کم لە باشووری دەریای ناوەڕاست لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری نیل پاشماوەی شارەکەی ئێستا بە (ئەقسەر) (الاقصر) ناسراوە.

## چالاکی

مامۆستای بەڕێز قوتابیان دابەشی سەر چەند گرووپێك بکە و داوا لە هەر گرووپێك بکە پرسیارێك ئاراستەی گرووپەکەی دیکە بکەن و پرسیار و وەڵامەکەی لەسەر تەختە بنوسن.

## هەڵسەنگاندن

١ _ پێناسەی ئەمانە بکە: تیبە، مەنفیس، کەرنەك، ئوحموس.

٢ _ هەکسۆسەکان کێن؟ چۆن توانیان میسر داگیر بکەن؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئەزیز یەکگرتنی وڵات و گەشەسەندنی بواری ڕامیاری و ئابووری و پەیوەندییە بازرگانییەکان و یەکسانی لە دابەشکردنی سامانەکانی وڵات دەوڵەت بەهێز دەکات، چەند بیرۆکەیەکت هەیە بینوسە بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان بەهێز بێت.

## وانەی شەشەم/ لەپاشا بەناوبانگەکانی شانشینی نوێ

### سەردەمی شانشینی نوێ (سەردەمی ئیمپراتۆریەت ١٥٧٣ - ١٠٨٥ )پ ز

ئەم سەردەمە هەر سێ بنەماڵەی هەژدە و نۆزدە و بیست دەگرێتەوە، کە (ئوحموسی یەکەم بە دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە دادەنرێت،

ئەم پاشایە دەستی کردووە بە بەربەرەکانێکردنی ئەو بارودۆخە سەختەی هەبووە و گرنگی داوە بە سوپا، ئەمەش بۆ ئەوەی هەکسۆسەکان بەتەواوەتی لەوڵاتی میسر دەربکات و هەموو ئەو ناوچانەی کە لەسەردەمی پێشوودا لەژێر دەسەڵاتی میسردا بوو گەڕاندیەوە بۆ باری پێشتری، بەمەش کۆتایی بەشەڕ و ئاژاوەی ناوخۆی وڵات هات، دوای ئوحموسی یەکەم زنجیرەیەك لەپادشا هاتنە سەرتەختی فەرمانڕەوایەتی و توانیان بنەماڵەیەکی بەرفراوان لەمیسر دابمەزرێنن، سەرباری میسر ناوچەکانی سوریا و فەلەستین و سۆدان و لیبیای ئەمرۆشی گرتەوە.

### ١- ئامونحوتبی سێیەم:

لە پادشا بەناوبانگەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتە، ئەم پاشایە توانی هێرش بکاتە سەر وڵاتی شام و هەکسۆسەکان بە تەواوەتی لەناوبەرێت و سنوری دەسەڵاتی ناوچەکانی میسر و نوبە تا ڕووباری فورات درێژ بکاتەوە، هەروەها گرنگی بەسوپا داوە و گالیسکە و ئەسپی تیادا بەکارهێناوە، پاشان کەشتیگەلێکی گەورەی دامەزراند و توانی دەسەڵاتی بگەیەنێتە دەریای ناوەراست و ناوچەی دوورگەکانی دەریای ئیجە.




ئامونحوتبی سێیەم

## ٢- ئامونحوتبی چوارەم:

ئەمیش یەکێکە لە پاشاکانی دیکەی ئەم سەردەمە، پاش مردنی باوکی لەسالی (١٣٧٥ - ١٣٥٠) پ ز فەرمانڕەوایەتی میسری کردووە، بۆ پاراستنی وڵاتی میسر هێرشی کردە سەر وڵاتی نوبە و نازناوی (ئەخناتوون)ی لەخۆی نا کە بەواتای (گیانی زیندووی ئاتون) دێت، پاشان شۆڕشێکی ئاینی بەرپا کرد تیایدا جەختی لەوە کردەوە کەتەنیا خواوەند ئاتون (ڕۆژ) لە میسردا بپەرسترێت.

ئەخناتوون دەستی کرد بە دروستکردنی پایتەختێك بەناوی (ئەخن ئاتوون) کە ئێستا بە (تەل ئەلعەمارنە) ناسراوە لەناوەڕاستی میسر دایە.



ئامونحوتبی چوارەم (ئەخناتون) لەگەڵ نیفەرتیتی هاوسەریدا

**نەفرتیتی:** ئەم زاراوەیە بە مانای (جوان گەیشت) دێت، هاوسەری ئامونحتوتبی چوارەم و پوری توت عەنخ ئامون بوو، بەبەهێزترین ژنی میسری کۆن دادەنرا، لەنێوان سالانی (١٣٧٠ پ.ز _ ١٣٣٠ پ.ز) ژیاوە.

## هۆکارەکانی دروستکردنی پایتەختی (ئاخن ئاتوون)

### ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دروستکردنی ئەم پایتەختە:

١- بۆئەوەی ببێتە بنکەی دەسەڵاتی سیاسی وئاینی و بۆپاراستنی دەسەڵاتی خۆی.

٢- شوێنێکی گونجاو و لەباری هەبوو ئەمیش بەهۆی بوونی ڕووباری نیل لە خۆرهەڵاتیدا وهەروەها زنجیرە چیایەکیش لەتەنیشتی یەوە کەوای ئەکرد بەئاسانی داگیر نەکرێت.

٣- بۆئەوەی شارێکی گونجاو ونوێ بۆخواوەند ئاتون دابمەزرێنێت، هەروەها لەبەرهەڵستیکردنی پیاوانی ئاینی شاری (تیبە)ش بەدوور بێت کە لەبەرامبەر ئاینە نوێیەکەدا ئەیانکرد.

٣- توت عەنخ ئامون

دوای ئەخناتوون دەسەڵاتی وەرگرت و توانی هێمنی و ئاسایش لەوڵاتدا بەرقەرار بکات، بەڵام کەوتە ژێر گوشاری پیاوە ئاینییەکان و ناچاریان کرد واز لە پەرستنی ئاتوون بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ پەرستنی خواوەند ئامون، (ئاخن ئاتوون) بەجێبهێڵێت بگەڕێتەوە بۆ (تیبە) و لەوێ دەستیکرد بە چاککردنەوەی پەرستگای خواوەند (ئامون) گرنگی بە پێشکەوتنی شارستانیەت داوە.

**زانیاری پێویست**

### لەناوچوونی ئیمپراتۆریەت

لەدوای (توت عەنخ ئامون) چەند فەرمانڕەوایەکی دیکە دەسەڵاتیان وەرگرت بۆ ماوەیەك فەرمانڕەوا بوون، بەڵام سەرەنجام کۆتایی بە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت هات، ئەمەش بەهۆی:

١. بەکرێگیرانی لیبیەکان و نوبیەکان کە بوونە هۆی لاوازی سوپای میسر.

٢. دەرکەوتنی حیسیەکان کەبەردەوام مەترسی بوون بۆ سەر میسر.

٣. دەرکەوتن و پەرەسەندنی دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی وەك چینێك، دەسەڵاتی ئیمپراتۆریان لاواز کرد، تەنانەت هەندێکجار دەسەڵاتیان هێندە زیادی کردووە بوونەتە هۆی کوشتنی پاشا وەك کوشتنی ڕەمسیسی سێیەم.

### سەردەمی کۆتایی:

ئەم سەردەمە لە بنەماڵەی بیست و یەکەمەوە تا کۆتایی سیستەمی بنەماڵەکان و هاتنی سوپای موسوڵمانەکان بۆ میسر دەگرێتەوە.

## چالاکی

مامۆستای بەڕێز بەشێوازی پرسیار و وەڵام پرسیار ئاراستەی قوتابیان بکە و ڕوونکردنەوە لە بارەی (گرنگی سوپا) لەوڵات و بوونی شەڕو ئاژاوە لە وڵاتێك چ کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی شارستانییەت دەکات؟

## هەڵسەنگاندن

١. ئامونحوتبی سێیەم چی لە سوپا بەکار هێنا و چی دامەزراند؟

٢. ئەخناتوون جەختی لەسەر چی دەکردەوە بۆ پەرستن؟

٣. دامەزرێنی پاشانشینی کێ بوو؟

٤. لەسەردەمی ئوحموس دەسەڵاتی میسر گەیشتە کوێ؟


٥. ئامونحوتبی سێیەم و ئامونحوتبی چوارەم کێن؟

٦. ئەخناتوون واتای چییە؟

٧. لەدوای (توت عەنخ ئامون) چەند فەرمانڕەوایەکی دیکە دەسەڵاتیان وەرگرت بەڵام بەردەوام نەبوون؟ لەبارەیەوە بدوێ .

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئازیز بە بەکارهێنانی سەرچاوەی ئینتەرنێت و کتێب ڕاپۆرتێك لەسەر شارستانییەتی میسری کۆن ئامادە بکە.





# وەرزی دووەم

# بەشی جوگرافیا



# بەندی یەکەم

## دەروازەیەك بۆ زانستی جوگرافیا

### -ئامانجی فێربوون:

١-لەم بەندەدا قوتابی فێردەبێت ئاشنابێت بەزانستی جوگرافیا ولقەکانی.

٢-گرنگی نەخشە بزانێت.

٣-هەڵسەنگاندن بکات بۆ پەیوەندی نێوان زەوی ومرۆڤ.

٤- شیکردنەوە بۆ دیاردە جوگرافیەکان بکات.

٥-ڕەگەزەکانی نەخشە بناسێت.

## بەندی یەکەم
## وانەی یەکەم/
## دەروازەیەك بۆ زانستی جوگرافیا

لەو کاتەوەی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی ژیاوە، تاکو ئێستاش زەوی کاریگەری لەسەرمرۆڤ هەیە و مرۆڤیش کاریگەری لەسەر ڕووی زەوی هەبووە. هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ بیری لەگۆڕانکاریە سروشتییەکان کردۆتەوە کە کاریگەریان لەسەر هەموو دیاردە هەمەچەشنەکانی وەکو(لافاو، بوومەلەرزەو گڕکانەکان) هەبووە، ئەم بیرکردنەوەیەش سەرەتایی دەرکەوتنی زانستەکان بوو.

ئەم دیاردانەش مەترسی گەورەی لەسەر ژیانی مرۆڤ وچالاکیەکانی دروستکردوە,لەم کاتەدا مرۆڤ ئەم دیاردەی بە خەیاڵ لێکداوەتەوە,دوای بەر فراوانبونی بیرکردنەوەی لێکدانەوەی واقیعی بۆ ئەم دیاردانە کردوە,زانستی جوگرافیا لەم کاتەدا بە بەردەوامی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە تا گەیشتۆتە ئێستا.

جوگرافیاش زانستێکە لە دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی سەر زەوی دەکۆڵێتەوە شیان دەکاتەوە، لە ڕووی لێکچوون و جیاوازی وکاریگەریان لەسەر یەکتری.

**زانیاری:**

جوگرافیا وشەیەکی یۆنانیە بە مانای وەسف کردنی زەوی دێت.گەریدەی عەرەب وبیانییەکان ڕۆڵیان هەبوو لەپێشکەوتنی ئەم زانستە ،وەك (ئیبن بەتوتەومارکۆ پۆڵۆ).

**چالاکی:**

قوتابیان بە گروپ باس لە کاریگەری مرۆڤ دەکەن لەسەر زەوی.

**هەڵسەنگاندن:**

دیاردە سروشتییەکان چ مەترسییەکیان هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست هەندێك لەوچالاکیانە بژمێرە کەمرۆڤ لەسەر زەوی ئەنجامی دەدات.

بۆنموونە چالاکی کشتوکاڵی ..............

## لقەکانی جوگرافیا

- جوگرافیای سروشتی
- جوگرافیای مرۆیی

**یەکەم: جوگرافیای سروشتی:**

لەهەموو دیاردە سروشتیەکانی سەر زەوی دەکۆڵێتەوە, وەك بەرزو نزمی ڕووی زەوی, ئاووهەوا, زیندەوەران.

**دووەم: جوگرافیای مرۆیی:**

ئەو بەشەی جوگرافیایەکە لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە, لەڕووی دابەشبوون، نیشتەجێبوون, پێکهاتە کۆمەڵایەتی و چالاکیەکانی مرۆڤ و پەیوەندی ئەمانە هەمووی بەلایەنە سروشتییەکانەوە.

## وانەی دووەم/ نەخــشــە

### پێناسەی نەخشەو ڕەگەزەکانی نەخشە:

**نەخشە:**

بریتیە لەنواندنی ڕووبەرێکی فراوانی دیاردەکانی ڕوی زەوی بە بچوککراوەیی لەسەر کاغەز ، کەبەهۆی وێنەو هێماکانی ناوییەوە هەموو دیاردە سروشتی ومرۆییەکانی سەر ڕوی زەوی بەئاسانی دەخوێنینەوە وشارەزایان دەبین. گرنگە نەخشە ئەم ڕەگەزانەی تێدابێت:

**ڕەگەزەکانی نەخشە**

- ناونیشان
- پێوەری نەخشە
- ئاڕاستەکان
- کلیلی نەخشە

### ١- ناونیشان:

پێویستە نەخشە ناونیشانێکی تایبەتی هەبێت کەناوەڕۆکی نەخشەکە ڕوون بکاتەوە . وەك (نەخشەی ڕامیاری کیشوەری ئاسیا) . هەروەها دەبێت هەموو نەخشەیەك چوارچێوەیەکی بۆدابنرێت.

## ٢- پێوەری نەخشە:

ئەرکی نەخشە بریتیە لە نواندنی ڕووبەرێکی فراوانی دیاردەکانی ڕووی زەوی بە بچووککراوەیی لەسەر کاغەز و لەبەر بچووکی ڕووبەری کاغەز لە چاو ڕووبەری دیاردەکان لەسەر زەوی پێویستە دیاردەکان کە دەخرێنە سەر نەخشە بچووک بکرێنەوە، بە ڕێژەیەکی ئەندازەیی گونجاو، کە ئەو ڕێژەیەش پێیدەوترێت پێوەری نەخشە.

**پێوەری نەخشە:** بریتیە لە پەیوەندی ڕێژەی دووری نێوان دوو دیاردەی جوگرافی لەسەر نەخشە بۆ دووری نێوان هەمان ئەو دوو دیاردە جوگرافیە لەسەر زەوی.

**جۆرەکانی پێوەری نەخشە**

١-پێوەری نوسراو.    ٢- پێوەری ژمارە.    ٣- پێوەری هێڵکرد.

## ٣- ئاڕاستەکان :

چوارئاڕاستەی سەرەکیمان هەیە (باکور, باشور، خۆرهەلات, خۆرئاوا) لە نەخشەدا ئاڕاستەی باکور بەشێوەی تیرێکی بچوک لە بەشی سەرەوەی نەخشەکەدا دەکێشرێت .دیاریکردنی ئاڕاستەی باکور زۆر گرنگە چونکە بەهۆی ئاڕاستەی باکورەوە دەتوانین ئاڕاستەکانی تر دیاری بکەین.

سەیری شێوەی( ٢ )بکە.هەروەها چوار ئاڕاستەی ناسەرەکی هەیە وەك (باکوری خۆرهەڵات،باشوری خۆرهەڵات،باکوری خۆرئاوا، باشوری خۆرئاوا).




شێوەی ژمارە (١) ئاڕاستەکان

## ٤- کلیلی نەخشە.

ناتوانرێت هەموو دیاردەیەك لەسەر نەخشە بنوسرێت ،لەبەر ئەوە ڕەنگ وهێڵ بۆ ڕونکردنەوەی هێماو دیاردەکانی سەر نەخشە بەکاردەهێنرێت .لەلای چەپی خوارەوەی نەخشە چوار گۆشەیەك یان لاکیشەیەك دەکرێت پێی دەوترێت (کلیلی نەخشە) هەموو ڕەنگ و هێمای ناو نەخشەکە ڕوون دەکاتەوە.

**زانیاري:**

ڕەنگ یەکێکە لەو ڕێگایانەی بۆ ڕوونکرنەوەی دیاردە جوگرافیەکانی سەر زەوی بەکاردەهێنرێت کە شاخەکانی ڕەنگی قاوەییان دەدرێتی ، دەشتەکان بەڕەنگی سەوز نیشان دەدرێن بانەکانی بە ڕەنگی زەرد و ئاوەکانیش بە ڕەنگی شین دەنوێنرێت.

**چالاکی:**

قوتابیان بە گرۆپ ناوی ڕەگەزێکی نەخشە هەڵدەبژێرن و باسی دەکەن، دواتر لەسەر دیوار هەڵیدەواسن.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستا دەتوانێت ئەم پرسیارانە بکات:١-نەخشە چی یە؟٢-چەند ئاراستەی سەرەکی هەیە؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بەبۆچونی خۆت گرنگترین رەگەزی نەخشە چی یە؟ و ئایا درێژی ١ کم$^{2}$ لە سەر زەوی بەچەند دەنووسرێت لەسەر نەخشە؟

**زانیاری:**

وێنەی ئاسمانی (الصور الفضائية)، ئەم وێنانە بەهۆی فرۆکەو مانگە دەستکردەکان لەئاسمانەوە دەگیرێت بۆ دیاردە سروشتی ومرۆییەکان سەر زەوی ،ئەمەش گرنگی هەیە بۆ بەڕێوبردنی ئەو کێشانەی کەڕوبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە.

## وانەی سێیەم/

### جۆرەکانی نەخشە:

- نەخشە سروشتییەکان
- نەخشە مرۆڤییەکان

### نەخشە سروشتییەکان:

### ئەو نەخشانەی کە دیاردە سروشتییەکان دیاریدەکەن وەك :

#### أ- نەخشەی بەرزو نزمی ڕووی زەوی:

ئەم نەخشانە بەرزو نزمی ڕووی زەوی دیاریدەکەن، وەك چیاکان و بانەکان و دەشت و دۆڵەکان و ڕووبەری ئاوی و وشکانی، کە ڕەنگەکان لەم جۆرە نەخشانەدا زۆر بەکاردەهێنرێن.


#### ب- نەخشەی ئاوو هەوا:

ئەم نەخشانە دیاردەکانی ئاوو هەوا لە سەر زەوی نیشان دەدەن، وەکو پلەکانی گەرمی، پەستانی هەواو ئاڕاستەکانی باو شێ و باران، لەم جۆرە نەخشانەدا ڕەنگ کردن و سێبەر و هێڵ بەکاردەهێنرێن .

## بەرزونزمی ڕووی زەوی کیشوەری ئەمریکای باشور



## تێکرایی باران بارینی ساڵانە لە عێراق




● ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان – دکتۆر هاشم یاسین ، سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو – ۲۰۰۹

**جـ- نەخشەی دەریا و زەریاکان:**

ئەم جۆرە نەخشانە دابەشبوونی زەریاکان و دەریاکان نیشان دەدەن وە بایەخیش دەدەن بە زانینی قوڵاییەکان کە بەهۆی ڕەنگە شینە پلە پلەکانەوە نیشاندەدرێن ،کلیلی ڕەنگەکانیان بۆ دروست دەکرێت. هەروەها ڕێڕەوو ئاراستەی تەوژمەدەریاییەکان و دیاردەی تری سروشتی دەریاو زەریاکان ڕوون دەکاتەوە.

**د- نەخشە زیندوەکان:**

ئەم جۆرە نەخشەیە دابەشبوون و جۆراو جۆری ڕووەك و ئاژەڵ دەنوێنێت لەسەر ڕووی زەوی، بەشێوەی ڕەنگ یان هێما یان سێبەر.



## نەخشەی دابەش بوونی ڕوەکی سروشتی لە عێراق




ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان – دکتور هاشم یاسین ، سردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدامین خۆشناو – ٢٠٠٩

## نەخشە مرۆییەکان

### ئەم جۆرە نەخشانە دیاردە مرۆڤییەکانی تێدا دیاردەکرێت وەك:


**أ- نەخشەی دابەشکردنی ئابوری:**

ئەم نەخشانە گرنگی دەدەن بەلایەنی ئابووری وەك کشتوکاڵ, ئاژەڵداری, کانزا, پیشەسازی, بازرگانی, ڕێگای گواستنەوە، هەروەها گرنگی دەدەن بە دابەشکردنیان بەسەر ڕووی زەویدا. ڕەنگ و سێبەرو هێما بەکاردەهێنرێت لەم نەخشانەدا.



وێنەی ژمارە (٢) کێڵگەیەکی کشتوکاڵی

## نەخشەی دابەشبوونی کانزاکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق



**ب- نەخشەی دانیشتوان:**

ئەم نەخشانە دانیشتوان دەنوێنن لە رووی دابەشبوونیان و چڕیان وپێکهاتەیان، هەروەها مەڵبەندە ئاوەدانکراوەکانی شارو لادێ نیشان دەدەن بەشێوەی خاڵ و سێبەرو هێماو بازنە و رەنگ.

**جـ- نەخشەی ڕامیاری (سیاسی):**

ئەو جۆرە نەخشەیە کە یەکە ڕامیاریەکان نیشان دەدات وەك وڵاتان بەشێوەی ڕەنگی جیاواز کە هەر دەوڵەتە بە ڕەنگێکی تایبەت نیشان دەدەرێت بۆ ئەوەی یەکە ڕامیاریەکان جیابکرێتەوە.

**د-نەخشەی مێژوویی:**

ئەم جۆرە نەخشانە دیاردەیەکی سروشتی یان مرۆڤی لە ڕابردوودا نیشان دەدەن، وەك نەخشەی جەنگەکان یان نەخشەی ڕێگای بازرگانی کۆن، وە ئەم نەخشانە ڕەنگ و سێبەر و هێما و هێڵ یان تیر بەکاردەهێنن.

## وانەی چوارەم/

**-نواندنی هەندێ دیاردەی جوگرافی لەسەر نەخشە:**

**دیاردە جوگرافییەکان هێمای تایبەتیان هەیە بۆ نواندنیان لەسەر نەخشە و ئەمانەش چەند هێمایەکن:**

(أ) **ڕێگاکانی هاتووچۆ:** لەسەر نەخشەی هێمای تایبەتیان هەیە وەك ڕێگای ئاسایی قیرتاوکراوی ئۆتۆمبێل لەسەر نەخشە بەشێوەی هێڵی سوور دەکێشرێت، بەڵام ئەگەر ڕێگاکە قیرتاوکراو نەبێت بەشێوەی هێڵی پچڕ پچڕی ڕەش دەکێشرێت، هێڵی ئاسن لەسەر نەخشە بە هێڵێك دەنوێنرێت کە بە هێڵی ورد بڕاوە یان لە شێوەی دوو هێڵی باریك و ڕەش کە تەریب ببێت بە یەکتری دەکێشرێت.

(ب) **شارەکان:** لەسەر نەخشە لە شێوەی بازنەی گەورە و بچووك دەنوێنرێت، پایتەختەکان لە شێوەی چوارگۆشەیەکی بچووك کە بازنەیەکی لەناودایە دروست دەکرێن.

(ج) **سنوورەکان:** بەشێوەی هێڵی سووری پانی پچڕپچڕ دروست دەکرێن. ئەگەرسنووری کارکێری بن بە شێوەی هێڵی ڕەشی پچڕپچڕ دروست دەکرێن.

(د) **ڕووبارەکان:** ڕوبارە وەرزیەکان (کاتیەکان) بە هێڵی پچڕپچڕی شین دروست دەکرێن.ڕووبارە هەمیشەیەکان بەهێڵی شین بەگوێرەی فراوانی ڕووبارەکان تۆخ وکاڵ دەبێت.

(ە) **ڕووبەرە ئاویەکان:** دەریاچە وەرزییەکان و زۆنگاوەکان بە شێوەی پەڵەی شینی کاڵ کە بە هێڵی پچڕپچڕپڕکراونەتەوە دەنوێنرێن، هێمای ڕەنگەکانی نەخشە زۆرگرنگە چونکە زمانی نەخشەن و بەهۆیانەوە دەتوانین بە ئاسانی نەخشە بخوێنینەوە تێیان بگەین.

**چالاکی:**

ئامادەکردنی نەخشەیەك لەلایەن قوتابیان وئەم دیاردە جوگرافیانەی لەسەر دیاری بکرێت بەهاوکاری مامۆستا .(ڕێگاکانی هاتووچۆ،شارەکان،سنورەکان،ڕوبارەکان).

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستا دەتوانێت چەند پرسیارێك لەسەرچەند پارچە کاغەزێك بنوسێت بەسەر قوتابیان دابەشی بکات بۆ ئەوەی وەڵامی بدەنەوە:

١-هێڵی سوری پچڕپچڕی پان هێمایەبۆ.......................................

٢-چوارگۆشەیەکی بچوك کەبازنەی لەناو دایەهێمایە بۆ..............................

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست هەوڵبدە نەخشەیەکی هەرێمی کوردستان بکێشە ورەگەزەکانی نەخشەی تێدا بنوێنە.

کارگێری هەرێمی کوردستانی عێراق ٢٠٢٠.



## پرسیارەکانی بەندی یەکەم

پ١/پێناسەی ئەمانە بکە:

١- زانستی جوگرافیا

٢- نەخشە

پ٢/ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەرەوە:

١- جوگرافیا بەگشتی دەبێتە دوو بەش :

أ- ..................................... ب- .......................................

٢- لقەکانی جوگرافیای سروشتی ئەمانەن:

أ- .................................... ب- ........................................

ج- ..................................

٣-لقەکانی جوگرافیای مرۆیی ئەمانەن:

أ- ................................... ب- ........................................

ج- ................................. د- .......................................

٤- ڕەگەزە گرنگەکانی نەخشە بریتین لە:

أ-.................. ب-.................... ج-.......................... د-............................ .

٥- ڕەنگی ئاسایی جادەی قیرتاوکراو لەسەر نەخشەکان..................و قیرتاونەکراوەکانیش بەهێڵی .................ی هێما دەکرێن.

پ٣/هۆی ئەمانەی خوارەوە لێکبدەرەوە:

١- مرۆڤ توانیەتی کاریگەری کارەساتە سروشتیەکان کەم بکاتەوە.

٢- مرۆڤ بەهۆی نەخشەوە دەتوانێ شوێنە جوگرافیەکان بناسێتەوە.

# بەندی دووەم

# زەوی و پەیوەندی بە کۆمەڵەی خۆرەوە

## ئامانجی فێربوون:

١-پەیوەندی نێوان زەوی وکۆمەڵەی خۆر بزانێت.

٢-روونکردنەوە بۆ شێوەی زەوی بکات.

٣-شیکردنەوە بۆ جوڵەی ڕۆژانەو ساڵانەی زەوی بکات.

٤-هەڵسەنگاندن بۆ هێڵەکانی درێژیی وبازنەکانی پانی بکات.

## بەندی دووەم

### وانەی یەکەم/ زەوی و پەیوەندی بە کۆمەڵەی خۆرەوە

### پێشەکی:

پێشکەوتنی زانیارییەکانی ئەستێرەناسی و بۆشایی ئاسماننناسی و داهێنان و پەرەپێدانی ئامێری ئەستێرەبینین بووە هۆی دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرەوهەسارۆکەکان کەزۆر لە زەویمانەوە دوورن.

دانیشتوانی دێرینی دۆڵی ڕافیدەین (مێزۆپۆتامیا) و دۆڵی نیل ولەسەردەمی ئیسلامدا وایان دەزانی کە خۆر چەقی گەردوونە . بەڵام لە ئەوروپادا تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست باوەڕیان وابووکە زەوی چەقی گەردوون پێك دەهێنێت، پاش پەیدابوونی لێکۆڵینەوەکانی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئەوروپا (ڕێنسانس) لە سەدەکانی(١٥-١٦)زایینی ئەوە چەسپاوە کە زەوی هەسارەیەکی سەر بە خۆرە وەك هەموو ئەو هەسارانەی تر کە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە و ژمارەی ئەم هەسارانەش هەشت هەسارەن (عەتارد، زوهرە، زەوی، مەریخ، موشتەری، زوحەل، ئۆرانۆس، نیپتۆن). سەیری وێنەی ژمارە (٣) بکە.

دووری زەوی لە خۆرەوە بەپلەی سێیەم دێت لە دوای هەردوو هەسارەی عەتارد و زوهرە، ئەم دوورییە وای لە زەوی کردووە کە ڕادەیەکی مام ناوەندی گەرمی خۆر وەربگرێت و ئەو ڕادەیەش گونجاوە بۆ بوونی ژیان لەسەری.

**زانیاری:**


هەسارەی (پلۆتۆ) لەپۆلینی کۆمەڵەی خۆر لادراوە، لەبەر بچووکی قەوارەکەی ،قەوارەی پلۆتۆ لەپێنج یەکی قەوارەی زەوی بچووکترە.


پلۆتۆ بە گوێرەی زەوی


نیپتۆن بە گوێرەی زەوی


ئۆرانۆس بە گوێرەی زەوی


زوحەل بە گوێرەی زەوی



موشتەری بە گوێرەی زەوی


مەریخ بە گوێرەی زەوی


مانگ بە گوێرەی زەوی


زوهرە بە گوێرەی زەوی


عەتارد بە گوێرەی زەوی




وێنەی ژمارە (٣) کۆمەڵەی خۆر

## هەسارە گەڕۆکەکان لە خاڵانەدا هاوبەشن:

١- شێوەی گۆیی یان نیمچەگۆیی.

٢- سوڕانەوە بەدەوری خۆر لە چەند خولگەیەکی جێگیردا بە پێچەوانەی خولانەوەی میلی کاتژمێرەوە.

٣- گەرمی و ڕووناکی لە خۆرەوە وەردەگرن، واتە نزیکترین هەسارە لە خۆرەوە گەرمترینیانە وبەپێچەوانەشەوە.

### زانیاریەکانم بەهێز دەکەم:

زەوی و هەسارەکانی تر بەردەوام بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە ،جێگاکەیان لەئاسماندا دەگۆڕێ ،لە بەرئەوە پێیان دەگوترێت هەسارە گەڕۆکەکان.

### چالاکی:

مامۆستایی بەڕێز ڕۆڵ بدە بەقوتابیان ،قوتابیەك ببێتە (خۆر)،ئەوانیتریش ڕۆلی هەسارە گەڕۆکەکان ببینن بەریزبەندی و نمایشی بابەتەکە بکەن و ڕوونکردنەوە بۆ هەسارەکان بکەن.

### هەڵسەنگاندن:

خاڵە هاوبەشەکانی هەسارە گەرۆکەکان چین؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست هەسارەکەمان بەپلەی چەند دێت دوری لەخۆرەوە، ئایا لە ئێستادا مرۆڤ توانی بگاتە سەر چەند هەسارە؟

## وانەی دووەم/ شێوەی زەوی

لەپێشدا بیروڕاوابوو زەوی وەك تۆپە، لەدۆڵی دووڕووبار بەبازنەیەكی خڕیان داناوە ولەدۆڵی نیل بەجەستەیەكی چەماوە وەسف كراوە،هەروەها ئەغریقیەكان هەمان بیروبۆچوونی میسرییە كۆنەكانیان هەبووە،بیروڕای ڕاستەقینە لەبارەی شێوەی زەوی لەسەر دەستی زانایانی موسڵمان سەریهەڵدا بۆ نمونە (خەوارزمی وئیدریسی) ئەوەی دواترگۆیەكی زەوی لەزیو دروستكردبوو.

**ئەو بەڵگانەی خڕێتی زەوی ئەسەڵمێنن ئەمانەن:**

١- بەدوایەكداهاتنی شەو ورۆژ.

٢- دەركەوتنی بەشە بڵندەكانی كەشتی پێش بەشەكانی تری كاتێك كە لەڕۆخی دەریا نزیك دەبێتەوە. شێوەی ژمارە (٤).


٣- گەشتی ماجەلان: پاش گەشتێكی دەریایی چەند ساڵە گەڕایەوە هەمان شوێن لەساڵی (١٥٣٠) زایینی.

٤- مرۆڤ بەهۆی گەشتە ئاسمانییەكانەوە توانیویەتی وێنەی زەوی لە بەرزییەكی زۆرەوە بگرێت. وەك لەوێنەی ژمارە (٥) دیارە.

پێشكەوتنی زانستی ئەوەی چەسپاندووە شێوەی زەوی بە تەواوی خڕنییە ،بەڵكو شێوەیەكی وەك تۆپی لاپانی هەیە.

**زانیاری:**

**ماجەلان:~ دۆزەرەكی پرتوگالیە لەساڵی ١٥١٩ ز سەركردایەتی گەشتێكی دەریایی كرد لە زەریای ئەتڵەسییەوە بۆ زەریای هێمن، زۆر ناوچەی نوێی دۆزییەوە**




شێوەی ژمارە (٤)

دەرکەوتنی بەشە بڵندەکانی کەشتی بەهۆی خڕی زەوییەوە



شێوەی ژمارە (٥)

زەوی وەکو مانگە دەستکردەکان نیشانی دەدەن

## -جیاوازی نێوان هەسارەو ئەستێرە:

١- ئەستێرە تەنێكی گازییە ،بەڵام هەسارە تەنێكی دامركاوە.

٢- ئەستێرە خۆی گەرمی و ڕووناكی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام هەسارە گەرمی و ڕووناكی وەردەگرێت.

**چالاكی:**

مامۆستا قوتابیان دەكاتە چەند گرۆپێك،هەر یەك لەمانە بەڵگە لەسەر خڕیەتی زەوی دەخەنەڕوو،لەسەر تەختە دەینوسن.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەكات :

١-ئەستێرەكان چ تەنێكن؟

٢-هەسارەكان گەرمی وڕوناكی بەرهەم دەهێنن یا وەردەگرن؟

٣-زەوی چ شێوەیەكی هەیە؟

**چالاكی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بەبۆچونی خۆت لێكدانەوە بۆ ئەم ڕستە بكە(هەڵكەوتنی زەوی بەپلەی سێیەم دوری لەخۆرەوە وپەیوەندی بوونی ژیانی لەسەر هەیە)

## وانەی سێیەم/

جووڵەی زەوی

جووڵەی ڕۆژانە | جووڵەی ساڵانە

**زەوی چەند جووڵەیەكی هەیە لەوانە، جووڵەی ڕۆژانە، وجووڵەی ساڵانە.**

### ١- جووڵەی ڕۆژانە:

زەوی بەدەوری تەوەرە لارەكەی خۆیدا هەمیشە بەرامبەر بە خۆردەسووڕێتەوە، كە لارییەتێكەی (٢٣,٥) پلەیە ،ئەم خولانەوەش بە (٢٤) كاتژمێر تەواو دەكات، بەڵام ئێمە هەست بەم جولآنەوەیە ناكەین لەبەر ئەوەی زەوی وهەرچی لەسەر ڕووی زەوییە بۆیەك لاو بەیەك خێرایی دەجووڵێن، لەئەنجامدا بەدوای یەكداهاتنی شەو ڕۆژ پەیدا دەبێت وئەم دیاردەیەش لەبەر ئەم هۆیانە ڕوودەدات:

أ- شێوە گۆییەكەی زەوی.

ب- سووڕانەوی زەوی بە تەوەرەكەدا هەمیشە لاری ئەم تەوەرەیە بو لایەكە.

جـ- بەردەوامی سەرچاوەی ڕووناكی (خۆر).

ئەگەر زەوی جێگیر بووایە واتە نەسووڕایەتەوە نیوە ڕووناكەكی هەمیشە(ڕۆژ) دەبوو، نیوەكەیتری تاریك هەمیشە(شەو) دەبوو.



شێوەی ژمارە (٦)
وێنەی شەو ڕۆژ

**زانیاری:**

تەوەرەی زەوی ئەو هێڵە خەیاڵییەیە كەبەناوجەرگەی زەویدا تێپەڕدەبێت هەردوو جەمسەری باكورو باشور بەیەكدەگەێنێ .

## ٢- جووڵەی ساڵانە:

لەکاتێکدا زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە لە جێگای خۆی ناوەستێت ،بەڵکو لەسەر خولگەیەکی جێگیر بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، ئەم خولانەوەیەش بەساڵێك تەواو دەکات. لەئەنجامدادیاردەی چوار وەرزە پەیدا دەبێت.

-دەتوانین هۆیەکانی ڕوودانی چوار وەرزی ساڵ لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:


أ- سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا بە ٣٦٥ ڕۆژ و ٦ کاتژمێردا.

ب- هێلکەیی ئەو خولگەیەی کە زەوی لە سەری دەسووڕێتەوە بە دەوری خۆردا.

جـ- لارێتی تەوەری زەوی (دۆخی زەوی) بەڕێژەی ( ٢٣,٥) پلە.

بڕوانە وێنەی ژمارە (٧).

بە دوایەکدا هاتنی چوار وەرزی ساڵ لە سەر دوو نیوە گۆی زەوی ڕوون دەکاتەوە.




وێنەی (٧)
چوار وەرزی ساڵ.

**چالاکی:**

قوتابیان دەکرێنە دوو گرووپ ،هەر گرووپێك باس لەجوڵەیەکی زەوی دەکات لەگەڵ ئەو دیاردانەی کەلەئەنجامدا دروست دەبن ،لەدوایدا هۆکارەکان لەسەر تەختە دەنوسن.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەكات :

١-ئەگەر زەوی جێگیر بوایە نەسوڕابوایەوە چی ڕویدەدات؟

٢-لەئەنجامی جوڵەی ساڵانە چی ڕوودەدات؟

٣- بۆچی هەست بەجوڵەی زەوی ناكەین؟

**چالاكی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بەبۆچونی خۆت چوار وەرزەی ساڵ پەیوەندی چیە بە جوڵەی زەوییەوە؟ و ئایا ئەگەر زەوی جوڵە و سوڕانەوەی نەبایە چ دیاردەیەك ڕووی نەدەدا؟

## وانەی چوارەم/ بازنەكانی پانی وهێڵەكانی درێژی:

### ١- بازنەكانی پانی:


ئەوبازنە خەیاڵییە نەبینراوەنە كە دەوری گۆی زەوییان داوە ژمارەیان ١٨٠ بازنەیە. ٩٠ بازنەی لەنیوەگۆی باكور، ٩٠ بازنەی تریش لەنیوە گۆی باشور، بەشێوەیەكی گشتی سوودی ئەم بازنانە بو زانینی هەرێمەكانی ئاوو هەوایە لەجیهاندا .

تایبەتمەندی بازنەكانی پانی:

أ- بازنەكانی پانی بازنەی تەواون دەوری گۆی زەوییان داوە.

ب- وشەی باكورو باشورلەگەڵ بازنەكانی پانیدا بەكار دەهێنرێن وەك ئەوی بڵێین بازنەی پانی ٤٠ باكور یان ٤٠ باشور.

ج- تەنها هێڵی یەكسانی بەهێڵی سفر یان هێڵی بناغە دادەنرێت هیچ هێڵێكی تر جێگەی ناگرێتەوە، چونكە گەورەترین بازنەیە وگۆی زەوی دەكات بە دوو بەشی یەكسانەوە.




شێوەی ژمارە (٨)

بازنەکانی پانی


- گرنگترین ئەو بازنانەی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی کەش وهەوا پێویستن بریتین لە(هێڵی یەکسانی ) بازنەی سفر ،بازنەی ٢٣,٥˚ باکور کەبە(خولگەی قرژاڵ )ناسراوە وبازنەی ٢٣,٥˚ باشور بە (خولگەی کارژۆڵە) ناسراوە، هەروەها بازنەی ٦٦,٥˚ باکورو باشور بە(بازنەکانی جەمسەری )ناسراون.

(بڕوانە وێنەی ژمارە ٨ ).

## وانەی پێنجەم/

### ٢- هێڵەکانی درێژی :

نیوە بازنەن یان کەوانەن, ئەمانەش هەر خەیاڵین لەسەرگۆی زەوی کێشراون, هەردوو جەمسەری باکور وباشور بەیەکتری دەگەیێنن، ژمارەیان ٣٦٠ هێڵە، ١٨٠ لەبەری خورهەڵات و١٨٠ تریش لە بەری خۆرئاوا, سوودی ئەم هێڵانە بۆ زانینی (کات)ە لەناوچە جیاوازیەکانی سەر گۆی زەوی. سوودی هەردووکومەڵەکەش بەیەکەوە بو دۆزینەوەی شوێنە لەسەر گۆی زەوی.




شیوەی ژمارە (٩)

هێڵەکانی درێژی

### تایبەتمەندی هێڵەکانی درێژی:

أ- نیوە بازنەن بەشێوەیەکی درێژی جەمسەری باکور بەباشور دەگەیێنن .

ب- ووشەی خۆرهەڵات وخۆرئاوایان لەگەڵدا بەکاردەهێنیرێت، چونکە ئەمانیش وەك بازنەکانی پانی ژمارەکانیان دووبارە دەبێتەوە. کە دەڵێین هێڵی ٤٠ دەبێت دیاری بیکەین ٤٠ی خۆرهەڵات یان خۆرئاوا.

جـ- لەهێڵەکانی درێژی دا هەر هێڵێك بگریت بۆی هەیە ببێتە هێڵی سفرو ببێتە بناغە بۆ دابەشکردنی هێڵەکانی تر. ئێستاکە هێڵی سفر- ئەو هێڵەیە کە بەرِوانگە گەردونییەکی لەگوندی (گرینویچ)ی نیزیك لەندەندا تێدەپەرێت - کراوەتەوە بناغە ئەوە بەرێکەوتنی نیوان دەوڵەتان بووە.

## پەیوەندی نێوان هێڵەکانی درێژی وکات:

وەك دەزانرێت گۆی زەوی کە بە دەوری تەوەرەکەی خوێدا دەسووڕێتەوە, بە ٢٤ کاتژمێر سووڕێك تەواو دەکات. سووڕانەوەکەشی لەخورئاواوە بەرەو خۆرهەڵاتە.لەو ماوەیەدا ٣٦٠ هێڵی درێژی بەبەردەمی تیشکی خۆردا تێدەپەڕن. ئایە بە یەك کاتژمێر چەند هێڵ تێدەپەڕن؟ وەڵامەکەی ٣٦٠ ÷ ٢٤= ١٥ هێڵ بە بەردەمی تیشکی خۆردا تێدەپەڕن. گەر بە یەك کاتژمێر ١٥ هێل تێپەڕێت، ئایە یەك هێڵ بەچەند خولەك تێدەپەڕێت؟ ٦٠ ÷ ١٥ خولەك= ٤ خولەك ، کەواتە بڕینی هەر هێڵێك پێویستی بە چوار خولەکە، ناوچە خۆرهەڵاتییەکان لەکاتی خۆرهەڵاتندا زووتر خۆریان لێهەڵدێت لەچاو ناوچە خۆرئاواییەکان بەمەش ناوچە خۆرهەڵاتیەکان کاتیان لەپێشترە لەچاو ناوچە خۆرئاواییەکان بۆ هەر هێڵێك درێژی ماوەی (٤) خولەکە.

بڕوانە وێنەی ژمارە (٨) و (٩).

**چالاکی:**

کێشانی گۆی زەوی لەسەر تەختە،دیاری کردنی گرنگترین هیڵەکانی درێژی وبازنەکانی پانی لەلایەن قوتابیان.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-بازنەکانی پانی ژمارەیان چەندە؟

٢-هێڵەکانی درێژی ژمارەیان چەندە؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز شوێنی هەرێمی کوردستان دیاری بکە بەگوێرەی بازنەکانی پانی وهێڵەکانی درێژی.

## پرسیارەکانی بەندی دووەم

پ١/پێناسەی ئەمانە بکە:

١- بازنەکانی پانی.    ٢- هەسارە گەڕۆکەکان.    ٣- هێڵەکانی درێژی.

پ٢/ڕاست و هەڵەی ئەمانەی خوارە دیاری بکەو هەڵەکانیش ڕاست بکەوە.

١- پێشکەوتنی زانیاری ئەوەی چەسپاندووە کەزەوی بەتەواوی خڕە.

٢- سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا وەك خولانەوەی میلی کاتژمێرە.

٤- سوودی بازنەکانی پانی بۆدۆزینەوەی شوێن و کاتە لەسەر گۆی زەوی.

٥- هەسارە گەڕۆکەکان گەرمی و ڕووناکی لەخۆرەوە وەردەگرن.

پ٣/هۆی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکە:

٢- هەست نەکردن بەجووڵەی زەوی.

٣- بوونی ژیان لەسەر زەوی.

پ٤/ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە.

١- دووری زەوی لەخۆرەوە بەپلەی ................. دێت و لەدوای هەردوو هەسارەی ....................و ..................

٢- ژمارەی هەسارە گەڕۆکەکان کەبەدەوری خۆردا دەسووڕێنەوە................هەسارەیە.

٣- لەئەنجامی جووڵەی ساڵانەی زەویدا دیاردەی ....................پەیدا دەبێت و لەئەنجامی جووڵەی ڕۆژانەی زەویدا دیاردەی ................پەیدا دەبێت.

پ٥/شاری هەولێر دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی ٤٤ خۆرهەڵات وشاری تەهران لەسەر هێڵی ٥١،٢٥ خۆرهەڵاتە ،جیاوازی کاتی نێوانیان دیاری بکە وکامیان کاتیان لەپێشترە؟



بەندی سێیەم

# سروشتی پێکهاتەی توێکڵی زەوی

## ئامانجی فێربوون:

١-سروشتی پێکهاتەی توێکڵی زەوی بزانێت.

٢-جیاوازی لەنێوان ئاو ووشکانی بکات.

٣-دیاردەکانی بەرزو نزمی زەوی روون بکاتەوە.

٤-ڕەگەزەکانی کەش وئاووهەوا بناسێت.

٥-پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لێکبداتەوە.

## بەندی سێیەم

## وانەی یەکەم/

### سروشتی پێکهاتەی توێکڵی زەوی

بەرگی ڕەقی — بەرگی ئاوی — بەرگی گازی

ماددە لە سرووشتدا بە سێ شێوە دەبینرێت، ئەوانیش ڕەق و شلو گازە, بەرگەکانی زەویش ئەم (٣) شێوەیەیان وەرگرتووە:

### ١- بەرگی ڕەق (بەرگی بەردین):

ئەمە ڕووبەرە وشکانیەکەی گۆی زەوییە واتە کیشوەرەکانە, پێکهاتووە لە تاشە بەرد کە هەندێکی لە ئەنجامی تێپەڕبوونی کات وردبووەوە بۆتە خاك کە لە(شاخ ودۆڵ ودەشت ) پێکهاتوە,ڕێژەی ئەم بەرگە دەگاتە نزیکەی ٢٩٪ ڕووبەرەکەی گۆی زەوی.

### ٢- بەرگی ئاوی:

ئەو بەشە نزمەی گۆی زەوییە کە ئاو داپیۆشیووە وەك زەریا و دەریا و دەریاچەکان ،کە ڕێژەی ئەم بەرگە دەگاتە نزیکەی لە٧١٪ ی ڕووبەری گۆی زەوی.

### ٣- بەرگی گازی:

ئەو بەرگەیە کە دەوری هەموو گۆی زەوی داوە بە وشکانی و ئاوەوە, لە بەر ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری پێکهاتەکەی گازە، وەکو گازی نایترۆجین و ئۆکسجین و دووانە ئۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاو بۆیە بەو ناوە ناو نراوە.

### ٤- بەرگی زیندەگی:

ئەم بەرگە لەڕاستیدا نییە، بەڵام لە تێکەڵەی ئەو (٣) بەرگەی سەرەوە درووست بووە, بۆتە مایەی دروستبوونی ژیان لەسەر گۆی زەوی وەکو ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك, هەر لەبەر ئەمەش ناونراوە بەرگی زیندەگی.

#### زانیاری:

زەوی لەسێ بەش پێکدێت:

١-توێکڵەکەی کەچینی دەرەوەی گۆی زەوی داپۆشیوە،کەمرۆڤ وئاژەڵ وڕووەکی لەسەر دەژێیت.

٢-داپۆشەر (مانتل)دەکەوێتە ژێر توێکڵی زەوی ،چینێکی بەردی ڕەقە.

٣-ناوك کەدەکەوێتە جەرگەی زەوی، پێکدێت لەکۆمەڵە کانزاییەکی تواوە .


## وانەی دووەم/ دابەشبوونی گشتی وشکانی و ئاو

وشکانی و ئاو ڕووی گۆی زەویان پێك هێناوە, وشکانی ئەو ڕووبەرانەی گۆی زەویین کە بەرزترن لە ئاستی ڕووی دەریا و ئاو داینەپۆشیون بەو ڕووبەرانەش دەگوترێت کیشوەرەکان (قارات). هەرچی ئاویشە ئەو ناوچە نزمە فراوانە دەگرێتەوە کە پێیان دەگوترێت زەریا و دەریا و دەریاچەکان.

تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی وشکانی و ئاو:

١- ڕووبەرە وشکانیەکەی گۆی زەوی لە ڕووبەرە ئاوییەکەی کەمترە, ڕووبەرە وشکانیەکە دەووروبەری ٢٩٪ ی ڕووی زەوی داپۆشیوە, ڕووبەرە ئاوییەکە نزیکەی ٧١٪ ی گۆی زەوی داپۆشیوە.

٢- زۆرینەی وشکانیەکە کەوتۆتە نیوە گۆی باکوری زەوییەوە، بەپێچەوانەی زۆرینە ئاوییەکەی کەوتۆتە نیوە گۆی باشوری زەوییەوە.



دابەش بوونی ئاوو وشکانی لەجیهاندا



نیوە گۆی وشکانی زەوی



نیوە گۆی ئاوی زەوی

دابەشبوونی وشکانی و ئاو لەهەردوو نیوەگۆی زەوی

## وانەی سێیەم:

### ١- بەرگی ڕەق (بەرگی بەردین):

کیشوەرەکان ئەو بەشە وشکانیە فراوانەیە کە لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزترن ،ئەوکیشوەرانەی کەبەشە وشکانیەکەی گۆی زەوی پێکدێنن بریتین لە (٧) کیشوەر کە ئاسیا گەورەترینیانە ئوسترالیاش بچووکترینیان,

بڕوانە خشتەی ژمارە (١)).

### ناوی کیشوەرەکان و ڕووبەرەکانیان

| ژ | ناوی کیشوەر | ڕووبەرەکەی بەکم٢ |
|---|---|---|
| ١ | ئاسیا | ٤٤,٥٧٩,٠٠٠ |
| ٢ | ئەفریقیا | ٣٠,٠٦٥,٠٠٠ |
| ٣ | ئەمریکای باکور | ٢٤,٢٥٦,٠٠٠ |
| ٤ | ئەمریکای باشور | ١٧,٨١٩,٠٠٠ |
| ٥ | جەمسەری باشوور(ئەنتارکتیکا) | ١٣,٢٠٩,٠٠٠ |
| ٦ | ئەوروپا | ٩,٩٣٨,٠٠٠ |
| ٧ | ئوستڕالیا | ٧,٦٨٧,٠٠٠ |

خشتەی ژمارە(١) ڕووبەری کیشوەرەکان .

تێبینی: ئەم خشتە تەنها بۆ زانیاریە نەوەك بۆ لەبەرکردن.

## چالاکی:

مامۆستا قوتابیان دەکاتە چەند گرووپێك،هەر یەك لەمانە ڕۆڵی شێوەیەك لەشێوەکانی بەرگی گۆی زەوی وەردەگرن،وباس لەبەرگەکانی گۆی زەوی دەکەن.

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-دروست بوونی بەرگی زیندەکی.

٢-ڕێژەی بەشە وشکانیەکەی گۆی زەویچەندە؟

٣- ڕێژەی بەشە ئاویەکەی گۆی زەوی چەندە؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست لێکدانەوە بۆ گرنگی بەشە وشکانی وئاویەکەی گۆی زەوی بکە.

## بەرز و نزمی ڕووی زەوی (تۆپۆگرافیای زەوی)

- دەشتەکان
- دۆڵەکان
- بانەکان
- گردو چیاکان

بەرزو نزمی ڕووی کیشوەرەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە, ئەو ڕوواڵەتانەش بەپێی ئاستی ڕووی ئاوی دەریا و زەریاکان دەپێورێت.

### أ- دەشتەکان:

ئەو زەوییانەن کە بە زۆری ڕووەکانیان تەختە و لە ئاستی ڕووی دەریاوە هێندە بەرزنین, وەکو دەشتەکانی ڕافیدەین لە عێراق ، شارەزوور لە هەرێمی کوردستان.



وێنەی ژمارە (١٠) دەشتێکی کشتوکاڵی



وێنەی ژمارە (١١) وێنەی دۆڵ

## ب- دۆڵەکان:

ئەو زەوییە نزمە تەسکە لاکێشانەیە کە لەنێوان بەرزاییەکاندا درێژ دەبنەوە, لەگەڵ دروست بوونی چیاکاندا دروست بوون, یان بە هۆی داکشان و ڕووچوون و داچوون.نمونەش بۆ ئەمە دۆڵی (خەرەند) لە ڕەواندوز.

## جـ- بانەکان:

ئەو زەوییە بڵندانەن کە ڕووەکانیان تەختەو لاپاڵەکانیان لەزۆرینەی لاکانیەوە لێژن، هەندێك جار لەسەر ڕووەکانیان دۆڵ چیاو گرد هەیە, نموونەش بۆ بانەکان, بانی (تبت) لە ئاسیا و کە بە بەرزترین و فراوانترین بانە لە جیهاندا.

## د - گرد و چیاکان

**گردەکان:** ئەو زەوییە بڵندانەن کە لاپاڵەکانیان زۆر لێژنین وەکو گردەکانی (حەمرین) کە سنوری سروشتی باشوری هەرێمی کوردستانە.

**چیاکان:** زەوییەکی بڵندن هەندێك جار بەرزییەکەی لە (١٠٠٠م) زیاترە لە چاو زەوییــەکانی دەوروبەری زیاترە، لوتکەکانیان تیژن و لاپاڵەکانیان لێژن, هەندێك جار چیاکان بەیەکەوە دەبن وەکو زنجیرەیەك.

زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و پیرەمەگرون لەهەرێمی کوردستانی عێراق و چیاکانی هیمالایا لەئاسیادا. جیاوازی لەنێوان چیاو گرد لەبەرزییەکەیان و لێژی لاپاڵەکان و تیژی لووتکەکانیان دایە.

**زانیاری:**

چیای زاگرۆس ئەم زنجیرە چیایە درێژدەبێتەوە لەهەرێمی کوردستان لەنێوان هەرسێ وڵاتی تورکیا وعێراق وئێران،درێژیەکەی ١٥٠٠ کم وبەرزایەکەی ٥٠٩٨ مەترە لەئاستی دەریاوە.



وێنەی ژمارە (١٢) وێنەی زنجیرە چیا

**چالاکی:**

مامۆستا قوتابیان دەکاتە چەند گرۆپێك،هەر یەك لەمانە باس لەدیاردەیەك لەبەرزو نزمی ڕوی زەوی دەکەن،لەدوایدا نمونە لەسەر هەرێمی کوردستان دەهێننەوە.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-ئەو زەویانەی بڵندن ولێژن بەرزاییەکانیان لە ١٠٠٠م کەمترە چ دیاردەیەکی بەرزو نزمین؟

٢- ئەو زەویانەی نزم وتەسکن کەلەنێوان بەرزاییەکانن چ دیاردەیەکی بەرزو نزمین؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست نیشتەجێوون لەناوچە دەشتاییەکان باشترە یان لەناوچە چیاییەکان؟ لەبەرچی؟

## وانەی چوارەم/

### ٢- بەرگی ئاوی:

مەبەست لەم بەرگە ڕووبەری ئاوی گەورەی زەریا و دەریا و دەریاچەکانە, زەریاکان بریتین لەڕووبەرێکی ئاوی زۆر فراوان و قوڵن و دەوری کیشوەرەکانیان داوە و نزیکەی ٪٩٧ ئاوی سەر زەوی پێکدێنن, ئاوەکەیان وەستاو نییە بەشێوەی تەووژم دەجولێت, گەورەترینیان زەریای (هێمن) ە بچوکترینیشیان زەریای (بەستووی باکورە).

### زەریاکان و ڕووبەرەکانیان:

| ژ | ناوی زەریا | ڕووبەرەکەی بەملیۆن کم٢ |
|---|---|---|
| ١ | هێمن (پاسفیك) | ١٦٥,٣٦٤,٠٠٠ |
| ٢ | ئەتڵەسی | ٨٢,٢١٧,٠٠٠ |
| ٣ | هیندی | ٧٣,٤٨١,٠٠٠ |
| ٤ | بەستووی باکور | ١٤,٠٥٦,٠٠٠ |


خشتەی ژمارە (٢) ڕووبەری زەریاکان.

تێبینی: ئەم خشتە تەنها بۆ زانیاریەنەوەك بۆ لەبەرکردن.

## زانیاری:

دەریا هەر وەكو زەریا وایە, بەڵام ڕووبەرەكەی بچووكترە ،دەوڵەتان و بەشەكانیان لێكجیادەكاتەوە.

-دەریاكان دەكرێن بەچەند بەشێكەوە:




### أ - دەریا دەرەكیەكان: (البحار الخارجیة)

ئەو ڕووبەرە ئاوییانەن كە كەوتونەتە نێوان كەناری كیشوەرەكان و ئەو كۆمەڵە دورگە و نیمچە دورگانەی كە لە زەریاكان جیای دەكاتەوە ،وەكو دەریای چین و دەریای عەرەب.

### ب- دەریا ناوەكیەكان : (البحار الداخلیة):

ئەو ڕووبەرە ئاویانەن كە كەوتونەتە ناو كیشوەرەكانەوە, لە گەرووی تەنگەوە بە زەریاكان دەگەن, وەكو دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور.

### ج- دەریا داخراوەكان: (البحار المغلقة):

ئەو ڕووبەرە ئاویانەن كە لە هەموو لایەكەوە بەوشكانی دەورەدراون بە زەریاكان ناگەن, وەكو دەریای مردوو, دەریای قەزوین .

## زانیاری:

(گەروو) ڕێڕەوێكی ئاوی تەسكە دوو ڕووبەری ئاوی گەورە پێكدەگەیێنێ ، هەرچی (كەنداوە) ڕووبەرێكی ئاوییە درێژدەبێتەوە بۆ ناو وشكانی ،كیشوەرەكان و زەریا ودەریاكان بەیەكدەگەیێنێ.

### -گرنگی دەریاو زەریاکان:

١- زەریاو دەریاکان ڕێگەی گواستنەوەی هەرزان و ئاسانن، مرۆڤ بۆ گواستنەوەی شمەك و هاتوچۆ بەکاریان دەهێنێن.

٢- بە سەرچاوەیەکی گەورەی ڕاوەماسی دادەنرێن کە بەشێکی باشی خۆراکی دانیشتوانی جیهانیان پێکهێناوە.

٣- زۆردەرامەتی تێدایە وەکو نەوت, خوێ, ئەسفەنج, مرواری.

٤- کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە سەر ئاوو هەوای ناوچەکانی دەوروبەری، ئەمەش سوودی هەیە بۆ گەشتوگوزار.

٥-سودێکی زۆری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

## وانەی پێنجەم/

### ٣- بەرگی گازی :

بەرگە گازەکەش بەشێکە لە زەوی ،وەکو بەرگە ئاوەکەو بەرگە ڕەقەکەی, گرنگیەکی زۆری هەیە:

١- ناهێڵێت هەمووو تیشکە زیان بەخشەکان بگەنە سەر زەوی.

٢- زەوی دەپارێزێت لە بەرزبونەوە و نزم بوونەوەی زۆری پلەی گەرمی .

٣- دەنگ و شەپۆلەکانی پێدا دەگوێزرێتەوە و ڕووناکی ڕۆژ پێکدەهێنێت.

ئەم بەرگە لە چەند گازێك پێکهاتووە لەوانە: نایترۆجین ٧٨٪ و ئۆکسجین ٢١٪ واتە هەر بە تەنها بەو دوو گازە ٩٩٪ ی پێکهاتەی ئەو بەرگە پێکدێنن.

گازەکانی ترو کەرەسە ڕەق و شلەکانی ناو ئەو بەرگە تەنها ١٪ بەرگەکە پێکدێنن. ئەو بەرگە گازەلە چەندچینێکی ئەستور جیاواز پێکهاتووە.

لە ناو ئەم بەرگەدا گۆڕانەکانی کەش و هەوا ڕوودەدات.

### زانیاری:

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لەگەڵ پەیدابوونی شۆڕشی پیشەسازی ،بەرگی گازی ڕووبەڕوی پیسبوونی ژینگە بوویەوە،کەئەمەش مەترسیەکی گەورەی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ وڕووەك وئاژەڵ .

### چالاکی:

هەڵواسینی نەخشەیەکی سروشتی جیهان،دیارکردنی ئەمانە لەلایەن فوتابیان :١-دەریا دەرەکیەکان.٢-دەریا ناوەکیەکان.٣-دەریا داخراوەکان.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-گرنگی بەرگی گازی؟

٢-کام لەجۆری دەریا شیاوترە بۆ گواستنەوەی ئاوی؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بەبۆچونی خۆت پێشکەوتنی پیشەسازی وکاریگەریەکانی لەسەر ژینگە لێکبدەرەوە.

## وانەی شەشەم/

**((ئاوو هەوا))**

کەش | ئاوو هەوا

### کەش :(الطقس):

بریتییە لەبارودۆخی ئاووهەوا لە ڕووی (پلەی گەرمی, پەستانی هەوا, با و شێ داباڕینەوە) بۆ ماوەیەکی کورت لە شوێنێکی دیاری کراو, وەك ئەوەی بڵێین کەشی ئەمڕۆی شاری هەولێر ساردو بارانە.

### ئاوو هەوا: (المناخ) :

بریتییە لەبارودۆخی ئاووهەوا لە ڕووی (پلەی گەرمی, پەستانی هەوا, با وشێ داباڕینەوە), بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنێکی دیاری کراو, وەك ئەوەی بڵێین ئاوو هەوای ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان زستانی سارد و باراناویەو هاوینی مام ناوەندو وشکە. لە ئەنجامی ئەو دوو پێناسەیە لە یەکچوون و جیاوازی لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە, لەوەدا لە یەکدەچن, کە هەردوکیان لە بەرگە گازەکە دەکۆڵنەوە لە ڕووی ئەو چوار ڕەگەزە هاوبەشەی نیوانیانەوە، بەڵام لەوەدا جیاوازن کەش لە بارودۆخە هەنوکەییەکەی بەرگە گازەکەدەکۆڵێتەوە, بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئاوو هەوا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە و تێکڕاکانی باری کەشە.

### زانیاری:

ناوچە مام ناوەندیەکان لەڕوی پلەی گەرمی ئەوناوچانەن ،زستانیان زۆر سارد نییە هاوینیشیان زۆر گەرم نییە ،باشترین شوێنە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی مرۆڤ.

**ڕەگەزەکانی کەش و هەوا:**

- پلەی گەرمی
- پەستانی هەوا
- با
- شێ ودابارین

لەبەر گرنگی ئەو بابەتە کەمێك بە درێژتر لە سەر هەر یەکەیان دەدوێن .

## وانەی حەوتەم/

### ١- پلەی گەرمی:

بە ڕەگەزی یەکەمی کەش و ئاووهەوا دادەنرێت، لە هەموویان گرنگترە و کار لەڕەگەزەکانی تریش دەکات, پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هەموو زیندەوەران هەیە کاردەکاتە سەر تەندروستی و گشت چالاکیـــەکانی مرۆڤ وەك کشتـــوکاڵ, ئاژەڵـــداری وبازرگانی و پیشەسازی وگەشتوگوزار.

#### أ - سەرچاوەکانی گەرمی:

١- خۆر بە سەرچاوەی یەکەمی گەرمی هەوای سەرگۆی زەوی دادەنرێت.بە شێوەی ووزە لە ڕێگەی تیشکەوە دەگاتە سەر زەوی ،پاش ئەوەی ڕووی زەوی بڕێکی لێ دەمژێت ئەوی تری دەداتەوە بەوەش هەوای دەوروبەری گۆی زەوی گەرم دەبێت. ٢- جەرگەی زەویش بڕێکی زۆر کەم گەرمی دەدات بە بەرگە گازەکە ،ئەویش لەڕێگەی گڕکان و فوارە گەرمەکانەوە.٣- بڕێکی زۆر کەمی ئەو گەرمیەش دەستکردی مرۆڤە, کە سووتەمەنی بە کاردەبات بۆ پیشەسازی خۆ گەرم کردنەوە و پێداویستیەکانی تری ژیانی ڕۆژانەی .


### ب- ئەو هۆیانەی كار لە پلەی گەرمی هەواكە دەكەن :

ئەو بڕە گەرمییەی كە لە تیشكی خۆرەوە بەرهەم دێت لە هەموو ناوچەیەك و لە هەموو كاتێكدا وەك یەك نیە, ناوچە هەیە ساردە, هەیە مامناوەندییە, هەیە گەرمە, هەروەها بەگوێرەی كاتیش دەگۆڕێت, وەك جیاوازی نێوان پلەی گەرمی زستان و هاوین و شەو و ڕۆژ, هۆیەكانی ئەم جیاوازییەش بریتیین لە:

#### ١- گۆشەی تیشكی خۆركەوتن :

مەبەست لەو گۆشەیەیە كە تیشكی خۆرەكە لەگەڵ زەویدا دروستی دەكات, هەتا گۆشەكە ستوون و مەیلەو ستوون بێت ناوچەكە زۆرتر گەرمتر دەبێت، بە پێچەوانەوە هەتا گۆشەكە لارو مەیلەو لاربێت ناوچەكە كەمتر گەرم دەبێت .

(بڕوانە شێوەی ژمارە (١٣) ) .




وێنەی ژمارە (١٣)

تیشكی لارو تیشكی ستوون


## ٢- کورت و درێژی ڕۆژ:

لەهەر ناوچەیەکدا هەتا ڕۆژ درێژتر بێت بڕێکی زۆرتری گەرمی دەگاتێ، ئەمەش لە ڕۆژ درێژی هاوینی کوردستاندا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

## ٣- پاک و خاوێنی هەوا:

هەتا هەواکە پوخت و پاکبێت بڕێکی زۆرتر تیشکی خۆر دەگاتە سەر زەوی. گەر هەواکە پاک نەبوو وردیلەی تۆزو گەردیلەی ڕەق و شل و هەڵمی ئاوی زۆرتر تێدابوو، ئەوانە بەردەگرن لە تیشکی خۆر و گەرمی بەرهەم هێنانیش کەم دەکاتەوە.

لە ئەنجامی ئەو هۆکارانە زەوی بەسەر چەند ناوچەیەکی گەرمی دابەش دەبێت .




(بڕوانە شێوەی ژمارە ١٤).

### زانیاری:

ئەو ناوچانەی دەکەوێتە لێوار ڕووبەری ئاوی گەورەو ڕووبەری سەوزایی گەورە لەوەرزی هاویندا پلەی گەرمییان مام ناوەندی دەبێت.

-ناوچەکانی گەرمی سەرگۆی زەوی:

١- دووناوچەی گەرم:

أ-ناوچەی گەرمی باکور: دەکەویتە نێوان خولگەی قرژاڵ و هێڵی یەکسانی (سفر -٢٣،٥) باکور.

ب- ناوچەی گەرمی باشور: دەکەوێتە نێوان خولگەی کارژۆڵەو و هێڵی یەکسانی (سفر -٢٣،٥) باشور.بەدرێژایی ساڵ لەم ناوچانە پلەی گەرما بەرزە، چونکە تیشکی خۆر بەشێوەی ستوون یان نیمچە ستوون لەم ناوچانە دەدات.

٢- دوو ناوچەی فێنك:

أ- ناوچەی فێنکی باکور: دەکەوێتە نێوان خولگەی قرژاڵ و بازنەی جەمسەری باکورەوە، واتا نێوان هەردوو بازنەی پانی ٢٣,٥- ٦٦,٥ باکور.

ب - ناوچەی فێنکی باشور: دەکەوێتە نێوان خولگەی کارژۆڵەو بازنەی جەمسەری باشورەوە، واتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ٢٣,٥- ٦٦,٥ باشور.

هۆی فێنکی ئەم ناوچانەش دەگەڕێتەوە بۆ لارێتی تیشکی خۆر.

٣- دووناوچەی سارد:

أ- ناوچەی ساردی باکور: دەکەوێتە نێوان بازنەی جەمسەری باکور و جەمسەری باکورەوە واتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ٦٦,٥-٩٠باکور.

ب- ناوچەی ساردی باشور: دەکەوێتە نێوان بازنەی جەمسەری باشورو جەمسەری باشورەوە، واتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ٦٦,٥-٩٠ باشور.

هۆی ساردی ئەم ناوچانەش لارێتی زۆری تیشکی خۆرە.

## پێوانی پلەی گەرمی:

گەرمی بە پلە پێوانە دەکرێت. لە وڵاتی ئێمە ڕەچاوی پلەی سەدی دەکرێت سفر پلەی بەستنی ئاوەو ١٠٠ پلەی کوڵانیەتی، کە دەگوترێت پلەی گەرمی ناوچەیەك لەکاتێکی دیاری کراودا بۆنموونە٣٠ سەدییە ئەوە پلەی گەرمی ئەو هەوایەیە کە لە سێبەردا تۆمار کراوە، هەوایەکە جووڵەکەی ئازادەو لە بەرزایی ١,٥ - ٢ مەتردا تۆمارکراوە.

**زانیاری:**

پێوەری فەهرەنهایت: ٣٢ پلەی فەهرەنهایت بەستنی ئاووە و٢١٢پلەی کوڵانیەتی.

ئەو ئامێرانەی کە پلەی گەرمی تۆماردەکەن گەلێک شێوەو جۆری جیاوازیان هەیە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٥).

## ١-تەرمۆمەتری جیوەیی.




وێنەی ژمارە (١٥)

تێرمۆگراف

## ٢-تەرمۆمەتری ژمارەیی.

## ٣/ تێرمۆگراف = گەرمی پێوی تۆمارکەر

**زانیاری:**

تەرمۆمەتری ژمارەیی: ئاسانترین جۆری گەرمی پێوە بەخوێندنەوەی ژمارەی سەر شاشەکە بەئاسانی پلەی گەرمای ناوچەکە دەزانیت.

**چالاکی:**

هەڵواسینی نەخشەیەکی گۆی زەوی ودیاری کردنی ئەم ناوچانە لەلایەن قوتابیان:١-ناوچەی گەرم.٢-ناوچەی فێنك.٣-ناوچەی سارد.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەكات :

١-سەرچاوەی یەکەمی گەرمی؟

٢- بەرزی پلەی گەرمی لەوەرزی هاوین لەشاری (هەولێر )بەراورد بەمام ناوەندی پلەی گەرمی لەشارەدێێ (چۆمان)؟

**چالاکی ماڵەوە:**

مامۆستا پۆلەکە دەکاتە چەندگروپێك ،هەر گرۆپێك باس لەخاڵێك دەكات کەمرۆڤ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە توانیویەتی زاڵبێ بەسەر پلەی گەرمای بەرز ونزم.

## وانەی هەشتەم/

### ٢- پەستانی هەوا:

پەستانی هەوا بریتییە لە کێشی ستوونێك هەوا لە کۆتایی بەرگە گازەکەوە هەتا ئاستی ڕووی دەریا, ئەوەش یەکسانە بە شێوەی ستوونێك لە جیوەکە بەرزاییەکەی ٧٦ سم لە سەر یەك سانتی مەتر دووجا.

### أ- ئەوهۆیانەی کار لە پەستانی هەوا دەکەن:

پەستانی هەوا دەگۆڕێت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترو لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ،هۆی ئەوگۆڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ:

**1- پلەی گەرمی:** پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی و پەستانی هەوا پەیوەندیەکی پێچەوانەیە، هەتا پلەی گەرمی ناوچەیەك بەرزبێتەوە پەستانەکەی نزمدەبێتەوە, چونکە هەواکە زیاتر دەکشێت و لێکدووردەکەوێتەوەو کێشەکەی کەم دەکات, هەتا نزمیش بێتەوە پەستانەکەی بەرز دەبیتەوە کێشەکەی دەبێت.

**٢- هەڵمی ئاو:** پەیوەندی نێوان هەڵمی ئاوو پەستانی هەوا دیسان پێچەوانەیە ، واتا هەتا هەڵمی ئاو لە هەوادا زۆرتر بێت, پەستانی هەواکە نزم دەبیتەوە, چونکە هەڵمی ئاو سووکترە لە هەوا.

**٣- بەرزو نزمی لە ئاستی ڕووی دەریاوە:**

هەتا لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرز ببینەوە پەستانی هەوا نزم دەبێتەوە، چونکە لەلایەك درێژی ستوونە هەواکە کورت دەبێتەوە لەلایەکی تریشەوە چینەکانی سەرەوەی هەوا کێشیان کەمترە بەڵام بە نزم بوونەوە لە ئاستی ڕووی دەریاوە ،پەستانی هەواکە بەرز دەبێتەوە,چونکە ستوونە هەواکە درێژتر دەبێت و گازو پێکهاتە قورسەکانیش لەوێدا زۆرتر دەبن.

**٤- تەوژمی هەوا:** واتە بزوتنەوەی هەوایە, گەر لە خوارەوە بۆ سەرەوە بوو, پێی دەگوترێت (تەوژمی سەرکەوتوو)، گەر لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆ سەرەوە بوو پێیدەگوترێت (تەوژمی داکەوتوو)، هەر ناوچەیەك تەوژمی هەوای داکەوتووی هەبێت پەستانی هەواکەی بەرزدەبیتەوە, چونکە وەك ئەوە وایە هەوا لەوناوچەیەدا کۆ ببێتەوەو کەڵەکە بێت, بەلام بوونی تەوژمی هەوای سەرکەوتوودەبێتە هۆی نزم بوونەوەی پەستانی هەواکە.

## ب- ناوچەکانی پەستانی هەوای سەر گۆی زەوی:

لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر باسمان کرد دەتوانین گۆی زەوی دابەش بۆ چەند ناوچەیەکی پەستانەوە کەئەمانەن:

### ١- ناوچەیەکی پەستانی نزم لە دەوروبەری هێڵی یەکسان:

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان (هێڵی یەکسانی - ٥ پلە)ی باکورو باشوری هێڵی یەکسانیەوە, هۆی نزمی پەستان لەم ناوچەیدا دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی پلەی گەرمی, بوونی تەوژمی هەوای سەرکەوتوو, زۆری ڕێژەی هەڵمی ئاو لە هەوای ناوچەکەدا.

### ٢- دوو ناوچەی پەستانی بەرز لە دەوروبەری خولگەکان:


ئەم دوو ناوچەیە دەکەونە دەوروبەری هەردوو بازنەی پانی٣٠ باکور وباشوری هێڵی یەکسانی, هۆی سەرەکی بەرزی پەستان لەم دوو ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تەوژمی هەوای داکەوتوو, کە لە بنەڕەتدا لەناوچەکانی هێڵی یەکسانیەوە سەرکەوتووە.

### ٣- دوو ناوچەی پەستانی نیمچە نزم لە بازنە پانییە دوورەکان:

ئەم دوو ناوچەیە دەکەونە دەورووبەری بازنەی پانی ٦٠ باکورو باشوری هێڵی یەکسانی, هویَ سەرەکی نزمی پەستان لەم دوو ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تەوژمی هەوای سەرکەوتوو.

### ٤- دوو ناوچەی پەستانی بەرز لە دەوروبەری جەمسەرەکان:

ئەم دوو ناوچەیە دەکەونە هەردوو جەمسەری باکور و باشورەوە هۆی بەرزی پەستان لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ نزمی پلەی گەرمی, کەمی ڕێژەی شێ بوونی تەوژمی هەوای داکەوتوو.




وێنەی ژمارە (١٨).

وێنەی ژمارە (١٦) ناوچەکانی پەستانی هەوای سەرگۆی زەوی و ئاڕاستەی جوڵەی بایەکان

## ج- پێوانەکردنی پەستانی هەوا:

پەستانی هەوا بە (میلیبار) دەپێورێت, ژمارەیەکی زۆر دەزگا هەیە کە پەستانی پێدەپورێت لەوانە بارۆمەتری کانزایی و بارۆمەتری جیوەیی و بارۆگراف.

(بڕوانە وێنەکانی ژمارە (١٨,١٧).

### أ-بارۆمەتری کانزایی.




وێنەی ژمارە (١٧)
پەستان پێوی بارۆمەتری کانزایی




وێنەی ژمارە (١٨)
پەستان پێوی تۆمارکەر(بارۆگراف)

### ب- بارۆگراف و بەشەکانی

١- قوتویەکی کانزایی. ٢- بەرزکەرەوەکان.

٣- قۆڵ. ٤- لوولەك.

### ج-بارۆمەتری جیوەیی.

**چالاکی:**

کیشانی نەخشەی گۆی زەوی،دیاریکردنی ناوچەکانی پەستان لەلایەن قوتابیان.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-نزمی پەستان لەدەوروبەری هێڵی یەکسانی؟

٢-بەرزی پەستان لەناوچە جەمسەریەکان؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بەبۆچونی خۆت هەرێمی کوردستان کەوتۆتە چ ناوچەیەکی پەستان.

## وانەی نۆیەم/

### ٣- بـــا:

بریتیە لە جوڵەی بارستایی هەوا بە شێوەیكی ئاسۆیی بە ئاراستەی جیاوازو بە خێرایی جیاواز لە شوێنی پەستان بەرزەوە بەرەو شوێنی پەستان نزم، خێرایی بایەكە دەگۆڕێت لە ناوچەیەكی ترو لە كاتێكەوە بۆ كاتێكی تر, لەبەر دوو هۆكار, یەكێكیان جیاوازی پلەی پەستانەكە لە نێوان شوێنی پەستانە بەرزەكەو شوێنی پەستانە نزمەكە، هەتا جیاوازییەكە زۆرتر بێت خێراییەكەش زۆرتر دەبیت.,دووەمیان هێزی لێكخشانی بایەكەیە لە گەڵ بەرزو نزمیەكانی ڕووی زەویدا, هەتا لێكخشانی بایەكە زۆرتربێت خێراییەكەی كەمتردەبێتەوە.


جا بۆیە ناوی بایەكە بە پێی خێراییەكەی دەگۆڕێت, گەر لەسەر خۆبوو پێی دەگوترێت (سروە) یان (شنە)، گەر مام ناوەندی بوو پێی دەگەترێت (با)، گەر زۆر خێراو تێكدەر بوو دەبێتەوە (ڕەشەبا).

#### أ- خەسڵەتەكانی با:

١- با بەناوی ئەو شوێنەوە ناو دەنرێت كە لێوەی هەڵدەكات, بۆ نمونە گەر لە باكورەوە بەرەو باشور هەڵبكات بە بای باكور ناو دەبرێت.

٢- با سیفەت و نیشانەكانی ئەو شوێنەی كە لێوەی هەڵكردووە دەگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێنەی كە بۆی هەڵدەكات و بەسەریدا تێدەپەرێت, با لە شوێنێكی گەرمەوە هەڵبكات, ئەوا گەرمی دەگوێزێتەوەوە .

٣- با بەشێوەیكی ئاسۆیی هەڵناكات, بەڵكو لادانێك دەكەویتە ئاراستەكەیەوە, بەو جۆرە ئەو بایەی كە لە نیوە گۆی باكووری زەویدا هەڵدەكات كەمێك بەلای ڕاستی خۆیدا لادەدات .ئەو بایەی لە نیوە گۆی باشوری زەویدا هەڵدەكات كەمێك بەلای چەپی لادەدات, ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا. بڕوانە وێنەی (١٩).




وێنەی ژمارە (١٩) لادانی با

## ب- جۆرەکانی با

١- بایە هەمیشەییەکان | ٢- بایە خۆجێیەکان

## ١- بایە هەمیشەییەکان: (بایە گشتیەکان)

بای بازرگانی | بای پێچەوانە | بای جەمسەری

بەردەوام هەڵدەکاتە سەر زۆربەی ناوچەکانی گوێ زەوی بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە دابەش دەکرێن:

### ١- بای بازرگانی:

ئەم بایە لە هەردوو ناوچەی دەوروبەری خولگەکانەوە (دەوروبەری بازنەی پانی ٣٠ باکور وباشوری هێڵی یەکسانی) هەڵدەکاتە سەر ناوچەی دەوروبەری هێڵی یەکسانی .خێراییەکەی مام ناوەندیەوە لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵدا هەیە.

### ٢- بای پێچەوانە:

لە هەردوو ناوچەی دەوروبەری خولگەکانەوە هەڵدەکاتە سەر هەدوو ناوچەی بازنەی پانی (٦٠) باکور و باشور بۆیە ناو نراوە بای پێچەوانە، چونکە ئاراستەکەی پێچەوانەی بای بازرگانیە, ئەم بایە شێ و گەرمی لە گەڵ خۆیدا دەبات بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە هەڵدەکاتە سەری و دەبێتە هۆی داباریین بە تایبەتی لە زستاندا.

### ٣- بای جەمسەری:

لە هەردوو ناوچەی دەوروبەری جەمسەرەکانەوە هەڵ دەکاتە سەر هەردوو ناوچەی دەوروبەری بازنەی پانی (٦٠) باکورو باشوری هێڵی یەکسانی ،بایەکی زور سارد و وشکە.

(بڕوانە شێوەی ژمارە(٢٠)).

**زانیاری:**

مەبەست لەبای بازرگانی ئەو بایەیە کەبازرگانەکان سوودیان لێوەردەگرت بۆ جوڵاندنی کەشتیە چارۆگەدارەکان بەمەبەستی گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان لەنێوان هێڵی یەکسانیدا.




وێنەی ژمارە(٢٠)
بایە گشتیەکان


## ٢- بایە خۆجێیەکان

| وەرزە با | شنەی دەریا و شنەی وشکانی | شنەی چیاو دۆڵ |
|---|---|---|


### أ- وەرزە با:

بریتییە لەسوڕێکی جوڵانەوی هەوا لەنێوان ئاوووشکانی لەکاتی هەردوو وەرزی زستان وهاوین ڕوودەدات.ئەمەش بەهۆی جیاوازی پلەکانی گەرما لەنێوان ئاو ووشکانی لەو ناوچانەی کەڕووبەرێکی وشکانی فراوان دراوسێی ڕووبەرێکی ئاوی فراوانە .

لەوەرزی زستان پلەی گەرما لەناوەڕاستی (ئاسیا) نزم دەبێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پەستان،لەکاتێکدا هەر دوو زەریای (هێمن وهیندی )پەستانی هەوایان نزمە بەهۆی مام ناوەندی پلەی گەرمی ئاوەکانیان ،بەمەش با لەوشکانی بۆ سەر ئاو هەڵدەکات کە لەگەڵ خۆی وشکی وساردی دەگوازێتەوە.بەڵام لەهاویندا ئەم کردارە پێچەوانە دەبێتەوە،لەئەنجامدا با لەزەریاکان هەڵدەکاتە سەر وشکانی ودەبێتە هۆی باران بارین لەسەر وشکانی.



وەرزی بای هاوین



وەرزی بای زستان

وەرزە با لەهاوین و زستاندا

## ب- شنەی دەریا و شنەی وشکانی.


جیاوازی پەستان لە شەو و ڕۆژدا لە نێوان ئاو و وشکانیدا دەبێتە هۆی هەڵکردنی بای ناوچەیی ڕۆژانە, کاریش دەکاتە سەر کەشی ئەو ناوچانەی لە دەریاوە نزیکن, ئەمە لە دیاردەی وەرزە با دەچێت, بەڵام جیاوازی لەگەڵ ئەوەدا ئەوەیە, کە ئەم ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوەو، تەنها ناوچە کەنار دەریاکانیش دەگرێتەوە. واتا شنەی دەریا بەڕۆژ لەئاوەوە هەڵدەکاتە سەروشکانی. دەبێتە هۆی فێنککردنەوەی وشکانییەکانی نزیک دەریا.

بەڵام لەشەودا ئەم کردارە پێچەوانە دەبێتەوە, بۆیە شنەی وشکانی لە ڕووبەرە وشکانییەکانەوە هەڵدەکەنە سەر ڕووبەرە ئاویەکان دانیشتوان شارەکانی سەر دەریا وەکو(بەیروت ,ئەسکەندەرییە ) هەست بەم دیاردەیە دەکەن.

بڕوانە شێوەی ژمارە(٢١).

## ج- شنەی چیاو دۆڵ:

جیاوازی پەستان لەشەو وڕۆژدا لەنێوان بەرزاییەکان ونزماییەکان (چیاو دۆڵ) دەبێتە هەڵکردنی ئەم جۆرە بایە.لەشەودا ناوچە بەرزاییەکان پەستانیان بەرزە بۆیە با بەرەو دۆڵەکان هەڵدەکات ،بەو بایە دەگوترێت (شنەی چیا).بەڵام لەڕۆژدا لە دۆڵەکان پەستان بەرز دەبێتەوە بۆیە با بەرەو چیاکان هەڵدەکات بەو بایەش دەگوترێت (شنەی دۆڵ).




شێوەی ژمارە (٢١) شنەی دەریا وشنەی وشکانی.

## پێوانەکردنی با:

١ - پێوانەکردنی ئاراستەی با: بەهۆی دەزگایەکەوە دەپێورێت کە پێی دەگوترێت (باگێر). سەرنجی وێنەی (٢٥)بدە.

٢ - پێوانەکردنی خێرایی با: بەهۆی دەزگایەکەوە دەپێورێت کەپێی دەگوترێت (خێرایی پێو (ئەنیمۆمەتر). سەرنجی وێنەی (٢٦)بدە.

### زانیاری:

شەپۆڵەکان ئەو بایانەن کەلەسەر ڕوی و زەریا ودەریاکان هەڵدەکەن بۆ سەر کەناراوەکان و زۆر جار دەبێتە مەترسی بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچانە.

### تسۆنامی:

زاراوەیەکی ژاپۆنیە بەمانی شەپۆڵی کەناراوەکان دێت کە لەئەنجامی گڕکان و بومەلەرزە دروست دەبێ کە لەژێر دەریا و زەریاکاندا ڕوودەدات زۆرجار دەبێتە هۆی کارەسات بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە

### چالاکی

کیشانی نەخشەی گۆی زەوی،دیاریکردنی با گشتیەکان لەلایەن قوتابیان.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەكات :

١-شنەی دەریا لەچ کاتێك ڕوودەدات؟

٢- شنەی وشکانی لەچ کاتێك ڕوودەدات؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ئازیز ناوی دوو ناوچەی هەرێمی کوردستان بنوسە کەبای ڕۆژانەی لێیهەڵدەکات.




وێنەی ژمارە(٢٢)

خێرایی پێوی با(ئەنیمۆمەتر)

## وانەی دەیەم/

### ٤- شێ و داباڕین:

مەبەست لە شێ ئەوبڕە ئاوەیە کە لەناو بەرگە گازەکەدا هەیە جا بەهەر شێوەیەك بێت, هەڵمی ئاو, شل, ڕەق. مەبەستیش لەداباڕین هاتنە خوارەوەی ئەو بڕە هەڵمە ئاوەیە کەخەستبۆتەوە جا بەشێوەی باران بێت یان تەزرە یان بەفر.

### أ- مەرجەکانی خەست بوونەوەی داباڕین:

کەهەڵمی ئاو خەست دەبێتەوە ،واتە لە دۆخی گازییەوە دەگۆڕێت بۆ دۆخی شلی یان ڕەقی, ئەم شێوانەی وەردەگرێت: هەور, تەم, زوقم, شەونم.

بۆئەوەی کرداری خەست بوونەوە ڕووبدات دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە بێتەدی:

١- بوونی بڕێکی باش لە هەڵمی ئاو لە هەوادا.

٢- نزم بوونەوەی پلی گەرمی هەواکە تا ڕادەی چڕبوونەوە.

٣- بوونی بڕێك ناووکی ڕەق تا هەڵمە ئاوەکەی لەدەوری خەست دەبێتەوە .

جگە لە خەست بوونەوە دەبێت کرداری تریش ڕووبدات هەتا ئەو دڵۆپە ئاوە یان ئەو دەنکۆڵە ڕەقانە بکەونە سەر زەوی, کردارەکەش گەورەبوونە کە گەورە بوو ئیتر هەواکە ناتوانێت هەڵیبگرێت و دەکەوێتە سەر زەوی.

**زانیاری:**

بەهەڵم بوون ،گۆڕانی ئاوە لەشێوە ئاساییەکەی بۆ باری گازی،خەستبوونەوە ،گۆڕانی ئاوە لەباری گازییەکەی بۆ شێوە ئاساییەکەی.

### ب-جۆرەکانی باران:

- بارانی بەرزەڕۆ
- بارانی بەرزە هەرێم
- گەردەلولە باران

بەگوێرەی ئەورێگایەی پلەی گەرمی هەوا شێدارەکەی پێ نزم دەبێتەوە, باران دابەش دەبێت بۆ ئەو جۆرانە:

#### ١- بارانی بەرزەڕۆ:(التصاعدية):

ئەوبارانەیە کە لە ناوچە گەرمەکاندا دەبارێت, بەتایبەتی ناوچەکەمەرییەکان, هۆی بارینی ئەم جۆرە بارانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەوژمە هەواییانەی کەهەڵمی ئاوییان هەڵگرتوە بەرزدەبنەوە بۆ سەرەوە, بەبەرزبوونەوەی هەوا شێدارەکە پلەی گەرمییەکەی دادەبەزێت هەتا پلەی خەست بوونەوە, دواتر هەوری لێ دروست دەبێت و بارانی بە خوڕو لێزمەی لێدەبارێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٣).



وێنەی ژمارە (٢٣)
بارانی بەرزەڕۆ

## ٢- بارانی بەرزە هەرێم: (التضاريسية)


ئەوبایەی کە بڕێکی زۆر هەڵمی ئاوی هەڵگرتوە. کاتێك دەگاتە بەرزایی ناوچە شاخاوییەکان ناچار دەبێت بەرزببێتەوە, بەوە پلەی گەرمییەکەی دادەبەزێت و دواتر هەڵمە ئاوەکە خەست دەبێتەوە، پاشان دەبێتە باران بەسەر لوتکە و قەد پاڵەکاندا دەبارێت، لە دیوی ڕووبەڕووی بایەکەدا بارین زۆرتر دەبێت لەچاو ئەو دیوەی کەپێدەوترێت دیوی سێبەری باران. ئەم جۆرە بارانە لە ناوچە شاخاویەکاندا زۆرە وەك وڵاتی خۆمان.

بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٤).

## ٣- گەردەلوولە باران: (الاعصارية) :


ئەو بارانەیە کە لە گەردەلوولەوە پەیدا دەبێت، کاتێك بارستە هەواییەکی گەرم وشێدار دەگات بە بارستە هەواییەکی ساردو وشك ، لە ئەنجامدا گەرم و شێدارەکە بەرز دەبێتەوە بۆ سەرەوە ،چونکە سووکترە، بەوە پلەی گەرمییەکەی نزم دەبێتەوە ،دواتر خەست بوونەوە بارانی بەلێزمە ڕوودەدات .

بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٥).



وێنەی ژمارە (٢٤)

بارانی بەرزە هەرێم



وێنەی ژمارە (٢٥)

گەردەلوولە باران

## ج - پێوانەکردنی داباراین :

داباراین بە هەرشێوەیەك بێت (باران، بەفر، تەرزە) هەر بە شێوازی شلی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەگوترێت ئەوەندە میللیمەتریان ،ئەوەندە سانتیمەتر باریوە، ئەوەش بە گەلێ رێگا و دەزگای جیاواز پێوانە دەکرێ ، ساکارترینیان باران پێوە.

### چالاکی:

قوتابییان بە گروپ جیاوازی بکەن لە نێوان بارانی بەرزە هەرێم و بەرزەرۆ دواتر لە لایەن نوێنەر گروپەکان دەخوێندرێتەوە.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-مەرجەکانی خەستبونەوەی هەڵم چین؟

٢-جۆرەکانی داباراین؟

٣-جۆرەکانی باران؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بەبۆچونی خۆت بارانی هەرێمی کوردستان زیاتر لەکام جۆری بارانە؟




وێنەی ژمارە (٢٦)

(باران پێو) نیشان دەدات

## پرسیارەکانی بەندی سێیەم

پ١/ڕاست و هەڵەی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکە، هەڵەکانیش ڕاست بکەوە.

١ - بەتەنها بەرگە ئاوەکە، بەرگی زیندەگی پێك دێت.

٢ - دەریادە دەرەکیەکان کەوتوونەتە ناوکیشوەرەکان لەگەرووی تەنگەوە بەزەریاکان دەگەن.

٣ - با بەناوی ئەوشوێنەوە ناودەنرێت کەلێوەی هەڵدەکات

٤- دیوی سێبەری باران بارانی زۆرتری لێدەبارێ نەك دیوی ڕووبەڕووی بایەکە.

٥- هەتا هەوا پاک و خاوێن بێت تیشکی خۆرمان زۆرتر دەگاتێ.

پ٢/ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەوەڵامی گونجاو پڕ بکەرەوە.

١ -زەوی لەسێ بەرگ پێك هاتووە، کەئەمانەن: أ - ............

ب -............ جـ -............

٢- لەتێکەڵاوبوونی ئەم سێ بەرگەشدا بەرگێکی تر دروست دەبێت ئەویش ................یە.

٣ - گەورەترین زەریا............................بچوکترینیش.........................

٤ - مەرجەکانی خەست بوونەوەی هەڵمی ئاو بریتین لە:

أ - .................................... ب - ................................ جـ -- ..................................

پ٣/وەڵامی ڕاست بۆئەم پرسیارانەی لای خوارەوە هەڵبژێرە.

١ -بانی (دکن، تبت، نەجد)فراوانترین بانە لەجیهاندا.

٢ - دەریای (چین، قەزوین، ناوەڕاست)لەهەموو لایەکەوە بەووشکانی دەوەرە دراوە بەووشکانی ناگات.

٣ - خێرایی با بەئامێرێك دەپێورێت پێی دەوترێت (ئەنیمۆمەتر، باگیر).

٤ - (پلەی گەرمی، پەستانی هەوا، دابارین) بەگرنگترین ڕەگەزی ئاوو هەوا دادەنرێ.

پ٤/هۆی ئەم دیاردانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە.

١ - پلەی گەرمی بەڕەگەزی یەکەمی کەش وئاووهەوا دادەنرێت.

٢ - نزمی پەستانی هەوا لەناوچەکانی دەوروبەری هێڵی یەکسانی.

پ٥/جیاوازی چیە لەنێوان:

١ - کەش و ئاووهەوا.

٢ - دەریاو زەریا.





# بەندی چوارەم

# دانیشتوان

## ئامانجی فێربوون:

١-ئاشنا دەبێت بەچەمکی سەرژمێرکردن وئاماری دانیشتوان.

٢-هەڵسەنگاندن بۆگەشەسەندن وزۆربونی دانیشتوان دەکات.

٣-چری دانیشتوان دەزانێت.

٤-شیکردنەوە بۆ ئەو هۆکارانە دەکات کەکار لەدابەشبونی دانیشتوان دەکات.

-ئاشنا دەبێت بەو چالاکیانەی کەدانیشتوان ئەنجامی دەدەن.

## بەندی چوارەم

## وانەی یەکەم/ دانیشتوان

### پێشەکی:

لێکۆڵینەوەی دانیشتوان بایەخێکی گرنگی هەیە ،چونکە سەرچاوەی گشت ڕواڵەتە کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافی[1]، ئابووری، ڕامیارییەکانە، لە بەرئەوە لە دێرزەمانەوە زانایان و شارەزایان و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی و دەوڵەتانیش لیکۆڵینەوەی بەردەوام وجۆراوجۆریان دەربارەی کردوە.

دوای دووەم جەنگی جیهانی بە شێوەیەکی ئاشکرا ژمارەی دانیشتوان ڕوو لەهەڵكشان بووە ، ئەم ڕاستیەش لەئاماری سەرژمێری دانیشتوان دەردەكەوێت.

**زانیاری:**

بەپێی خەمڵاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی دانیشتوانی جیهان دوای دووەم جەنگی جیهانی ٢،٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠ ملیار کەس بوو،بەڵام لەساڵی ٢٠٠٠-زایینی گەیشتە ٧،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ ملیار کەس.

**سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان**
- سەرژمێریکردنی دانیشتوان
- ئاماری دانیشتوان

### أ- سەرژمێریکردنی دانیشتوان (التعداد العام للسكان) :

**سەرژمێری گشتی:** بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوە و ئامادەکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن وبڵاوکردنەوەی زانیارییە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەربارەی خەڵكانی وڵاتێك یان ناوچەیەکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا.

**-تایبەتمەندییەکانی سەرژمێریکردنی دانیشتوان:**

١- تۆمارکردنی ناو زانیاری کەسی بۆ هەموو کەس بێت ،بەبێ جیاوازی تەنانەت ئەو بیانیانەش بگرێتەوە کەلەوڵاتەکەدا دەژین .

٢- سەرژمێرەکە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە.

٣- کاتی دیاریکراو بۆ سەرژمێریکردن دادەنرێت بە شێوەی خولی کە (٥ - ١٠) ساڵا جارێك دەبێت.

**-گرنگی سەرژمێرییەکانی دانیشتوان:**

١- زانینی زانیاری دەربارەی ژمارەی دانیشتوان و دابەش بوونیان لە ناوچەی دیاریکراودا.

٢- زانینی زانیاری سەبارەت بە پەرەسەندن و گۆرانکارییە بەردەوامەکانی دانیشتوان، وەك (لە دایك بوون، مردن، کۆچکردن، ژن ومێردایەتی، جیابوونەوە .......... هتد ).

(١) دیمۆگرافیا: زانستی لێکۆڵینەوەی دانیشتوانە لەڕووی چەندایەتیەوە، ئەمەش بەهۆی ئامارە زیندەگیەکانی وەك(لەدایك بوون و مردن، کۆچ کردن)، هۆیەکانی کەم و زۆرکردنی دانیشتوان ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە دەردەخات.

## ب- ئاماری دانیشتوان (الاحصاء السكاني):

بریتییە لە توێژینەوەی زانستیانە سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان لە ڕووی گۆڕانكاری دیمۆگرافی ،ئابوری وكۆمەڵایەتی لەكاتێكی دیاری كراو بۆ سەرجەم دانیشتوانی وڵات .

### ((جیاوازی لە نێوان سەرژمێریكردن و ئاماری دانیشتوان)):

١- سەرژمێری دانیشتوان تایبەتمەندییەكانی كەسان دەگرێتەوە ، بەڵام ئامارەكانی دانیشتوان گۆڕانكارییە دیمۆگرافیەكان دەردەخات.

٢- سەرژمێرییەكان بە شێوەی خوولییە، بەڵام ئاماری دانیشتوانساڵانەیە.

-گرنگی سەرژمێرییەكان و ئاماریش لەوەدایە،بارودۆخی دانیشتوان لە پێكهاتە و گەشەكردن و گۆڕانكارییە دیمۆگرافی وكۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان دیاری دەكەن، لە بەر ئەوە دەوڵەتە پێشكەوتووەكان هەوڵیان داوە پلانی زانستی و ڕامیاری گونجاو دابنێن بۆ دانیشتوان بۆ ئەوەی هاوسەنگی بكەن و سنور بۆ زۆربوونی دانیشتوان دابنێن بۆ ئەوەی لەگەڵ

ئەو دەرامەتە سروشتی و مرۆییانەش بگونجێ كە بە دەست دەهێنرێت .

### زانیاریەكانم بەهێز دەكەم:

لەوڵاتی عێراق هەر دەساڵ جارێك سەرژمێری گشتی دانیشتوان ئەنجام دەدرێت ،تاكو ئێستا ٥ سەرژمێری گشتی ئەنجام دراوە.یەكەمیان ساڵی ١٩٤٧-زبوو وادواهەمینیان ساڵی ١٩٨٧-ز بوو.

### چالاكی:

مامۆستا قوتابیان دەكاتە دوو گرووپ ،هەر گرۆپێك باس لەسەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەی دانیشتوان دەكات.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەكات :

١-لێكۆڵینەوەی دانیشتوان گرنگی زۆری هەیە؟

٢- مەبەست چیە لەسەرژمێركردنی دانیشتوان؟

٤-مەبەست چیە لەئاماری دانیشتوان؟

### چالاكی ماڵەوە:

قوتابی ئازیز بەبۆچونی خۆت بەراوردێك بكە لەنێوان سەرژمێریكردن وئاماری دانیشتوان.

## وانەی دووەم/

# گەشەسەندن و زۆربوونی دانیشتوان

زۆربوونی سروشتی — زۆربوونی ناسروشتی

**گەشەسەندن:** بریتییە لە زۆربوونی دانیشتوان كە لە نێوان دوو سەرژمێری زانراودا دەردەكەوێت و ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازی نێوان ژمارەی لە دایكبوون و ژمارەی مردوان و كۆچ كەرانەوە پەیدا دەبێت ... گەشە سەندنیش دوو جۆرە .

### أ- زۆربوونی سروشتی:

بریتییە لە جیاوازی نێوان ژمارەی لە دایكبوون و لە گەڵ ژمارەی مردوان لە ماوەیەكی دیاری كراودا و لە ناوچەیەكی دیاریكراودا .

واتە كاتێك ڕوودەدات كە ژمارەی لە دایكبوون زیاتر بێت لە ژمارەی مردوان لە ناوچەیەكدا یان لە وڵاتێكدا .

زۆربوونی سروشتی = (ژمارەی لە دایكبوون _ ژمارەی مردن) .زۆربوونی سروشتی ساڵانە لە وڵاتانی جیهاندا ڕوو لەهەڵكشانە بە تایبەتی لە

وڵاتە گەشندەكان لە كیشوەرەكانی (ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریكای لاتین) وەك وڵاتانی: (هندستان و بەنگلادیش)، لە وڵاتانی پێشكەوتووی پیشەسازی وەك خۆرئاوای ئەوروپاو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ژمارەی دانیشتوان زۆرنییە بەهۆی دیاری كردنی وەچەخستنەوە وسنورردانان بۆ زۆربوون .

**زانیاری:**

وڵاتە گەشندەكان ،ئەو وڵاتانەن كەلەسەرەتایی پێشكەوتندان بۆ ودەست خستنی كەلوپەلەكانیان پشت بە وڵاتە پێشكەوتووەكان دەبەستن،وەك عێراق. وڵاتە پێشكەوتووەكان ،ئەو وڵاتانەن كەلەڕوی زانست وتەكنەلۆجیا پێشكەتوون،وەك ژاپۆن.

### ب- زۆربوونی ناسروشتی:

ئەم جۆرە زۆربوونە لە ئەنجامی جیاوازی لە نێوان لە دایكبوون و مردن پەیدا نابێت، بەڵكو بەهۆی هاتنە ناوەوەی كۆچبەرانەوەیە بۆ ناو وڵات.

## چڕی دانیشتوان :

بریتیە لە دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەیەکدا بەسەر ڕووبەری ئەو زەویەدا کە لە سەری دەژین.

چڕی دانیشتوان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترو لە کیشوەرێکەوە بۆ کێشوەرێکی تر جیاوازە، بەهۆی جیاوازی بارودۆخی سروشتی و جوگرافی و چالاکییە مرۆڤیەکانی وەك (ئابووری، شارستانی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری). بروانە خشتەی ژمارە (٤) چڕی دانیشتوان بە گوێرەی کیشوەرەکانی جیهان دەردەخات لەساڵی ٢٠٢٠-ز .

| کیشوەر | چڕی کەس/کم ٢ |
|---|---|
| ئاسیا | ١٠٦ |
| ئەوروپا | ٧٤ |
| ئەفریقیا | ٤٣ |
| ئەمەریکای باشور | ٤١ |
| ئەمەریکای باکور | ١٧ |
| ئوستراليا | ٥ |
| جیهان بەگشتی | ٤٦ |
| عێراق | ٩١ |
| هەرێمی کوردستانی عێراق | ٦٦ |

خشتەی ژمارە(٤) چڕی دانیشتوان لەجیهاندا.

تێبینی: ئەم خشتە تەنها بۆ زانیاریە نەوەك بۆ لەبەرکردن.

## وانەی سێیەم/جۆرەکانی چڕی:

### چڕی دانیشتوان بۆ ئەم بەشانە دابەش دەکرێ:

١- **چڕی گشتی:** بریتیە لە دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتێك یان ناوچەیەك بەگشتی بەسەر ڕووبەری گشتی وڵات یان ناوچەکەدا.

٢- **چڕی کشتوکاڵی:** بریتیە لە دابەش کردنی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەك یا وڵاتێك بەسەر ڕووبەری کشتوکاڵیدا.

٣- **چڕی ئابووری:** بریتییە لەدابەشکردنی ژمارەی دانیشتوان بەسەر کۆی داهاتی وڵات.ئەم چڕییەگونجاوترینیانە ،بۆ زانینی باری ئابووری و پیشەکانی تری مرۆڤ و بە شێوەیەکی ڕوونتر زۆر و کەمی چڕی دیاری دەکات.

### ناوچەکانی چڕی دانیشتوان لەجیهاندا

**ناوچە چڕەکان**

**ناوچە ناوەندە چڕەکان**

**ناوچە کەم چڕەکان**

١- ناوچە زۆرچڕەکان: چڕی دانیشتوان لەم ناوچانەدا زیاترە لە (٧٠ کەس/کم٢) وەکو باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا, خۆرئاوای ئەوروپا .ئەمەش بەهۆی زۆری چالاکی کشتوکاڵ و پیشەسازی و چالاکی تر .

٢- ناوچەناوەندە چڕەکان: ئەو ناوچانەی جیهان دەگرێتەوە کەچڕیان لە ( ١٠ - ٧٠ کەس/کم٢) وەك (ئوسترالیا, هەرێمی کوردستان).

٣- ناوچە کەم چڕەکان : ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە چڕی دانیشتوان تیایدا زۆر دەگمەنە وە کەمتر لە دە کەس لەسەر کیلۆمەترێکی چوار گۆشە, لەبەر سەختی بارودۆخی نیشتەجێ بوون لەو ناوچانەدا لەبەر ئەم هۆیانە :

أ- ناوچەی بیابانی وشك و بێ ئاو و گەرم وەك بیابانی نیمچە دورگەی عەرەب و بیابانی گەورەی ئەفریقا.

ب - ناوچە زۆر ساردەکانی هەردوو جەمسەری باکور و باشوری زەوی.

جـ- ناوچەی بەرزایی چیاکان وەك هیمالایا لە ئاسیا.

د- ناوچە زۆر گەرم وشێدارەکان وەك لە دارستانەکانی ئاوزێلی ئەمەزۆن .

**چالاکی:**

مامۆستا قوتابیان دەکاتە دوو گرۆپ،گرۆپێکیان باس لە(زۆربونی سروشتی )دەکات ،ئەوی دیکە باس لە(زۆربونی نا سروشتی) دەکات.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١- مەبەست چیە لەزۆربونی سروشتی؟

٢- مەبەست چیە زۆربونی نا سروشتی؟

٣- مەبەست چیە چڕی دانیشتوان ؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز ئەگەر ڕوبەری هەرێمی کوردستان ٩٠٠٠٠ کم بێت وژمارەی دانیشتوانی ٧ ملیۆن کەس بێت ،چڕی گشتی دانیشتوانی هەرێم چەندە؟

## وانەی چوارەم/دابەش بوونی دانیشتوان

بەپێی دوا ئامارەکان دانیشتوانی جیهان لەساڵی ٢٠٢١ -ز نزیکە ی٧,٨٥٦,٠٠٠,٠٠٠ ملیار کەسە،ئەم دانیشتوانە بە جۆرێکی یەکسان بە سەر ڕووبەری زەویدا دابەش نین، چونکە وا دادەنرێت کە نزیکەی (٥٠٪) دانیشتوانی جیهان لە سەر ڕووبەرێك دەژین کە لە (٥٪) کۆی ڕووبەری وشکانی تێ ناپەڕێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وشکانی گۆی زەوی لە چەند بەشێکدا ئاوەدانەو لە بەشەکانی تریدا چۆڵە یان نیمچە چۆڵە.

### ئەو هۆیانەی کار لە دابەشبوونی دانیشتوان دەکەن:

لەوەو پێش باسمان کرد کە لە دابەشبوونی دانیشتوان لە جیهاندا جیاوازی هەیە، ئەم جیاوازیەش لە ئەنجامی کارتێکردنی هۆیە سروشتی و مرۆڤییەکانەوە پەیدا بووە.



وێنەی ژمارە (٢٧) گوندێکی ئەسیکمۆ

## یەكەم: هۆكارە سروشتییەكان :

**١- ئاوو هەوا:** ڕەگەزەكانی ئاوو هەوا كاردەكەنە سەردابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچە جیاوازەكانی جیهان. بەرزی پلەكانی گەرمی كار دەكاتە سەر كەمبوونەوەی دانیشتوان, بۆنموونەلە بیابانی گەورەی ئەفریقیا پلەی گەرمی لە وەرزی هاوین دەگاتە نزیكەی ٥٠ سەدی، یان بە پێچەوانەوە نزمی پلەكانی گەرمی كار لە كەمبوونەوەی دانیشتوان دەكات وەك ناوچەی (سیبریا) لەئاسیا لە زستاندا پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە تا چەند پلەیەك لەژێر سفری سەدی.

هەروەها باران بارین لە ڕووی زۆر و كەمی كارلەدابەشبوونی دانیشتوان دەكات، وەك زۆری باران لە ناوچەكانی هێڵی یەكسانی , ناوچە كەم بارانەكانیش وەك بیابانە گەرم و وشكەكان لە ئەفریقیا .

**٢- بەرزو نزمی ڕووی زەوی:** دەشتەكان لەبەر ئاسانی هاتووچۆو چالاكیەكانی مرۆڤ بوونەتە مەڵبەندی كۆبوونەوەی دانیشتوان، وەك دەشتی لیتەیی عێراق و دەشتی (هەولێر و شارەزوور و بیتوێن).

بەرزایی چیاكان هۆیەكی ترن لە كەمكردنەوەی دانیشتوان لەبەر سەختی زەوییەكانیان وكەمی ڕووبەری كشتوكاڵی وەك چیاكانی (حەسارۆست )لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

**٣- جۆری خاك:** ئەو ناوچانەی خاكەكانیان بە پیتە چڕی دانیشتوان زۆرە, وەك خاكی دەشتی (سەند و كەنج ) لەئاسیاو دەشتی (شارەزوور و پشدەر) ،بەڵام خاكی بێپیت دانیشتوانی كەمە.

**٤- سەرچاوەكانی ئاو:** كۆبوونەوەی دانیشتوان و زۆریان بەندە بە بوونی سەرچاوە ئاوییەكانی وەك, ڕووبار, دەریاچە, بیرو كانیاو , چونكە ئەم سەرچاوانە سودیان بۆ كاری كشتوكاڵی و ئاژەڵداری و پیشەسازی و چالاكی تر لێوەردەگرن، بە پێچەوانەوە ناوچەی بیابانەكان دانیشتوانیان كەمە.

**٥- سامانی كانزا :** سامانە كانزاییەكان ڕۆڵیان هەیە لەسەر دابەشبوون و كۆكردنەوەی دانیشتوان ئەمەش بۆ دەرهێنان و كانزاكردن و ئیشكردن لە كارگەكاندا، سەرچاوەكانی وزە وەك نەوت كە دەبنە هۆی كۆكردنەوەی دانیشتوان لە وڵاتانی عەرەبدا لە زۆر شوێنی بیابانەكاندا . یان ئاسن لە ناوچەساردەكانی سوید و نەرویج).

## دووەم: هۆکارە مرۆییەکان:

### ١- تێکڕای لە دایك بوون و مردن :

تێکڕای گەشەسەندنی دانیشتوان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ئەمەش لە تێکڕاییەکانی لە دایك بوون و مردندا بە دەردەکەوێت .بە جیاوازی کاردەکەنە سەر زۆر و کەمی دانیشتوان لە ئاستی وڵاتان یان ناوچەکانی جیهاندا, تا ڕادەیەك باری ڕۆشنبیری و شارستانی سنوور بۆ زۆربوونی دانیشتوان دادەنێت, هەروەها زوو یان درەنگ پێکەوەنانی خێزان و هۆکارە ئاینییەکانیش کاریگەریان لەسەر تێکرای زیادبوون هەیە .

### ٢- کۆچکردن:

| کۆچکردنی دەرەکی | کۆچکردنی ناوخۆ |
|---|---|

**کۆچکردن:** بریتیە لە جووڵانی دانیشتوان لە ناوچەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بە مەبەستی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونەکەیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا،

### أ- کۆچکردنی دەرەکی:

کۆچی دەرەکی بەکۆچی دانیشتوانی وڵاتێك دەگوترێت کەسنوری نێودەوڵەتی وڵاتەکەی خۆیان ببرن بۆ ناووڵاتێکی تر.بەهۆی باری ڕامیاری و ئابووری و جیاوازی گەلانەوە ئەم کۆچ کردنە دەگۆرێ, ژمارەی زۆر و کەمیان وەك

عێراقیەکان بۆ دەرەوەی سنور یان ئەفریقیەکان بۆ ئەوروپا و ئەمریکای باکورو کۆچی کورد بۆ کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور و ئوستراليا.

### ب- کۆچکردنی ناوخۆ :

جوڵانی دانیشتوانی وڵاتێکە لەشارێکەوە بۆ شارێکی دیکەی ناو هەمان وڵات، یان لەلادێوە بۆ شار.

ئەم کۆچ کردنە بە هۆی چالاکی ئابووری, کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ڕوودەدات, وەك کۆچی دانیشتوانی وڵاتە گەشەسەندووەکان لە گوندەکانیانەوە بۆ شارەکان, بە تایبەت بەهۆی گەشەسەندنی پیشەسازیەوە لە شارەکاندا وەکو کۆچی گوندەکانی باشوری عێراق بۆ شاری بەغدادی پایتەخت.

**زانیاری:**

لەساڵی ٢٠١٨ ڕێژەی شارنشینەکان لە عێراق ٧٠٪ کۆی دانیشتوان بوو بەڵام لادێ نشینەکان ڕێژەیان ٣٠٪ بوو.

## ٣- پیشە باوەکان:

پەیوەندی لە نێوان چڕی دانیشتوان و پیشە باوەکاندا هەیە, بە پێی پیشەکان لە ڕاوکردنەوە بۆ پیشەی لەوەڕاندان و کشتوکاڵ و پیشەسازی, لە پیشەی پیشەسازیدا دەگاتە ئەوپەڕی بەهۆی جۆری پیشەکەو ژمارەی ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن، بۆ نموونە پیشەی ڕاوەشکار تەنها دەتوانێت ژمارەیەکی دیاری کراو لە دانیشتوان بژێنێت واتە چڕی زۆر کەمە, بەڵام پیشەسازی دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان لەدەوری خۆی کۆکاتەوە.

## ٤- ڕێگاکانی گواستنەوە:

ڕێگاکانی گواستنەوە کاریگەریان لەسەر زۆر و کەمی و کۆکردنەوەی دانیشتواندا هەیە.

ئەو مەڵبەندانەی دەبنە بازاڕی ساغکردنەوەی کەلوپەل وکاڵاکان دانیشتوان تێیاندا چڕ دەبێت وەك شارەکانی لەندەن و هامبۆرگ .

چەند هۆکارێکی دیکەش هەن کار دەکەنە سەر دابەشبوونی دانیشتوان, وەك هۆکاری ئایینی لە شارەکانی کەربەلا و نەجەف لەعێراق ،مەککەو مەدینە لەسعودیە, هۆکاری کارگێڕی وەك شاری بەغداد وهەولێر, یان هۆکاری گەشت و گوزار لە کوردستاندا و کاریگەریان لەسەر کۆبوونەوەی دانیشتوان وەك شەقڵاوە, سەرچنار, وە هۆی مێژووش لە شارەکانی وەك هەولێر و بابل دا بە دەردەکەوێت .

### زانیاری:

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەڕوی پێکهاتەی نەتەوایەتی پێکدێت لەنەتەوەکانی( کورد، تورکمان، کلدو سریان وئاشور،عەرەب).

### چالاکی:

مامۆستای بابەت پۆلەکە دەکاتە چەند گروپێك،هەر گروپێك باس لەهۆکارێك دەکات کەکار لەدابەشبونی دانیشتوان دەکات.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-مەبەست چیە لەکۆچکردنی ناوخۆ؟

٢- مەبەست چیە لەکۆچکردنی دەرەکی؟

### چالاکی ماڵەوە:

مامۆستای بابەت پۆلەکە دەکاتە چەند گروپێك،هەر گروپێك باس لەخاڵێك دەکات کەدەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێکەوە ژیان لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی وئایینەکانی هەرێمی کوردستان.

## وانەی پێنجەم/ چالاکی ئابووری دانیشتوان

ئەو چالاکییەیە کە مرۆڤ بە هۆیەوە پێویستییەکانی ژیانی دەستدەکەوێت. ئەو ڕێگایانەی کە مرۆڤ بە هۆیانەوە پێویستی وداواکارییەکانی ژیانی جێبەجێدەکات جیاوازن لە چاخە جیاوازەکاندا هەتا وەکو ئێستاش پەرەیان سەندووە لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەتدا گەشەیان کردووە.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا, دابەشکردنی هێزی کارمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنچینەی پیشەکان.( بڕوانە خشتەی ژمارە (٥)).

| هێزی کار | ڕێژەی سەدی لەکۆی هێزی کار |
|---|---|
| کشتوکاڵ | ٪٣٠ |
| پیشەسازی | ٪٢٣ |
| بازرگانی وگواستنەوە | ٪٢٠ |
| کارگوزاری (خزمەتگوزاری) | ٪٢٧ |
| | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٥)

دابەش کردنی ڕێژەی هێزی کار بەپێی پیشەکان لەجیهاندا.

تێبینی: ئەم خشتە تەنها بۆ زانیاریەنەوەك بۆ لەبەرکردن.

**زانیاری:**

کەرتی کشتوکاڵ هەموو بوارەکانی (بەروبومی ڕوەکی ،ئاژەڵی، دارستان وڕاوکردن )دەگرێتەوە. کەرتی کارگوزاری بوارەکانی (تەندروستی ، فێرکردن وئاووکارەبا..........) دەگرێتەوە.

### گرنگترین پیشەکانی مرۆڤ بە پێی قوناغە مێژوویەکان تا ئێستا پەیرەو دەکرێت ئەمانەن:

١- پیشەی کۆکردنەوەو هەڵگرتنەوە.

٢- پیشەی ڕاوشکار.

٣- پیشەی شوانکارەیی (لەوەڕاندن).

٤- پیشەی کشتوکاڵ.

٥- پیشەی کانزاکردن.

٦- پیشەی بیشەسازی.

٧- پیشەی گواستنەوەو بازرگانی.

٨- پیشەی کارگوزاری (خزمەتگوزاری).

٩-پیشەی گەشتوگوزار.

### ١- پیشەی کۆکردنەوەو هەڵگرتنەوە:

ئاسانترین و کۆنترین جۆرەکانی پیشەن کە مرۆڤی سەرەتایی پێوەیان خەریکبووە بریتیبووە لە کۆکردنەوەی بەروبومی سروشتی ڕووەکەکان، ئەم پیشەیە تایبەتە بە کۆمەڵە سەرەتاییەکان وەك کورتە باڵاکان لە دارستانەکانی کونگۆ لە ناوەڕاستی ئەفریقیا کەتائێستا بەردەوامن.

### ٢- پیشەی ڕاوشکار:

**ئەم پیشەیە دوو جۆرە:**

#### أ- ڕاوی سەر وشکانی:

بریتیە لە ڕاوکردنی گیانەوەرەکانی سەر ووشکانی لەنێو کیشوەرەکاندابە هۆی ئامرازو چەکی جۆراو جۆرەوە دەکرێت.

ئەم جۆرە پیشەیە بەرەو کەمبونەوەو نەمان دەچێت وە ژمارەی ڕاوچیان لەم جۆرە کارەدا کەم دەبێتەوە، تەنها ڕاوچیەکانی وەك ئەسکیمۆکان لە ئالاسکا لە باکوری ئەمریکای باکورو و گرینلاند ڕاوی گیانەوەری وەك کاریبۆ وئاسکی ڕەنە.

#### ب- ڕاوی دەریایی:

زەریاو دەریاو ڕووبارو دەریاچەکان بواری ڕاوی دەریاییان بۆ مرۆڤ ڕەخساندووە لێیەوە داهات و سەرچاوەی خۆراکی لێدەست دەکەوێت، وەك ڕاوی ماسی و نەهەنگ وگوێرەکەی دەریا ، کۆمپانیا جیهانیەکان ئامێری نوێی ڕاوکردنیان داهێناوەبو ڕاوی دەریایی وەك لە وولاتی ژاپۆن و ئایسلەندا دەکرێت.

**زانیاری:**

ئەسکیمۆ گەلێکن لەنزیك ناوچەی جەمسەری باکور دەژین لەنێوان ئالاسکاو کەنەدا،سەرچاوەی ژیانیان لەسەر ڕاوکردنی ئاژەڵ و ماسییە.

### ٣- پیشەی شوانکارەیی (لەوەڕاندن):

ئەم پیشەیە لەم شوێنانە باوە کە هەلومەرجی ژینگەی سروشتی لە ڕووی ئاوو هەواوە لەبارە وگژوگیای کورتو درێژی تێدا گەشە دەکات کەوەکو لەوەڕگایەکی ئالیك سودی لێوەلردەگیرێت.

### ٤- پیشەی کشتوکاڵ:

کشتوکاڵ ئەو ڕەنجەیە کە مرۆڤ توانای خۆی تێدا تەرخان دەکات و لە بەکارهێنانی زەوی تاوەکو لەڕێی زۆرکردنی بەرهەمی ڕوەك و ئاژەڵەوە سامانی دەست بکەوێت پێداویستیەکانی لەخۆراك و پۆشاك پێ دابین بکات.

کشتوکاڵ بە بەردی بناغەی ژیانی ئابووری شارستانیەتی دانیشتوان دادەنرێت ،هەرێمی کوردستانی عێراق بە یەکەم مەڵبەندی کشتوکاڵ دادەنرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ، گوندی (بێستانەسور) لەدەشتی شارەزوور لە پارێزگای سلێمانی وگوندی (چەرمۆ) لە پارێزگای کەرکوك نزیك چەمچەماڵ بە کۆنترین گوندی کشتوکاڵی دادەنرێت.

**زانیاری:**

هاوشان لەگەڵ گوندی (چەرمۆ)،جوتیارانی گوندی (نەمرکێ) لەباشوری شارۆچکەی (فایدە) ی ئێستا لەپارێزگای دهۆك بەشێکبوون لەوشارستانیە.

**دوو جۆر شێوازی کشتوکاڵ کردن هەیە:**

(شێوازی سەرەتایی و شێوازی بازرگانی)

ئەم پیشەیە ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتوان لەخۆدەگرێت.

کشتوکاڵ تەنها بەرهەم هێنانی بەرو بوومی رووەکی نیە بەڵکو بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵیش دەگرێتەوە.هەندێکێش لەو کەرەستانە دەچنە بواری پیشەسازیەوە وەك لۆکەو کەتان.

**٥- کانزاکاری:**

مەبەست لە کانزاکاری دەرهێنانی سامانە سروشتیەکانی سەر زەوی یان ژێرزەویە بە هەموو شێوازەکانیەوە (شل، رەق، گاز) ئەم پیشەیە پێویستی بە شارەزایی هونەری و سەرمایە هەیە لە دەرهێناندا.

**کانزا دوو جۆرن:**

١- کانزا فلزیەکان (میتاڵەکان) وەکو ئاسن و مس.

٢- کانزا نافلزیەکان (نامیتاڵەکان) وەك فوسفات، وگۆگرد، و خوێیەکان.

پیشەی کانزاکاری لەگشت ناوچەکانی سەر رووی زەوی هەیە لە ناوچەی جۆراو جۆری ساردو فینك و گەرم و چڕ یان کەم دانیشتواندا.

لەم پیشەیەدا زۆرو کەمی دانیشتوان رۆڵی سەرەکی نابینێت بە رادەی پێشکەوتنی دەوڵەتان لە بواری ئامێرو تەکنەلۆژیا نوێدا کە لەم پیشەییەدا بەکاردەهێنریت.

وڵاتانی پێشکەوتوو لەم پیشەییەدا وەك وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا وڵاتانی ئەسکەندەنافیا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ژاپۆن.

## ٦- پیشەسازی:

پیشەسازی بریتیە لە گۆڕینی کەرستە سەرەتایەکان (ئاژەڵی، کشتوکاڵی، کانزایی) لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر کە سوودی زۆرتربێت بۆ مرۆڤ.

بۆ نمونە گۆڕینی لۆکە بۆ قوماشی چنراو یان ئاسنی خاو بۆ ماشێن (مەکینە) و ئامێر وە یان شیر بۆ کەرەو پەنیر قەیماغ، پیشەسازیش دوو جۆرە:

أ- پیشەسازی کۆن کە بە پیشەسازی دەستی ناسراوە.

ب- پیشەسازی نوێ کە بەهۆی ئامێرو تەکنەلۆجیاوە دەکرێت.

پیشەسازی ڕۆڵی زۆر گرنگی گێراوە لە گۆڕینی ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنی باری ئابووری و شارستانی و کومەڵایەتی ڕولی سەرەکی هەبووە لە گۆڕانی ژیانی مرۆڤ.

نمونەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری پیشەسازیدا وەك وڵاتانی خۆرئاوای ئەورووپاو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو ژاپۆن.

## ٧- گواستنەوەو بازرگانی:

مەبەست لە گواستنەوە، گواستنەوەی کەلو پەلی خەڵکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەوە کە لە بواری تەکنەلۆجیاو داهێنە نوێەکاندا ڕوویداوە کاریان کردۆتە سەر گەشەکردن و فراوانی جۆری ڕێگاکان و خێرایی گواستنەوە لە ڕێگای ووشکانی و ئاوی و ئاسمانییەوە، بۆیە ژمارەی کارکەران لەم پیشەیەدا بەرەو زۆربوون دەڕوات .

بازرگانی....بریتیە لە گواستنەوەی شتومەکو کەرستەی خاو و دروستکراو لە ناوچەیەکەوە بو ناوچەیەکی تر ڕوو دەدات. بازرگانیش دوو جۆرە:

(بازرگانی ناوخۆ و بازرگانی دەرەوە).

بازرگانی ناوخۆ لە ناو سنووری جوگرافی وڵاتێکدا دەکرێت ،بەڵام بازرگانی دەرەوە گواستنەوەی شتومەك لە وڵاتیکەوە بۆ وڵاتێکی تر.

بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە لە بواری بازرگانی و گواستنەوەدا ڕوو دەدات چەند مەڵبەندێکی بازرگانی لە جیهاندا پەیدا بوون و ژمارەیەکی

زۆر دانیشتوانیان تێدا کۆبونەتەوە وەك شارەکانی نیویۆرك و لەندەن و هامبۆرگ و بۆمبای و شەنگە های.

### ٨- كارگوزاری (خزمەتگوزاری):

کارگوزاری زۆر بواری ژیانی مرۆڤ دەکرێتەوە وەك كارگوزاریەکانی تەندروستی و فێرکردن و ئاو و کارەبا....ئەم کارگوزاریانە لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ لە ڕووی شارستانیەوە گەشەیان کردووە تا بوون بە پیشەیەکی تایبەت و ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە کارگەران لەم بوارە کارگوزاریەنەدا کاردەکەن.

### ٩-گەشت و گوزار :

بە چالاکیەکی ئابوری گرینگ دادەنرێت، چونکە دەبێتە سەرچاوەی داهات و ژمارەیەك ئیشکەران پێوەی خەریکن.ئەو وڵاتانەی کە دەوڵەمەندن بە توانا سروشتی و مرۆییەکان سەرنجی خەڵك رادەکێشن بۆ گەشت کردن، وەك وڵاتانی تورکیا و میسر.

**چالاکی:**

مامۆستای بەڕێز بەرێگەی نەخشەی چەمکەکان،پیشەکانی مرۆڤ بەبەتاڵی لەسەر تەختە بکێشە،داوا لەقوتابیان بکە بەپێی قۆناغە مێژوویەکان بازنە بەتاڵەکان پڕبکەنەوە.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستاچەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-کۆنترین پیشە کەمرۆڤ ئەنجامی داوە؟

٢-بەگشتی کانزاکان چەند جۆرن؟

٣-گەشت وگوزار چالاکیەکی ئابوری گرنکە؟

**چالاکی ماڵەوە:**

مامۆستا قوتابیانی پۆلەکە دەکاتە چەند گرۆپێك هەر یەك لەمانە باس لەو توانا سروشتی و مرۆییانە دەکات کە هەرێمی کوردستان هەیەتی کە دەتوانرێ وەك ناوچەیەکی گەشتوگوزار سوودی لێ وەربگیرێ.

## پرسیارەکانی بەندی چوارەم

پ١/ڕاست و هەڵەی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکەو هەڵەکانیش ڕاست بکەرەوە.

١- زۆربوونی ناسروشتی لەئەنجامی لەدایك بوون و مردن پەیدا دەبێت.

٢-کیشوەرەکانی جیهانی کۆن(ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقیا)لە ١٥٪ دانیشتوانی جیهان دەگرێتەوە.

٣- دانیشتوانی ناوچەکانی جیهاندا چڕیان وەك یەکە.

پ٢/ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەووشەی گونجاو پڕ بکەرەوە.

١- پیشەی ڕاووشکار دوو جۆرە: أ- ............................ ب- .....................

٢- کۆچ کردن دوو جۆرە: أ- ............................ ب-.....................

٣- بازرگانی دوو جۆری هەیە: أ- ............................ ب- ...................

پ٣/پێناسەی ئەمان بکە

١- کۆچ کردن. ٢- چڕی دانیشتوان. ٣- گەشەسەندنی دانیشتوان. ٤- گەشتوگوزار.

پ٤/هۆی ئەمانە ڕوون بکەرەوە.

١-پیشەی کشتوکاڵ بەگرینگترین چالاکیە ئابوریەکان دادەنرێت.

٢- سەرچاوەکانی ئاو کار لەزۆرو کەمی دانیشتوان دەکات.

٣-لەپیشەسازی کانزاکاریدا زۆرو کەمی دانیشتوان ڕۆڵی سەرەکی نابینێت.

٤-گەشتوگوزار بەپیشەیەکی گرینگ دادەنرێت.

## سەرچاوەی نەخشەکان

١-ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق - عێراق و جیهان) وەزارەتی پەروەردە،
ئامادەکردنی: د.هاشم یاسین حداد و سردار محمد عبدالرحمن.
٢-ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق - عێراق و جیهان) وەزارەتی پەروەردە،
ئامادەکردنی: د.هاشم یاسین حداد و سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠٠٩.
٣- ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان - بەرگی یەکەم - بەشی دووەم
ئامادەکردنی: سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠١٢.
٤- ئەتڵەسی سیاسی هەریمی کوردستان - فەرید ئەسەسەرد،
ئامادەکردنی: سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠١٠.
٥- ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر
ئامادەکردن و دانانی: سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠١٠.


"ئاو
سەرچاوەی
ژیانە."

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

ژمارەی سپاردن ( ٥٥٠ ) ساڵی ٢٠٠٥

تیراژ (          ) دانە

نرخ (          ) دینار

چاپی شانزەهەم    ٢٠٢٢ زاینی    ٢٧٢٢ کوردی    ١٤٤٣ کۆچی